# لێپرسراوێتی و خۆشگوزەرانی هاوبەش

پرۆگرامی پارتی سۆسیال دیموکراتی

فنلەندی لەمەڕ ئایندەی خۆشگوزەرانی،

پەسندکراوی چلەمین کۆنگرەی حزب

**و: لەئینگلیزییەوە: کارزان کاوسێن**


مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)

سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١

کۆلانی ـ ٤٤

ژ.خانوو ـ ١



www.hoshyari.org

govarynovin@yahoo.com



* **ناوی کتێب:** لێپرسراوێتی وخۆشگوزەرانی هاوبەش

* **وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:** کارزان کاوسێن

* **نەخشەسازیو بەرگ:** فەهمی جەلال

* **تایپ:** نوسەر

* **تیراژ:** ٢٥٠٠ دانە

* **چاپی یەکەم:** سلێمانی ٢٠٠٨

* **ژمارەی سپاردن:** (٢٠١٦) ی ساڵی ٢٠٠٨ ی وەزارەتی رۆشنبیری

* **ژمارەی زنجیرە:** (٢٦٥)

* **چاپ:** دەزگای چاپو پەخشی حەمدی

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک). ساڵی ٢٠٠٨

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# پێڕست


| بابەتەکان | لاپەرە |
| --- | --- |
| ئەم زنجیرەیە بۆچی؟ ..................................................................... | ٥ |
| لێپرسراوێتی هاوبەش و خۆشگوزەرانی فنلەندە .......................... | ٨ |
| خۆشگوزەرانی پێویستی بە گەشەسەندنە .................................. | ٢٧ |
| ژیانێکی شایستەی کار ............................................................ | ٣٦ |
| خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی لە هەموو تەمەنەکاندا ......................... | ٥١ |
| هەلە یەکسانەکان بۆ ژیانێکی باش ........................................... | ٦٨ |
| بەرەو بونیادێکی کارای شارەوانیەکان ......................................... | ٨٧ |
| خزمەتگوزارییە گشتیەکان خۆشگوزەرانی مسۆگەر دەکەن ............ | ٩٨ |
| بەرەو خۆشگوزەرانییەکی هەمەگیر ............................................. | ١١٢ |




مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## ئەم زنجیرەیە بۆچی؟

بیری سۆسیال دیموکرات، ئەمڕۆ لەسەرانسەری جیهاندا، زۆرترین جەماوەرو لایەنگری هەیەو بەباشترین ڕێگە بۆ پرۆسەی نوێبوونەوەو ئاشتیانەی کۆمەڵو دادپەروەری کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ک) بەم زنجیرە لێکۆڵینەوەیە، دەیەوێت، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەم بیروباوەڕە ئاشنا بکات.

ئێمە ئێستا بەرەو کۆنگرەی سێیەم دەچینو دەمانەوێت پێش بەستنی کۆنگرە دەرگای لێدوانو دیالۆگ لەسەر بیری یەکێتی بخرێتە سەر پشت. سەرەتا بەبڵاوکردنەوەی زنجیرەیەک کتێبو نامیلکە دەست پێدەکەینو پاشان کۆنفرانسێك لەسەر بیری (ی. ن. ك)، کە بتوانێت هەرچی پەیوەندی بەبیری یەکێتییەوە هەیە بۆ کۆنگرە گەڵاڵەی بکاتو لەوێ دوا بڕیاری لەسەر بدرێت.

ڕاستیەکی گشتی زانراوە، بیروباوەڕ لەناو کۆمەڵدا، بەبەردەوامی لەململانێو زۆرانبازیدایە. هێزێکی سیاسی دەبێ لەبواری بیردا زۆرایەتی بەدەست بهێنێتو توانای سەلماندنو بڕواپێبوون، مسۆگەر بکات، ئینجا دەتوانێت سەرکەوتنی سیاسی دەستەبەر بکات.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بیری سیاسی بۆ ئێمە، ئەمڕۆ لەهەموو ڕۆژێکی تر، گرنگترە. سستیو کەمتەرخەمیو پشتگوێ خستنی بیر زیانی گەورە لەخەباتی ئێمە دەدات.

**مەکتەبی بیرو هۆشیاری**

**( ی. ن. ك )**

**٢٠٠٧/١٠/١**

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# لێپرسراوێتی و خۆشگوزەرانی هاوبەش

پرۆگرامی پارتی سۆسیال دیموکراتی فنلەندی لەمەڕ ئایندەی خۆشگوزەرانی، پەسندکراوی چلەمین کۆنگرەی حزب



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## ١-لێپرسراوێتی هاوبەش و خۆشگوزەرانی فنلەندە

خۆشگوزەرانی هاووڵاتییانمان، خۆشگوزەرانی ئێمەشە. پێویستمان بەهاریکاری جیهانییە بۆ ئەوەی بتوانین فنلەندە و جیهانی دەوروبەرمان بکەینە باشترین شوێن بۆ تێدا ژیان وکارکردن.

بۆ ماوەی زیاتر لە سەد ساڵ، بزووتنەوەی سۆسیال دیموکرات پەرەی بە ئاشتی، هاریکاری نێودەوڵەتی و خۆشگوزەرانیداوە. بیرۆکەی سۆسیال دیموکراسی و جێبەجێکارانی، فنلەندەیان لە وڵاتێکی هەژار و کشتوکاڵییەوە وەرچەرخاندووە بۆ کۆمەڵگەیەکی سەرکەوتوو لە ڕووی پیشەسازی و زانیارییەوە لە ناو دەوڵەتە ئەورووپییەکاندا.

ئەورووپا و لەسەروو هەموویانەوە، وڵاتانی سکەندەناڤی بە ڕێبەرایەتی سۆسیال دیموکراتەکان، لە هەر شوێنێکی جیهان بێت یا لە هەر کاتێکی مێژووی مرۆڤایەتیدا بووبێت، یەکسانییخوازترین کۆمەڵگەیان بنیاتناوە. لە فنلەندە، بەشدارە سەرەکییەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگە بزووتنەوەی سەندیکای کرێکاران و بزووتنەوە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکان بوون.

لە سایەی کاری نەوەکاندا، ئێمە کەڵك لە سیستەمێکی چاودێری تەندروستی هەمەگیر، سیستەمێکی پەروەردەیی هەمەلایەنی خۆڕایی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کارا و ئاسایشێکی کۆمەڵایەتی هەمەگیر وەردەگرین. ئەمڕۆکە کۆمەڵگەی فنلەندی لە هەموو کاتێکی تری مێژوو، کامەرانتر و یەکسانترە.

کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی پێشمەرجەکانی ژیانێکی باشی مسۆگەر کردووە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو هاوولاتییان دابینکردووە. فنلەندییەکان نیشانیانداوە کە خۆشگوزەرانی تاکەکان نەك بە تەنیا ئاستی ئاسایش و ئازادی بەڵکو ئاستی گەشەسەندنی ئابووریش بەرز دەکاتەوە. کۆمەڵگە پێویستی بە پارێزرانە لەبەرانبەر ئەو کەمینانەی کە ئابووری بازاڕ بە خراپ بەکاردەهێنن.

پێشمەرجەکانی خۆشگوزەرانی لەگەڵ سیاسەتی دارایی بەرپرس بنیاتنراون. گەشەیەکی ئابووری خوازراو سەرچاوەکانی خۆشگوزەرانی مسۆگەر دەکات و خۆشگوزەرانی لەلایەن خۆیەوە گەشەسەندنێکی ئابووری بەهێز دەخاتەگەڕ.

### ١-١ دیموکراسی لەسەروو بازاڕەوە

جیهانی دەوروبەرمان بە خێرایی لە گۆڕاندایە. ئابووری جیهانی ئەستەمە بە ئامرازە نەتەوەیە نەریتییەکان کۆنترۆڵ بکرێت. کاڵا، خزمەتگوزارییەکان، زانیاری و شارەزاییە پرۆفێشناڵەکان بە بەراورد لەگەڵ هەر کاتێکی تر خێراتر ماوەیان بەسەرچووە. کار هەمووی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پێویستی بە شارەزایی پرۆفێشناڵی زیاتر و زیاتر و فێرکردنی سەرلەنوێی بەردەوام هەیە.

فنلەندە، بەیەکەوە لەگەڵ وڵاتانی تری سکەندەناڤیا، خاوەنی دابەشینێکی داهاتی هەرە دادپەروەرانەیە. سەرەڕای ئەمەش، نایەکسانی و جیاکاریی کۆمەڵایەتی هەڕەشەی تەشەنەسەندن دەکەن. چەندە هاوولاتی لە ژێر هەڕەشەی هەژاری کردارەکییدان، کە مانای وایە تاك خاوەنی ئامرازەکانی گەیشتن بە گوزەرانی باشتری بەردەوام نیە، جا ئەمە چ بە هۆی بێکارییەوە بێت یان بەهۆی تەگەرەکانی بەردەم دۆزینەوەی کار بەهۆی نەبوونی بڕوانامەی پێویستی خوێندنەوە بێت. ژیانی کار زیاتر دەچێتە دۆخێکی ناجێگیرەوە. خەڵك هەست بە نائەمنی و جیاکاری دەکەن. بۆ هەندێ کەس ، پرۆسەی بە تاکەکەس کردن، دەسەڵات و ئازادی دەبەخشێت، بەڵام بۆ هەندێکی تر هەستی کردنەدەرەوە لە کۆمەڵ و کۆمەڵگە دەبەخشێت. ئەمانە تەحەدا گەلێکن کە پێویستە سۆسیال دیموکراتەکان وەڵامی بۆ بدۆزنەوە.

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، وەکو دەستکەوت، دەسکەوتێکی گرنگە. هەرچۆنێك بێت ئەمە، هەلومەرجێکی جێگیر نییە، بەڵام پرۆسەیەکە. ئەمە ئەرکی دەستەی بڕیاردەری سیاسییە کە بەرگەی لێپرسراوێتی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی سەراپاگیر بگرێت.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پێویستە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابووری بخرێنە سەروو بازاڕەوە. دەوڵەتی خۆشگوزەرانی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی دەستەجەمعی ئاڵۆز و سیستەمێکی بیمەیە، کە گەشەیەکی پایەداری کۆمەڵگە مسۆگەر دەکات تەنانەت ئەو کاتەش کە بارودۆخەکان دەگۆڕێن. ئەوەش ئەرکی مێژوویی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتە کە بە کردەوە پیادەبوونی هاریکاری هاووڵاتییانمان چاودێری بکات.

چیتر سیاسەتی خۆشگوزەرانی بە تەنیا مۆنۆپۆلی دەسەڵاتە گشتییەکان نییە بەڵکو زیاتر لە پێشوو، هاوکاری نێوان بکەرە جیا جیاکان دەگرێتەوە. هاوکاری دەخوازێت بکەرە کۆمەڵایەتییەکان بەرپرسیارێتی خۆیان لە بەرانبەر کۆمەڵگە و هاووڵاتییاندا بزانن، جا چ تاکەکەس، خێزان، کۆمپانیا، ڕێکخراو یان بکەری تر بن. ئەرکەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی پەیوەندی بە هەمووانەوە هەیە. ئەوە ئەرکی دەسەڵاتە گشتیەکانە کە تەئکید بکەنەوە لەوەی کە هاووڵاتییان شارەزایی و زانیاری گونجاویان هەیە بۆ لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیەکانیان.

خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن هاووڵاتییانەوە پشتیوانی دەکرێن. ئەم پشتیوانییە تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت بەرقەرار بێت کە دەستپێڕاگەیشتن، کرداریبوون و چۆنایەتی ئەم خزمەتگوزارییانە زامن بێت.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەوەتەی پرۆگرامی فۆرسا ( Forssa) لە سەرەتای سەدەی پێشووەوە پەسند کراوە، سۆسیال دیموکراتەکان خەریکی بنیاتنانی کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی فنلەندی بوون. هەر بۆیە ئێمە بەرگەی لێپرسراوێتیەکی تایبەت دەگرین بۆ زامنکردنی ئەمەی کە کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی مۆدێرن وەڵامدەرەوەی داواکارییە هەنووکەییەکان بێت و تەنانەت لە ئایندەشدا لەسەر پرەنسیپەکانی یەکسانی و دادپەروەری گەڵاڵە بکرێت. سۆسیال دیموکراتەکان بایەخ دەدەن بەوەی کە هەموو کەسێك هەلی بەشداری هەبێت لە بەرقەرارکردن و دامەزراندنی خۆشگوزەرانیدا.

### ١-٢ هاوسەنگی لە نێوان مافەکان و لێپرسراوێتییەکاندا

ئەو پرەنسیپانەی سۆسیال دیموکراسی کە لەلایەن کۆنگرەی حزبەوە پەسند کراون بۆچوونی ئێمە لە بارەی پەیوەندی نێوان مافەکان و لێپرسراوێتییەکان بە روونی دەخەنەڕوو: ( کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی کۆمەڵێکە لەسەر بنەمای ئازادییەکان، ئەرکەکان و هەلە یەکسانەکان کە تیایدا هاوسەنگییەك لەنێوان مافەکان و بەرپرسیارێتییەکاندا بەرقەرار بووە.)

لەم ڕووەوە بیرهێنانەوەی ئەمە گرنگە کە خەڵکی وێڕای ماف، لێپرسراوێتییشیان هەیە بەرانبەر کۆمەڵگە و مرۆڤەکانی. خەڵکی مافی ئەوەیان هەیە چاوەڕێ بکەن کە، ئەگەر ڕووبەڕووی نەخۆشی و

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بێکاریی بوونەوە، ئەوا چاودێری دەکرێن. لێپرسراوێتی ئەوان بەرانبەر کۆمەڵگە و مرۆڤەکانی یەکسانە. خێزانەکان لێپرسراوێتییەکی تایبەتیان لە ئەستۆیە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان. دامەزرێنراوەکان و خانەنشینان هاوبەشن لە پارەدان بە دەزگا خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی بەخشینی باجەوە.

تەنیا مافە بنەڕەتییەکە، واتە مافی ژیان، لێپرسراوێتی وەهای بەدوادانایەت. هەرچۆنێك بێت، تەنانەت ئەم مافەش لێپرسراوێتیەکی بەرانبەر مرۆڤەکانی تر و ژینگە لەگەڵدایە : واتە ئەرکی پارێزگاریکردن لە ژینگە. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە نە ماف هەن بە بێ لێپرسراوێتی و نە لێپرسراوێتیش هەن بەبێ پشتگیری.

لێپرسراوێتی نەك تەنیا تاکەکان ، بەڵکو دەستپێشخەرییەکان( ڕێکخستنێکی ئابوورییە–enterprise)یش دەگرێتەوە. هیچ مافێك بەبێ لێپرسراوێتی نابێت. پێویستە دەستپێشخەرییەکان جەخت لەوە بکەنەوە کە مافە بنچینەییەکانی ژیانی کار جێبەجێدەکرێن و ئەوان بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خۆیان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات دەگرنەئەستۆ.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## ١-٣ هەموو کەسێك شایستەی ئەوەیە هاوبەش بێت لەگەشە پێداندا

سیاسەتێکی خۆشگوزەرانی خۆگر تەنیا لەسەر بنەمای ئابوورییەکی دروست بنیات دەنرێت. ئێمە پێویستمان بە گۆمەڵگەیەکی بەهێزە بۆئەوەی خۆی بگرێت و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جیاوازییانەی دەرەنجامی پرۆسەکانی بازاڕن. هەر بۆیە، بەلای ئێمەوە، نەرمونیانی لە چالاکی ئابووریدا هەر بە واتای خۆگونجاندن نایەت لەگەڵ ئەو هەلومەرجانەی سەرمایە سەپاندوونی، بەڵکو مانای وەبەرهێنانیش لە زانیاری و –سۆراخکردن– دەگەیەنێت لە سەرمایەی مرۆیدا.

کارپێکردنی خۆشگوزەرانی پێویستی بە گەشەی ئابوورییە. پێویستە فنلەندە، بە بەراورد لەگەڵ ئەمڕۆ، لە ئایندەدا بەهێزتر بکرێت. گەشەی ئابووری لە خۆیدا ئامانجێك نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ کۆمەڵگەیەکی باشتر، کە تیایدا خەڵکی بە زوویی لە ژیانی کار بێبەری ناکرێن و هەموو کەسێك دەتوانێت بە پێی تواناکانی لە ژیانی کاردا شوێنی بکرێتەوە بەبێ جیاوازیپێکردن.

بەلای سۆسیال دیموکراتەکانەوە، گەشەی ئابووری واتە زیادبوونی ئەو سەرچاوانەی کە هەمووان تیایدا هاوبەشن. پێویستە گەشەسەندن زیان بە ژینگە نەگەیەنێت و ئەو خۆشگوزەرانییەی دەیهێنێتەکایەوە کاتی نەبێت. گەشەی ئابووری و ئەو سامانەی بەرهەمی دەهێنێت

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

تواناپێدەری گەلێ شتن کە گرنگن بۆ خۆشگوزەرانی ئێمە: بۆنموونە مامۆستا بۆ قوتابخانە، چاودێرییەکی تەندروستی کارا، ساخلەمی، چالاکی فەرهەنگی، مافی نیشتەجێبوونێکی بەجێ و ئارام، تۆڕێکی ڕێگای شیاوی هاتوچۆ پیاکردن، موچەی خانەنشینی گونجاو، وەبەرهێنان لە تەکنۆلۆژیایەکی ساخلەم لە ڕووی ژینگەییەوە.

گەشەسەندنێکی بێ زیان ئەرکێکی پڕ بایەخە. گەشەسەندن واتە کار و پارەیەکی زۆرتر لە گیرفانی کارمەندانداـ هەروەها هەلی باشتر بۆ دابەشکردنی زیاتری داهات. هەر زیادبوونێك لە گەشەسەندندا واتە دەسەلاتێکی کڕینی زیاتر بۆ خێزانەکان و هەلی زیاتر بۆ بەخشینی پارە بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

ئابووری جیهانی داواکاری نوێ دەهێنێتەکایەوە. لە کاتێکدا کە دابەشبوونی نێودەوڵەتی کار زیاتر بەرەو پێش دەچێت، چالاکی بەرهەمهێنەرانە بۆ دەرەوە دەگوازرێتەوە و بەم پێیە، چالاکی بازرگانی نوێ و کار لە فنلەندە بەرهەمدێت. هەموو دەستپێشخەرییەکان، ئەوانەش کە لە کەرتی خزمەتگوزارییدان ڕووبەڕووی جۆرێکی پێشبڕکێی نوێ دەبنەوە. بۆ ڕێگرتن لە پێشبڕکێیەکی نادادپەروەرانە، پێویستە بازرگانی ئازاد بەندوباری نێودەوڵەتی لەسەر بێت. ئێمە پێویستمان بە ئایدیا و زانیاری هەموو تاکێك هەیە بۆ زامنکردنی گەشەی ئابووری و کاردابینکردن. لەبەرئەوە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بۆباشترکردنی پێگەمان لە پێشبڕکێی نێودەوڵەتیدا، پێویستە ئاستی خوێندن بەرز بکەینەوە.

سۆسیال دیموکراتەکان دەیانەوێت هاووڵاتییان و کارمەندانی فنلەندی لە ناو خوێندەوارترینەکانی جیهاندا بن. لەبەر ئەوە پێویستە هەموو کەسێك هەلی لێکدانی کار و خوێندنی هەبێت. پێویستە چۆنایەتی و ئاستی بەرزی خوێندن زامن بکرێت.

دادپەروەری لە دابەشکردنی داهاتدا پێوەری سەرکەوتنی سیاسەتی خۆشگوزەرانییە. سۆسیال دیموکراتەکان ئەو سیاسەتە ئابووری و کۆمەلایەتییە قبولْ ناکەن کە ئامانجەکەی زیادکردنی نایەکسانییەکانی داهاتە. نموونەیەکی باشی زیادکردنێکی بێ پاساوی جیاوازییەکانی داهات ئەو دەستپێشخەریانەن کە پاداشتی زیادە دەدەنە بەڕێوەبەرەکانیان و لە هەمان کاتدا کارمەندەکانیان دەترسێنن.

ئەوانەی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن و دووبارە بێکارن، لە ژیانی کار دوور خراوەنەتەوە یا تەنیا پەیوەندییەکی لاوازیان هەیە پێیەوە، لاوازترین پێگەیان لەناو گروپە داهات کەمەکاندا هەیە. لە ڕاستیدا کاتێك کە کاریگەری داهاتە کەمەکان تەواو کەمدەکرێتەوە، کاردابینکردن پێگەیەکی چارەنووسسازی هەیە. باشترین ڕێگە بۆ بەرگرتن لە جیاوازییەکانی داهات بریتییە لە سیاسەتێکی داهاتی درێژخایەن و هاریکارانە کە لە هەمان کاتدا باشترین ڕێگەی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مسۆگەرکردنی گەشەسەندنی داهاتەکان و گەشەسەندنی بواری خوێندن و ئەو سوودانەن کەبۆ خوێندکاران تەرخانکراون.

هەرچەندە جیاوازییەکانی داهات لە گەلێك وڵاتدا گەورە دەبێت، لە فنلەندە جیاوازییەکانی نێوان ئەو داهاتانەی دەگاتە دەست کرێکاران(net incomes) زیادی نەکردووە. لەبری ئەمە جیاوازییەکانی داهات زیادی کردووە بەهۆی گەشەسەندنی بەهێز و بە ناوەندبوونی داهاتی سەرمایە و ریفۆرمی باجی سەرمایە کە لە سەرەتاکانی نەوەدەکاندا جێبەجێکران. هەرچی پەیوەندی بە داهاتی سەرمایەوە هەیە، زیادبوونی رێژەی باج و باجدانان لەسەر داهاتە تاکەکەسییەکان، کە لە سەرەتای ٢٠٠٥وە کاری پێکرا، رێوشوێنێکی گونجاو بوو بۆ دابەشکردنی داهات.

ئەمرۆکە و لە ئایندەشدا ، کۆمپانیا فنلەندییەکان ڕووبەڕووی پێشبڕکێیەکی ئابووری بەرچاو دەبنەوە. پێشبڕکێکە تەنیا پەیوەندی بە کۆمپانیاکانی هەناردەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەوانەشەوە هەیە کە لە بازاڕی خۆجێیدا ئیش دەکەن. سەرەڕای ئەمە، خاوەندارێتی کۆمپانیا فنلەندییەکان بە نێودەوڵەتییتر بووە. کۆمپانیا فنلەندییە گەورەکانیش سەرمایە و چالاکی بەرهەمهێنانی خۆیان هەناردە دەکەن. ستراتیژی کارای ئەوان لەسەر بنەمای بە نێودەوڵەتییکردن بنیاتنراوە، بۆ ئەوەی وەبەرهێنانەکانیان بە زۆری بەرەو دەرەوەی فنلەندە و بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان بچێت.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پێویستە هەلومەرجە کانی کاری دەستپێشخەرییەکان باش بکرێت و پێویستە لەو بەرهەم و ڕووبەرانەدا سەرمایەگوزاری بکەن کە ئەوان تیایدا توانای کێبڕکێی زیاتریان هەیە. پێویستە هاوکاری لەناو یەکێتی ئەوروپادا بایی ئەوەندە گەرم و گوڕ بێت بۆ ئێمە کە بتوانێت وەڵامی تەحەداکانی بەجیهانیبوون بداتەوە.

## ٤-١ خۆشگوزەرانی مافی هەموو تاکێکە

هەرچی پەیوەندی بە دەزگا خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانییەوە هەیە، فنلەندە ڕووبەڕووی تەحەدای گەورە گەورە دەبێتەوە. رێژەیەکی گەورەی گروپە تەمەنییەکانی پاش جەنگ خەریکە خانەنشین دەبن و ژمارەیەکی کەمتری منداڵ بە بەراورد لەگەڵ رابردوو لەدایکبوون. لە کاتێکدا کە داواکاری بۆ خەڵکێکی زیاتر خوێندەوار پەرەدەسێنێت، کاتی خایاندراو بۆ خوێندنیش درێژتر دەبێتەوە. بە بەراورد لەگەڵ رابردوو، خەڵکی درەنگتر دەچنە ناو کاری هەمیشەیی یان کاتییان.

بە بەئامانجکردنی گەشەسەندن، بەشداری لە کاردا لە کرۆکی بەرنامەی خۆشگوزەرانی سۆسیال دیموکراتەکاندایە. پێویستە ئێمە بە بەردەوامی بازاڕی کارمان چاودێری بکەین و بەرەو پێشەوەی ببەین و وەها رێکیبخەین کە لەگەڵ پێویستییە لۆکاڵی و هەرێمایەتییەکاندا بێتەوە. پێویستە خەڵکی هان بدرێن کە زوو

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەست بە کار کردن بکەن و پێویستە هەل بۆ ئەمە بڕەخسێنرێت.

پێویستە لەشوێنی کارکردندا خەڵکی بە شێوەیەکی مرۆییانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت بۆ زامنکردنی ئەوەی کە کار ناوەرۆکێکی پڕ واتا بداتە ژیان و خەڵکی ئەوەندەی بکرێت لە ژیانی کار دا دەمێننەوە.

ئێمە پێویستمان بە بەرنامەیەکی درێژخایەنی ڕاستەقینە هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی یەکسانی ڕەگەزیی و بەرەوپێشبردن و چاودێریکردنی ژینگەی گەشەکردنی منداڵان. پێویستە ڕێژەکانی لەدایکبوون بەرز بکرێنەوە. پێویستە فنلەندە وڵاتێکی مۆدێل بێت بۆ یەکسانی ڕەگەزیی و مامەڵەی باش لەگەڵ منداڵاندا. لە هاوسەنگکردنی داواکانی کار و خێزاندا، نەرمونیانییەکی زیاتر پێویستە بەرانبەر خێزان.

مافی هەبوونی خانوو و مسۆگەرکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، لە مافە بنەڕەتیەکانی هەموو هاووڵاتییەکە. پێویستە گواستنەوە بۆ خانوو یان شوقەیەکی نوێ ئاسان بێت بە پێی گۆڕان لە بارودۆخ وپێویستی شوێنی نیشتەجێبوونی هەر تاکێك. دەشێت دەستێوەردانی گشتی بەکاربهێنرێت بۆ هاندانی خەڵکی کە سەربەخۆیانە ڕێگەکان هەڵبژێرن بۆ ئەوەی باشترین چارەسەری نیشتەجێبوون بدۆزنەوە. پرەنسیپی دادپەروەری پێویستی بەوەیە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کە ئەو پشتگیریەی نیشتەجێبوون کە لەلایەن کۆمەڵگەوە دابین دەکرێت بۆ هەموو جۆرەکانی نیشتەجێبوون هاوشێوە بێت.

بە پەرەسەندنی خۆشگوزەرانی، تێکڕای تەمەنی دانیشتووانمان زیادی کردووە و خەڵکی لە تەمەنی خانەنشینیدا هێشتا گەلێك ساڵی ژیانیان لە بەردەمدایە. تەحەداکانی بە تەمەنداچوون تەنیا بەوە وەڵامدەدرێنەوە کە ژمارەی خەڵکی سەر ئیش زیاد بکرێت. بە فیڕۆدانی سامانە سروشتییەکان لە هەردوو ڕوانگەی دادپەروەری و گەشەسەندنی ئابوورییەوە شیاوی قبوڵکردن نیە. دەبێت هەموو تاکێك مافی بەشداریکردنی هەبێت لەژیانی کاردا.

کارایی ئەو ناوچانەی کە بە دەست زیانی کۆچەوە دەناڵێنن، لە ژێر هەڕەشەدایە. هاووڵاتییانی بە تەمەن لە شوێنە خۆجێیەکان دەمێننەوە کە هەر لەوێوە گەنجان بۆ خوێندن دوور دەکەونەوە و هەرگیز بۆ وەرگرتنی کارێك ناگەڕێنەوە. دابینکردنی تەندروستی، خوێندن و خزمەتگوزاری چاودێری لەو ناوچانەدا کێشەیەکی گەورەیە، چونکە ژمارەی ئەو خەڵکەی کاردەکەن بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات.

دانیشتووانی بە تەمەنداچوو پێویستیان بە ڕێژەیەکی بەرچاوی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان هەیە. بۆ دەیەیەکی تریش، کەرتی چاودێری ژمارەیەکی خانەنشینی بەرچاوی کارمەندان بەخۆیەوە دەبینێت. ئەو دەرفەتانەی کە بەهۆی تەکنۆلۆژیای نوێوە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بۆ خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی دابینکراون ڕوانگەی نوێ دەکەنەوە بۆ کارایی و توانای بەرهەمهێنانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان. هەرچۆنێك بێت تەحەدای هەرە گەورە بەندە بەو داواکاریانەی لەلایەن هاولاتیانەوە دەخرێنەڕوو. ئەوان یەکسانی و ئازادی هەڵبژاردنیان دەوێت.

## ١-٥ ئامانج و ئامرازەکانی سیاسەتی خۆشگوزەرانی

خاڵی دەستپێکی سیاسەتی خۆشگوزەرانی سۆسیال دیموکرات بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئاستی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هەروەها دەرفەتە تاکەکەسیەکان بۆ کار ، گەشە و خۆ سەلماندن.

تا ئەو کاتەی کە نادادپەروەری هەیە لە کۆمەڵگەدا، پێویستە سۆسیال دیموکراتەکان پێکەوە کار لەگەڵ هەموو خەڵکدا بکەن بۆ دادپەروەری و نەهێشتنی نائارامی. سۆسیال دیموکراسی بزووتنەوەیەکی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی کراوەیە بۆ هەموو ئەو هاووڵاتییانەی بەشدارن لە بەهاکانماندا.

ئامانج و ئامرازەکانی ئێمە، ئەوانەی خوارەوەن:

١- ئامانجی ئێمە دامەزراندنی تەواوە. کار، دەرفەتێك دەداتە تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی بژێوی بۆ خۆیان و خێزانیان. کار، هەم لە ڕووی دارایی و هەم لە ڕووی ژیرییەوە، بنەمای ئازادی چالاکی تاکەکەس دابین دەکات. پێویستە کار دەرفەتگەلێك بۆ گەشەسەندن



بێنێتە کایەوە بێ ئەوەی کرێکار پەکبخات. لەبەرئەوە، پێویستە پرەنسیپی کار بگەڕێنرێتەوە ناو ژیانی کار. پێویستە کەسێکی دامەزرێنراو ئاسایشی دارایی و مافی پشتیوانییەکی هەبێت کە دەرفەتی گەڕانەوە بۆ ژیانی کاری زامن بکات. ئامادەیی و ئەرکی کارکردن بنەماکانی خۆشگوزەرانی و گەشەسەندنی ئابوورین. بزووتنەوەی یەکێتی کرێکاری فنلەندی لە واتای گۆڕانی بەردەوام تێگەیشتووە و لە تەحەداکانی ئایندە ناترسێت. لەناو شتەکانی تردا، بزووتنەوەی موچەخۆران یا کارمەندان ڕازی بووە لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی پێویست بوون لە سیستەمی خانەنشینی، سوودەکانی بێکاری، (بیمەی تەندروستی نیشتمانی)ماندا. لەبەرانبەردا، لە کاتی گۆڕانکاری لە بەرهەمهێنان و کەمکردنەوەی کار دا، پێویستە دەستپێشخەرییەکان بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییان قبوڵ بکەن. هاوکاری لە نێوان هەموو بکەرەکاندا پێویستە. وێڕای کار، کاتێکی پشووی بەرچاومان پێویستە لەگەڵ خێزان، هاوڕێیان و هیوایەتەکانمان بۆ تاقیکردنەوەی هەستێکی خۆشگوزەرانی تاکەکەسی. باری کار چ زۆر قورس بێت یان زۆر سووك ئەوا لە خۆشگوزەرانییمان دەدات و دواجار دەبێتە هۆی ناکارایی ئابووری.

٢- هەموو شتێك لەسەر بنەمای متمانە ڕۆنراوە. متمانەی خەڵکی بە هاووڵاتییانیان، ڕێکخراوەکانیان، دەستپێشخەرییەکانیان و چالاکی کەرتی گشتی، سەرمایەی کۆمەڵایەتی هاوبەش

پێکدەهێنێت کە زۆر پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی خۆشگوزەرانی و گەشەی ئابووری. ڕێکخراوە ناحکومییەکان، کەلتوور و چالاکییە هاوبەشەکان پەیمان لە نێوان تاکەکاندا دەهێننە کایەوە. نایەکسانی و نادادپەروەری ململانێ کۆمەڵایەتییەکان زیاد دەکەن و ڕەنگە کۆتایی بە بەهای کۆمەڵایەتی بهێنن. بەلای سۆسیال دیموکراتەکانەوە، کۆمەڵدۆستی و هاریکاری ئامرازەکانی گەشەسەندنن. ڕێکخراوە ناحکومییەکان و چالاکییە خۆبەخشەکان گرنگن بۆ هێنانەکایەی کەشی هاریکاری و یەکخستنی خەڵکی لە کۆمەڵگەدا.

٣- زانین و داهێنەرێتی ئامرازەکانی گەشەسەندنن. فنلەندە بە ئاستە نزمەکانی موچە و هەلومەرجە نائارامەکانی کار پێشبڕکێ ناکات، بەڵکو بە پیشەسازی، شارەزایی، زانین و داهێنەرێتی پێشبڕکێ دەکات. پێویستە ئێمە لە تۆژینەوە و خوێندندا سەرمایەگوزاری بکەین. پێویستە هەموو تاکێك هاوبەش بێت لە چۆنایەتی باڵای خوێندن. فێربوونی درێژخایەن پێویستییەکی ئایندەمانە. پێویستە تەکنۆلۆژیای نوێ هەم خزمەتی مرۆڤەکان و هەم خزمەتی ژینگە بکات. نابێت گەشەسەندن بە هیچ باجێك خەباتی بۆ بکرێت. گەشەسەندن تەنیا ئەو کاتە پەرە بە خۆشگوزەرانییمان دەدات کە زیانی کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆژی نەگەیەنێت. ئەو تەکنۆلۆژیا نوێیەی هاوئاهەنگن لەگەڵ سروشتدا بە شێوەیەکی خۆیی هەڵگری گەشەی ئابووری و خۆشگوزەرانین.

٤- پێویستمان بە دەستپێشخەری بە کردەوە هەیە. پێویستە فنلەندە پابەند بێت بە سیاسەتێکی پیشەسازی درێژخایەن. پێویستە هەلومەرجەکانی ئیشکردن و ژینگەی دەستپێشخەرییەکان زامن بکرێن بۆ سەرکەوتن لە پێشبڕکێی جیهانی وەبەرهێنانەکاندا. لە ئایندەدا، فنلەندە پێویستی بە قۆنتەراتچی و دەستپێشخەری گەشەپێدانی زۆرتر دەبێت لەسەرتاسەری وڵاتدا.

بۆ ئەوەی گەشە بکەن، دەستپێشخەرییەکان پێویستیان بە داواکاری بەهێز هەیە بۆ بەرهەمەکانیان، خزمەتگوزارییەکانیان، ڕێسا کاراکانی نواندن، هێزێکی کاری زیاد-خوێندەوار، ژێرخانێکی باش، هەروەها هاوکارییەکی کاریگەر لەگەڵ دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان، زانکۆکان و تۆژینەوەی نوێ و چالاکی گەشەپێدان. پێویستە ئەو هەلومەرجانە پەرەیان پێبدرێت کە هانی دەستپیچشخەرییەکان دەدەن بۆ دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ ئەو مەترسیانەی لەبەردەم سەرکەوتندان. فنلەندە پێویستی بە توێژێکی هەمەڕەنگی قۆنتەراتچی و خاوەن سەرمایەکان هەیە، بەو کۆمپانیایانەشەوە کە لە ڕیزبەندی بۆرسە، کۆمپانیا خێزانییەکان، هەرەوەزییەکان و کۆمپانیا دەوڵەتییەکاندان. لە بەرانبەر ئەوەدا کە بونیادێکی کۆمەڵایەتی کاران، پێویستە دەستپێشخەرییەکان لێپرسراوێتی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کۆمەڵایەتی خۆشیان بزانن. گەشەسەندن و هەستی ئاسایش پەیوەستن بە یەکترەوە. خەڵکی ئامادەی پشکنینکردن و تاقیکردنەوەی شتی نوێن و بۆ ئەوان ئاسانترە کە خۆیان لەگەڵ گۆڕانەکاندا بگونجێنن. هەروەها ئێمە پێویستمان بە دەستپێشخەرییە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ پشتگیری ئەو خەڵکانەی بە زەحمەت دەتوانن ئیش بدۆزنەوە.

٥- کەرتێکی گشتی کاریگەر پێشمەرجێکی خۆشگوزەرانییە. سەرمایەگوزارییە گشتییەکان لە ژێرخان، زانکۆکان، کەلتوور، تەکنۆلۆژیای ژینگەیی و سیاسەتی خێزانیدا پاڵپشتی چالاکی بازرگانی تایبەتن و گیانێکی کێبڕکێ لە بازاڕی جیهانیدا دروست دەکەن. بۆ مسۆگەرکردنی دەستگەیشتنی هەرێمی بە خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی، پێویستمان بە کیانی هەرێمی بەهێزتر، شارەوانی گەورەتر و هاوکاری نێوان-شارەوانی هەیە. خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان تەنیا بە بناغەیەکی دانیشتووانی گونجاو دەکرێ بەرقەرار و باش بکرێن. سیاسەتێکی پیشەسازی کاریگەر پێویستی بە پشتگیری ناوەندە بەهێزەکانی گەشەسەندن هەیە.

٦- ئامانجی ئێمە خۆشگوزەرانییەکی گشتگیرە. پێویستە توانای کاریگەری دانیشتووان و دەرفەت بۆ بەڕێوەبردنی ژیان لە



ڕێگەی چاودێری تەندروستی خۆپارێزانە (وقائی)وە باش بکرێن هەر لە منداڵییەوە تاوەکو پیری.

بناغەی خۆشگوزەرانی تاکەکەس، هەستکردن بە ئاسایش، متمانە بە خەڵکی تر و خۆ نرخاندن لە تەمەنە زووەکانی منداڵیدا پەیدا دەبن. پێویستە ئاستی خۆشگوزەرانی منداڵان و خێزانەکان بەرز بکرێتەوە. دایکان و باوکان بەرپرسن لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و پێویستە کۆمەڵگە لەم ئەرکەدا پشتگیرییان بکات. دەستێوەردانێکی پێش وەخت لە کێشەکاندا زامنی ئەوە دەکات کە نەوەکانی ئایندە بتوانن شان بدەنەبەر لێپرسراوێتییان لە کۆمەڵگەدا.

٧-کۆمەڵگەیەکی زیاتر و زیاتر بەنێودەوڵەتی بوو و کراوە نیشانەی بەهێزی ئەو کۆمەڵگەیەیە و وزەیەکی کێبڕکێکارانە بۆ ئابووری دەهێنێتەکایەوە. بۆ فنلەندە، یەکێتی ئەورووپا ئامرازێکی پەرەپێدانی ئابوورییەکی نێودەوڵەتی کراوەیە. هاوکاری ئابووری بە تەنیا، نیشانەی کۆمەڵگەیەکی کراوە نییە. پێویستە زانکۆکان و دامەزراوەکانی تۆژینەوە بەردەوام بن بۆئەوەی زیاتر بە نێودەوڵەتی بن. پێویستە کەلتوور لە بەردەم گەشەسەندنە نێودەوڵەتییەکاندا کراوە بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەسانەیەتی خۆی بهێڵێتەوە. کۆچبەرانیش بۆ فنلەندە پێویستن، پێویستە فنلەندییەکانیش سەردانی وڵاتانی تر بکەن بۆ فێربوون لێیانەوە و لەوێ ئیش بکەن.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هەمـــەڕەنگی کـــەلتووری و کـــارلێکی نێودەوڵـــەتی ســـامانێکن و فاکتەرێکی سەرکەوتنن.

کەلتوور و هونەریش کاریگەریان لەسەر خۆشگوزەرانی و گەشـەی ئـــابووری تـــەواوی کۆمەڵگـــە هەیـــە. بـــەبێ  توانـــای داهێنـــان، خۆشگوزەرانی بەدەستناهێنرێت و هەلومەرجەکانی گەشەی ئـابووری دروست نـابن. وەبـەرهێنان لـە کـەلتوورو هونەرەکانیـشدا یارمـەتی گەشەسەندنی کۆمەڵگـە  دەدات و سـەرکەوتنی دەستپێـشخەرییەکان باش دەکات.

## ٢-خۆشگوزەرانی پێویستی بە گەشەسەندنە

کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی فنلەندی  بەسـەرهاتێکی سـەرکەوتووی هـەبووە. لـە یەکسانکردنی جیاوازییـەکانی داهـات و کەمکردنـەوەی هەژارییـدا سـەرکەوتوو بـووە. پێداویـستی خزمەتگوزارییـە گـشتییە هەمەلایەنەکان و ئاستێکی باشـی ئاسایـشی کۆمەڵایـەتی بـۆ تـەواوی کۆمەڵگە  فەراهەم کـردووە. دامـەزراوەی کۆمەڵگـەی خۆشـگوزەرانی هانی گەشەسەندنی ئابووری داوە لەبری بەربەستکردنی.

گەشەسەندنی ئابووری فنلەندی  بە شێوەیەکی  ناوازە لە مـاوەی درێژخایەندا خێرا بووە. ئەو قەیرانە داراییەی  هەڕەشەی لـە دەیـەی ڕابـردوو دەکـرد، لـە ڕێگـەی سیاسـەتێکی گەشەسـەندنی چـالاك و ریفۆرمکردنی  ئاسایشی کۆمەڵایەتی  چارەسـەرکرا،  لـە کاتێکـدا کـە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بونیادە بنەڕەتییەکانی بە دەستلێنەدراوی جێ هێڵـدران. هەرچـۆنێك بێت، وەکو بۆماوەیەکی دەیەی ڕابردوو، ئێمە بە دەست دوو کێشەی گەورەوە دەناڵێنین:  بێکارییەکی زۆر و ڕێژەیەکی نزمی دامەزرانـدن. لەم ڕووە فنلەنـدە، بـە بـەراورد لەگـەڵ وڵاتـانی تـری سـکەندەناڤیا، هەندێ هەنگاو هەیە بینێت.

پێویستە گەشەی ئابووری زامن بکرێت و دامەزراندن باش بکرێـت. کێـــشە کۆمەڵایەتییـــەکانی وەکـــو هـــەژاری، نایەکـــسانی داهـــات و بێبەریکردنی کۆمەڵایەتی، لە سەروو هەموو شتێکەوە، پەیوەندیـدارن بە بێکاری درێژخایەن. ئێمە پێویستمان بە گەشەی ئابووری هەیە بۆ هێنانەکایەی کاری زیاتر  و باشکردنی بناغە داراییـەکانی کۆمەڵگـەی خۆشگوزەرانی.

بۆ گەشەسەندن، خزمەتگوزارییەکانی خۆشـگوزەرانی پێویـستیان بـە بـەهێزکردنی ئابوورییـە. دانیـشتووانی بـە تەمەنداچـووش  فـشار دەخەنـە سـەر  زیـادبوونی خـەرجی ئاسایـشی کۆمەڵایـەتی ئاینـدە. بەبێ گەشەیەکی ئابووری خێرای پێویست و ڕێژە بەرزی دامەزراندن، ناتوانین بە شێوەیەکی  گونجاو وەڵامـی ئـەو تەحەدایانـە بدەینـەوە. ڕێژەیەکی بەرزتری  دامەزراندن  یەکسانە بـە ژمارەیـەکی باجـدەری زیاتر و ژمارەیەکی  کەمتری ئەو خەڵکـەی پێویـستیان بـە پـشتگیری هەیە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## ٢-١ کارمەنـــدە بەهرەمەنـــدەکان بناغـــەی ئـــابووری خـــۆگر پێکدەهێنن

ســـەرباری ســـتانداریکی بـــەرزی ژیـــان ، دەشـــێت کۆمەڵگـــەی خۆشـــگوزەرانی دابەشـــکردنێکی یەکـسانی داهـات، خزکەتگوزارییـــە گـشتییە باشـەکان و ئاسـتێکی بـاڵای دامەزرانـدن بگرێتـەخۆی. بـۆ خۆشـــگوزەرانی هاووڵاتییـــان و کێبڕکێکـــاری وڵات، گرنگـــە کـــە سیاسـەتەکانی خوێنـدن و کـاردابینکردن بـۆ جێگیرکردنـی ئاسـتی بەرزی شارەزاییەکانی هێزی کار و بۆ هێنانەکایـەی پێشمەرجەکانی یەکخـستن لەگـەڵ بـازاڕی کـاردا بـەکاربهێنرێن. لـە ڕاسـتیدا، ئابوورییـەکانی فنلەنـدە و وڵاتـە سـکەندەناڤییەکانی تـر لـە ڕووی تەکنۆلۆژییەوە پێشکەوتوو، داهێنەر و کێبڕکێکارن.

ئـەو سیاسـەتەی ئاسـتی متمانـە و سـەقامگیری بـەرز دەکاتـەوە باشترین ڕێگەی گەشەسەندنی ئابوورییە. ڕێککەوتنە بـە کۆمەڵـەکان متمانـە زیـاد دەکـەن و سـەقامگیری دەبەخـشن. پێویـستە ئێمـە ئاگامـان لـە کێبڕکێکـاری کـاری فنلەنـدی بێـت. پێویـستە بناغـەی شارەزاییەکان بـەهێز بکرێـت، پێویـستە ژێرخـانی ئـابووری گەشـەی پێبدرێت و ژینگەی کارکردنی دەستپێشخەرییەکان باش بکرێت.

باشبوونێکی درێژخایەنی دامەزراندن، پێویستی بە دەسـتێوەردان هەیـە لـە پێداویـستی و داواکـاری هێـزی کـاردا. ئەگـەر کاریگـەری بخرێتەسـەر شـارەزاییەکان و جموجـۆڵی هێـزی کـار، کـار بکرێتـە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

شتێکی سەرنجڕاکێش، ئـەوا دەکرێـت ئاسـتی پێداویـستییەکان زیـاد بکرێت. بۆ بەرقەرارکردنی ئاستێکی گونجاوی دامەزراندن و ئاسایشی داهات، پێویستە سیاسەتی کۆمەڵایـەتی و دامەزرانـدن هـانی خـەڵکی بدات بۆ کار کردن.

بۆ زیـادکردنی ئاسـتی چـالاککردن، پێویـستە ئێمـە پێداویـستی و سەرچاوەکانی سیاسەتی کار زیاد بکەین و ئەو توانایانە بـاش بکـەین کە ماوەیەکی درێـژە بێکـار ماونەتـەوە. لـە هـەمان کاتـدا، پێویـستە دەرفەتەکانی کرێکارە بـە تەمەنداچـووەکان بـاش بکـرێن بـۆ ئـەوەی کاتێکی زۆرتر بەردەوام بن لە کارکردن .

کەرتی گشتی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێـت لـە گەشـەپێدانی ژێرخانـدا. وەبـەرهێنان لـە خزمەتگوزارییـەکانی خۆشـگوزەرانی، تۆڕەکـانی گواسـتنەوە و تێلێکۆمیونیکاسـیۆندا توانـای بەرهـەمهێنان بـاش دەکەن. وەبەرهێنان لە ژێرخاندا بۆ ماوەی چەند دەیەیـەکی ئاینـدە سوودگەلێك لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت بۆ ئابووری نەتەوەیی.

## ٢-٢ فنلەندە بەرەو گەشەسەندن

دەبێت فنلەندە خـۆی پابەنـد بکـات بـە سیاسـەتێکی پیـشەسازی درێژخایەن. پێشبڕکێی ئابووری جیهانی لەسەر سـەرمایەگوزارییەکان پێویـستی بـەوە هەیـە کـە هەلومەرجـەکانی کـارکردن و ژینگـەکانی دەستپێشخەرییەکان چاودێری بکرێن.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەم سالانەی دواییدا، فنلەندە شکستی هێناوە لە ڕاکێشانی ئاستێکی پێویستی سەرمایەگوزاری دەرەکی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دامەزراندن. ئەمەش بەشێکی بە هۆی ئەو ڕاستیەوەیە کە بازاڕی فنلەندی بازاڕێکی سنووردارە و فنلەندە کەوتووەتە پێگەیەکی دوورەدەست لە بازاڕە ڕوو لەگەشەکان.

دەبێت لە ئایندەدا زامنی ئەوە بکرێت کە توانای بەرهەمهێنەرێتی کار لە فنلەندە بە ئاراستیەکی پۆزەتیڤدا گەشە دەکات. پێویستە باجی سەر کۆمپانیاکان بە شێوەیەکی کێبڕکێکارانە بمێنێتەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو تێچوونانەی لە فاکتەری وەکو دووری لە بازاڕەکانەوە دەکەونەوە.

گەشەسەندنی ئابووری، وەبەرهێنان، بەرقەرارکردن و پێشخستنی سیستەمی خۆشگوزەرانی هەموویان پەیوەستن بە یەکتریەوە. لە فنلەندە، ئاستەکانی وەبەرهێنان وەکو پێویست بەرز نین. ستراتیژی کارپێکراوی ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا خۆجێیەکان لەسەر بنەمای بە نێودەوڵەتییکردن ڕۆنراوە و لە بەرئەوە وەبەرهێنانەکانیان بە زۆری ئاراستەی دەرەوەی فنلەندە کراوە، واتە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان.

بۆ ئەوەی گەشەسەندنی ئابووری ببێتەهۆی ئاستێکی دامەزراندنی باشتر، پێویستە توانای کڕینی خێزانەکان و ئاستی سەرمایەگوزارییە خۆجێیەکان زیاد بکرێن و سەرمایەگوزاری بیانی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بۆ وڵات کێش بکرێت. زیادکردنێکی پلان بۆ دانراو لە خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی گشتی و وەبەرهێنان لە ژێرخاندا دەرفەتەکانی وەبەرهێنان زیاد دەکات. هەروەها ئێمە پێوستمان بە سەرمایەگوزارییە بیانییەکان هەیە بۆ بەرقەرارکردن و بەرەوپێشبردنی بازاڕی خۆجێیمان لە سەر بناغەیەکی دروست.

سەرەڕای سیاسەتێکی پیشەسازی دۆستانە بۆ کۆمپانیاکان، پێویستە فنلەندە بە ئەقڵیەتێکی کراوەوە بڕوانێتە ئامرازەکانی ڕاکێشانی سەرمایەگوزاری بیانی بۆ وڵات. دەتوانرێ دڵرفێنی وڵاتی فنلەندەش وەکو ئامانجێکی سەرمایەگوزاری پەرەی پێبدرێت لە ڕێگەی پرۆسەی خستنەبازاڕ و زانیاریەوە. پێویستە حکومەت پەرە بە هەوڵەکانی بدات بۆ ڕاکێشانی بەرژەوەندی سەرمایەگوزارانی بیانی بۆ وڵات.

لە ڕوانگەی گەشەسەندنەوە، کەرتە نوێکان و کۆمپانیا نوێکان،پێگەیەکی سەرەکییان هەیە. ڕێکخراوەکانی پشتگیریی گشتی پێویستن بۆ پشتگیریکردنی نوێکاری و کۆمپانیاکان لە بواری گەشەسەندندا. پێویستە ئەمانە سەرچاوەی دارایی و ڕاوێژکارییان بۆ دابین بکرێت بۆ مسۆگەرکردنی گەشەسەندنی کۆمپانیا نوێکان کە دامەزراندن و نوێکاری دەهێننەکایەوە.

پێویستە باج و بەندوبار هانی کۆمپانیاکان بدات لە فنلەندە جێگیر ببن و چالاکییان فراوان بکەن. پێویستە فنلەندە بە شێوەیەکی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بوێرانە بەردەوام بێت لە وەبەرهێنان لە بواری خوێندن و تۆژینەوەدا. گەشەسەندنی ژینگەکانی ئیشکردن پێویستی بەوەیە کە پێداویستییە تایبەتییەکانی ناوچەی (هێلسینکی)ی پایتەخت و ناوەندە هەرێمییەکان و ناوەندەکانی تری پەیوەست بە بواری گشەسەندن لەبەرچاو بگیرێن، بازاڕی نیشتەجێکردن لە ڕێگەی دابینکردنی زەوی بۆ بنیاتنانەوە باش بکرێت و سیستەمەکانی گواستنەوە و گواستنەوەی گشتی گەشەیان پێبدرێت.

بزووتنەوەی موچەخۆران، پێکەوە لەگەڵ خاوەن کاران، بوارێکی گرنگ کۆنترۆڵ دەکەن لە سەرمایەی وەبەرهێنان لە ڕێگەی سندوقەکانی خانەنشینی کارکردنەوە. پێویستە ئەو سندوقانەی کە وا دانراوە موچەی خانەنشینی ئایندە بدەن، بە ئاگایەوە وەبەرهێنانیان تێدا بکرێت . لە بەرژەوەندی موچەخۆراندایە کە هەنوکە سندوقەکانی خانەنشینی کارکردن لە فنلەندە، زیاتر لە هەرکاتێکی تر سەرمایەگوزارییان تێدا دەکرێت. ئەمە ئاستێکی باڵای دامەزراندن، بنەمایەکی باش بۆ گەشەی ئابووری نیشتمانی دابین دەکات وسەرەنجام موچەکانی خانەنشینی مسۆگەر دەکات.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## دەرەنجامەکان

١–ئێمە پابەندین بە سیاسەتێکی سەرمایەگوزاری درێژخایەنی دۆستانە بۆ دەستپێشخەرییەکان. پێویستە سیستەمی باج و بەندوباردانان، ژینگەیەکی سەقامگیر و چاوەڕوانکراو بۆ دەستپێشخەرییەکان دابین بکات. پێویستە ئەم سیستەمە پشتگیری ئامادەیی وەبەرهێنان و گەشەپێدان بکات لە فنلەندە. لە ئایندەدا پێویستە لەسەر دەستپێشخەرییەکان کە ئاستێکی زیادبووی لێپرسراوێتی لە کێشە کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و ژینگەییەکاندا پیشان بدەن.

٢– پێویستە فنلەندە ڕۆڵێکی چالاکتر بگێرێت لە ڕاکێشانی ئەو سەرمایەگوزارییە بیانییە نوێیانەی کە دەرفەتی کار دەڕەخسێنن. دەبێت هەوڵەکانی حکومەت بۆ ئەم ئامانجە تەواو پەرەیان پێبدرێت.

٣– پێویستە سەرچاوەکانی سیاسەتی کار بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بکرێن. دەبێت ڕێوشوێنەکانی چالاککردن لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە پێویستییە واقعییەکانی کاری دەستپێشخەرییەکان و باشبوونێکی بەرچاوی ئاستی شارەزایی کارمەندان، بە هاوکاری لەگەڵ خاوەن کارەکان، پیادەبکرێن.

٤–پێویستە ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ چاودێری ژینگەی کێبڕکێکارانەی خۆجێیین درێژەیان پێبدرێت. بۆ باشکردنی توانای

بەرهەمهێنان، پێویستمان بە پێشبڕکێی زیاتر هەیە، کە بەهۆی وەبەرهێنانی بیانییەوە هاندەدرێت.

٥–بۆ پشتگیریکردنی دەستپێشخەرییە نوێکان و کەرتە نوێکانی گەشەسەندن، پارەیەکی دانراوی کەرتی گشتی پێویستە بۆ کۆمەك بەخشین، تۆژینەوە و گەشەپێدان. هەوڵی تایبەت پێویستن بۆ پشتگیریکردنی چوونە ناو بازاڕی ئەو دەستپێشخەرییە نوێیانە. لە بەرانبەر پشتگیری گشتییدا، کۆمەڵگە مافی ئەوەی هەیە کە داوای سیاسەتێکی خاوەن کاری بەرپرسانە و دابینکردنی کار بکات.

٦–پێویستە ئێمە زامنی خاوەندارێتییەکی فنلەندی هەمەجۆر بکەین. پێویستە سەرمایەی خانەنشینی کارکردن بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەرهەمهێناندا سەرمایەگوزاری بکرێت. دەبێت سندوقەکانی خانەنشینی کارکردن وەکو خاوەن سەرمایەی بەرپرس ڕەفتار بکەن و جەخت بکەنەوە لەوەی کە دەستپێشخەرییەکان پەیڕەوی سیاسەتێکی خاوەن کاری بەرپرسانە دەکەن.

٧–بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، فنلەندە پێویستی بە گەشەپێدانێکی بەهێزی ناوچەی پایتەخت، تۆڕی ناوەندە هەرێمایەتییەکان وناوەندەکانی شارەزایی هەیە لە سەرتاسەری وڵاتدا. گەشەپێدانی ناوچەی پایتەخت و ناوچەی ئابووری دەوروبەری وەکو ناوچەیەکی ئابووری کێبڕکێکاری نێودەوڵەتی زۆر گرنگە بۆ گەشەسەندنی تەواوی ئابووری نەتەوەیی.



## ٣- ژیانێکی شایستەی کار

کار خۆشگوزەرانی هەم بۆ تاکەکان و هەم بۆ کۆمەڵگە بەرهەم دەهێنێت. کاری شایستە، ژیانێکی دەوڵەمەندتر و ئارامتر بۆ کرێکار دابین دەکات. کار یەکگرتن و کارلێکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات. ئەمرۆ و لە ئایندەشدا چالاکی کۆمەڵایەتی لەلایەن دابەشبوونێکی بەرچاوی کار و کاری بەرهەمهێنەر پاڵپشتی دەکرێت.

توانای کێبڕکێکاری کۆمپانیا فنلەندییەکان لەسەر بنەمای گەشەسەندنی درێژخایەنیان، چۆنایەتییان، توانای بەرهەمهێنانی پایەداریان، هەبوونی ئاستێکی بەرزی شارەزایی و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کارکردنیان جێگیرە. کاتێك کە دەستپێشخەرییەکان پەیڕەوی لە ڕێساکانی ژیانی کارکردن دەکەن، ئەوا سیاسەتێکی خاوەنکاری بەرپرسانە دەخەنەڕوو و کۆمەڵدۆستییەکی ڕاستەقینە بنیات دەنێن، لە بەرانبەریشدا موچەخۆران نەرمونیانی پیشان دەدەن و خۆیان بەکارکردنەوە پابەند دەکەن لە پێناو سەرکەوتنی کۆمپانیاکەدا.

گۆڕانکارییەکانی ژیانی کار کەوتوونەتە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییە جیهانییەکانی ژیانی ئابووری و بازرگانی. دەشێت دەرەنجامە نێگەتیڤەکان بەهۆی ڕێنوێنی گشتی و سیاسەتی بازاڕی کارەوە کاریان تێبکرێت. دەشێت کێبڕکێی ناتەندروست، ئابووری بێ ڕەونەق، ڕازی نەبوون بە هەلومەرجەکانی دامەزراندن و بەکارهێنانی

نامرۆییانەی کار  لە ڕێگەی بڕیاری هاوبەشـەوە ڕێگـەیان لێبگیرێـت، ئەمەش پشتگیرییە لە گەشەسەندنێکی خۆگر و کێبڕکێکاری لە ژیانی کاری فنلەندییدا.

لـە ئاینـدەدا دەبێـت دەستپێـشخەری و ڕێکخـراوە فنلەندییـەکان لەسەر کار پێشبڕکێ بکەن. بـۆ زامنکردنـی گەشەسـەندنی ئـابووری، پێویستە ئەو خەڵکانەی بەشـێکن لـە هێـزی کـار  بـەڵام کـار ناکـەن، لەگەڵ ژیانی کاردا یەکبخرێنەوە. پێویستە چۆنایەتی ژیـانی کـار  بـە جۆرێك بێت کە خەڵکی بتوانن  زیاتر لەو دۆخەی ئێستا تیایدان ئـیش بکەن. ئـەو کۆمپانیـا مرۆییانـەی کـە لـە گەشەسـەندنی درێژخایەنـدا سەرمایەگوزاری دەکەن، خاوەن کارانی سەرنجڕاکێشن.

خۆشـگوزەرانی هەنوکـەیی لـە فنلەنـدە، لـە ڕێگـەی خوێنـدن و ژیـانێکی کـارکردنی چـۆنایەتی بـەرز  هێنرایـە کایـەوە. ئەمانـە ئـەو فاکتەرانەن کە دەبێت ئایندەمانی لەسەر بنیات بنێین. دەبێـت تـەنیا بـەهۆی چارەسـەری پێـشبڕکێکارانەوە دووربینییـەکانمان قـووڵتر بکەینەوە.

ستراتیژی بنیاتنراو لەسـەر شـارەزایی و نوێکـاری، لەلایـەن وڵاتـە پێـشبڕکێکارەکانمانەوە پەسـندکراون. وڵاتـانی زیـاتر و زیـاتر  لـە بـەکارهێنانی بەهرەمەندانـەی سەرچـاوە مرۆییەکانـدا پێـشبڕکێ دەکەن. بە پێی ئەو تۆژینەوانـەی لەکێبڕکێکارییـە نێودەوڵەتییـەکان ئامـادەکراون،  فنلەنـدە پێگەیـەکی باشـی هەیـە. هەلومەرجـەکانی



باشکردنی ئاستی شارەزاییەکان لە فنلەندە بۆ نوێکاری و  بەکۆمـەڵ کـارکردن لـە ئاسـتێکی باشـدان. نابێـت هـارمۆنیزەکردنی ئـابووری جیهـانی یـان گەشـەپێدانی بـازاڕی یـەکگرتووی ئـەورووپی ببێتـە بەربەست لەبەردەم گەڵاڵەکردنی خزمەتگوزارییە گـشتییە باشـەکان. دەبێت سەرچاوە داراییە گونجاوەکان  بۆ کەرتی گـشتی وپێـشبڕکێی بـاجی نێودەوڵـەتی زامـن بکـرێن و نابێـت ڕێگـە بـە سـوککردنی بـاج بدرێت بۆ خستنەمەترسی سندوقەکانی کۆمەك.

دەبێت متمانەی پێویست لە ژیـانی کـارکردن و پابەنـدی پێویـست بـۆ کـار  هـەبێت  لـە پێنـاو بەرزکردنـەوەی  توانـای بەرهـەمهێنان. چـۆنایەتی باشـی ژیـانی کـار و ئاسـایش بـۆ موچـەخۆر  بـەهۆی چاوخـــشاندنەوە بـــە یاســـای دامەزرانـــدن و ئـــەو ڕێککەوتننامـــە دەستەجەمعییانەی  کە دەسەڵاتی گشتییان هەیە مـسۆگەر کـراون. پایـە بنـچینەییەکانی  مـۆدێلی بـازاڕی کـاری فنلەنـدی پێکـدێن لـە ئاستێکی بەرزی  ڕێکخستن، سەودای کارا و سیستەمی ڕێککەوتننامە و هاوکـاری. دەبێـت لەگـەڵ زیـادبوونی  جموجـۆڵی کـار و بـە نێودەوڵەتیبوونی ژیانی کار، ئەو پایانە زیاتر بەهێز بکرێن.

بـۆ بـەرگرتن لـە پێـشبڕکێیەکی ناتەندروسـت و بێبـەریکردنی کۆمەڵایـەتی، ڕەچـاو کردنـی لایـەنی کـەمی مەرجـەکانی دامەزرانـدن لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەکان و یاسای پەسـندکراو  لـەو شـوێنەدا کە کارەکە لە ئارادایە پێویستە. پێویستە سـەندیکا کرێکارییـەکان و

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەسەڵاتە ئەمنییە پیشەییەکانی وڵات ڕێگەیان پێبدرێت کە سەرپەرشتی هەلومەرجەکانی دامەزراندنی کاری بیانی بکەن لەو شوێنەدا کە کارەکە دەکرێت.

لە شەڕ کردن لە دژی ئابووری بێ ڕەونەق، پێویستە بەکاربەرەکان کۆك بن لەگەڵ یاسا و بەندوبارە عادیلانەکانی بازاڕی کار. بۆ گشتگیرکردنی بەرپرسیارێتی بەکاربەر، ڕێوشوێنی کاریگەریش بۆ کۆنترۆڵی کرداری پێویستن. ئامانجێکی تری شەڕ کردن لەگەڵ ئابووری بێ ڕەونەق بریتییە لە مافی سەندیکا کرێکارییەکان بۆ پیادەکردنی بەدواداچوونی یاسایی.

پێویستە کۆمپانیاکان جەخت بکەنەوە لەوەی کە مافە بنچینەییەکانی ژیانی کار و لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی هەم لەماڵەوە و هەم لە دەرەوە پیادە دەکەن. گرنگە کە پەیماننامەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی چاودێری بکرێن و لە هەموو شوێنێکی جیهاندا بسەپێنرێن.

لە چالاکییە نێودەوڵەتییەکانیاندا، پێویستە کۆمپانیا فنلەندییەکان وەکو هاووڵاتییانی یەکگرتووی هاوبەش ڕەفتار بکەن. بەشێکی سروشتی لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی بریتییە لە دانپێدانانی مافەکانی ڕێکخراوی کارمەندان لە هەموو ئاستەکاندا و بنیاتنانی پەیماننامەی دانوستانی کارا.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەشێکی گرنگی بەندوباری ژیانی کار لە ئاستێکی نەتەوەییەوە چووەتە ئاستێکی ئەوروپی. جموجۆڵی پەرەسەندووی کار و بەنێودەوڵەتییکردن پێویستی بە بەشدارییەکی چالاك هەیە لە گەشەپێدانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی یەکێتی ئەوروپا. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی بەردەوامی بازاڕی یەکگرتووی ئەوروپی، پارێزگاری نێودەوڵەتی مافەکانی کارمەند و بە هەمان شێوە ڕێککەوتننامەی بازاڕی کار و یاسا لە ئاستی ئەوروپادا پێویستە.

دەشێت جموجۆڵی زیادبووی کار کاربکاتەسەر پەیوەندی نێوان ئاسایشی کۆمەڵایەتی فنلەندی لەسەر بنەمای مافی نیشتەجێبوون و یاسای ئاسایشی کۆمەڵایەتی یەکێتی ئەرووپی. پێویستە یاسادانان بەرەو پێش ببرێت بۆ مسۆگەرکردنی کارایی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بەرگرتن لە دوایین نادادپەروەری و خراپ بەکاربردن.

### ١-٣ خۆشگوزەرانی موچەخۆر لە ژیانی گۆڕاوی کاردا

ئەزموونی موچەخۆر لە گەشەسەندنی ئەم دواییەی ژیانی کاردا دووفاقییە. لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا، ژیانی کاری فنلەندی پەیوەست بە یەکسانی ڕەگەزی، دەرفەت بۆ گەشەسەندنی خوێندن، کەلتووری بەڕێوەبردنو پێداویستی زانیاری بە ئاراستەیەکی پۆزەتیڤدا گەشەی کردووە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سەرباری گەشەسەندنە ئیجابییەکان، گەلێك لە کارمەندان فشاری نائـارامی کـار و دامەزرانـدنییان هاتووەتەسـەر، بـەهۆی ڕەوگـەی ماندووکەری کار و هەڕەشەی داهێـزران. تـا ڕادەیـەك، چـیتر خـەڵکی کار بە شتێکی مانادار نابینن. گەلێك لە کارمەندان خوازیارن سـتافی زیاتر هەبێت لە شوێنگەی کارکردنیاندا. لـە هـەمان کاتـدا، ئـەوانیتر بە بێکاری درێژخایەن یان نادڵنیایی لە بەردەوامی کـاردا تێدەپـەڕن. ژیانی کار وەکـو دۆخێکی پارچـەبوو وایـە، هەلومـەرجی کـارو کـاتی کارکردن لە کەرتە جیاجیاکاندا جیاوازە. کارمەندان هەسـت دەکـەن ئەوان چیتر هـەمان ئاسـتی زانیـاری وەرنـاگرن لـەبارەی گۆڕانـەکانی شوێنی کار. زانیاری ناتەواوەو لەکاتی خۆیدا فەراهەم نابێت.

جوڵـەی گـۆڕان لـە ژیـانی کـاردا خێرایـەو پێویستی بەوەیـە کـە کارمەندان بە بەردەوامی ئامادەبن بـۆ فێربـوون و هەرسـکردنی شـتە نوێکـان. لەبەرئـەوە، دەبێـت هاوکـاریو گەشـەپێدانی هەوڵـەکان لـە شوێنگەی کاردا درێژخایەن و بەردەوام بن و هەموو ئاست ولایەنەکان بگرنـەوە. دەسـتێوەردانە ناوبـەناوەکان بـەس نـین بـۆ مامەڵـەکردن لەگەڵ لاوازییە بنەڕەتییەکانی بەرهەمهێناندا.

پێویـستە کارمەنـدان دەرفـەتی زاڵبـوون بەسـەر ئـەو کێشانەیان هەبێت کە لە قۆناغی خۆئامادەکردندا کاریان تێدەکـەن. بـۆ نموونـە، ئاستێکی بەرزی شارەزایی و بـەهرەکان وەکـو ئارامیبەخـشێك وایـە بۆ تاکەکەس لە ژیانی گۆڕاوی کارکردندا.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پێویـستە موچـەخۆران و خـاوەن کـاران هاوبەشـ بـن لـە بەرپرسیارێتی بۆ گەشەپێدانی شارەزایی لە شوێنی کـاردا. پێویـستە خاوەن کـاران لێپرسـراوێتی خۆیـان قبـوڵ بکـەن بـۆ فێرکردنـەوە و فێرکردنـی زیـاتری کارمەنـدە دەرکراوەکـان و بـۆ دۆزینـەوەی کـاری نوێ. ئامانجەکەش ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندان بتوانن لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر بگوازنەوە.

ڕێگەیەکی گرنگی باشکردنی تواناى بەرهەمهێنانی کـاری فنلەنـدی و چۆنایەتی ژیانی کار وهەروەها گەشەسەندنێکی درێژخایەنی ژیـانی کـار بریتییـە لـە گـۆڕینی کـەلتووری بـەڕێوەبردن و گەشـەپێدانی شـارەزاییەکانی بـەڕێوەبردن. پێویـستە بـەڕێوەبردنی هێرارکـی و دڵساردکەرەوە لـە بەرژەوەنـدی بـەڕێوەبردنی دادپەروەرانـەدا ڕەفـز بکـرێن، بـۆ نموونـە خـود–ڕێبـەریی ، کـارکردن و گەشـەپێدانی دوولایەنە، متمانە و بینینی کارمەندان وەکو شەریك نەك پاشکۆ.

بەڕێوەبردنی دادپەروەرانە سیاسەتی خاوەن کاری لێپرسراوانەیە. پەسندکردنی کەلتوورێکی بەڕێوەبردنی نوێ خاوی و ناکارایی نییـە، بـەڵکو بەرپرسـیارێتی، دەسـتێوەردانی هاوکـات و سەرپەرشـتیاری پێویـستە. دەبێـت خـاوەن کـار جـەخت بکاتـەوە لـەوەی کـە ڕێککەوتننامـە دەسـتەجەمعییەکان کۆکنو کارمەنـدان بـە یەکسانی مامەڵـەیان لەگەڵـدا دەکرێت. هەوڵدان بـۆ هێنانەکایـەی بـارودۆخی

باش لە شوێنی کاردا و یەکسانی، هێزێکی کێبڕکێکارانە دەدەنە دەستپێشخەرییەکان.

گۆڕان لە بونیادی تەمەنی دانیشتووانی فنلەندی تەحەدایەکی لەبەرچاوگیراوە، نەك تەنیا لەپێناو ئاییندەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، بەڵکو بۆ زامنکردنی بەردەوامی کۆمەڵگاکانی کاریش. پێویستە دەستپێشخەرییەکان بونیادێکی هەمەڕەنگی تەمەنی هێزی کارو گواستنەوەی چۆنایەتی زانین(knowhow)ی کارمەندە بە تەمەنەکان بۆ کارمەندە گەنجەکان دابین بکەن. ئامرازگەلێکی جیاجیا بۆ ئەم کارە پێویستن: بۆنموونە سوڕانەوەی کار، ڕاهێنانی فێرکاریی، ڕێنوێنی، دوو بە دوو کارکردن.

ئاراستەکردنی ئەو گەنجانەی کە دێنە ناو ژیانی کارەوە بەگوێرەی ڕێساکان، لە سیستەمی بازاڕی کار و پرۆڤەکردن لە شوێنی کار، لێپرسراوێتی هاوبەشی دەستپێشخەرییەکان، قوتابخانەکان، کۆمەڵەکانی کار و شەریکە کۆمەڵایەتییەکانە.

بۆ پشتگیریکردنی نەوە بە تەمەنترەکان بۆئەوەی کاتێکی درێژتر لەسەر کار بمێننەوە، پێویستە سەرنجێکی تایبەت لە ناوەرۆکی کار ، کەشو هەوای کارکردن و ئەو لایەنانەی کە شوێنی کار دەکەنە شوێنێکی ئارام و تەندروست بدرێت.



کارمەندە بە ئەزموونترو بە تەمەنترەکان چاوەڕوانی کاری سەربەخۆ و پڕ تەنگوچەڵەمە دەکەن. لە خۆیدا، چوونەناو ئەم کارانە دەیسەلمێنێت کە کارمەند شیاوی پێزانینە ویارمەتیدەرە بۆ بەردەوامبوون لەسەر کار.

## ٣-٢ جیاوازی نەکردن

نوێکاری و درێژەپێدانی کار پێویستی بە پاڵنەرە. گرنگە بۆ کارمەندان کە هەست بکەن ستایش دەکرێن. دەبێت لە گەلێك شوێنی کارکردندا پاڵنەرەکان پەرەیان پێبدرێت. دەبێت ئاستی سوودگەیاندن بەرز بکرێتەوە لە ڕێگەی سیاسەتێکی حەقدەستی عادیلانە لەسەر بنەمای داوا و ئەنجامەکانی هەر ئیشێك و گەلاڵەکردنی کرێی پەیوەندیدار بە ئەدای کارکردنەوە.

پێویستە شوێنەکانی کارکردن پلانێکی یەکسانی دابڕێژن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی یەکسانی نێوان پیاوان و ژنان. ئەو پلانانەی یەکسانی و ئامارەکانی کرێ کە بەگوێرەی (یاسای یەکسانی نێوان ژن و پیاو– Act on Equality between Men and Women)ن، ئاستی یەکسانی کرێ و گەشەی شارەزایی کار بەرز دەکەنەوە. دەبێت یەکسانی لە شوێنی کارکردن لە گەلێك ڕێگەی جیاجیاوە پەرەی پێبدرێت، لەوانەش ڕێگرتن لە دامەزرانی کورتخایەن و دابینکردنی ڕاهێنان و گەشەپێدانی شارەزاییەکان بە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا. پێویستە هەموو هەوڵێك بخرێتەگەڕ بۆ کەمکردنەوەی جیاکردنەوەی کارەکان و کەرتەکان لەسەر بنەمای ژنانە و پیاوانە.

پێویستە شوێنەکانی کارکردن هانی کردار بدەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کەشوهەوای گونجاو و بۆ پشتگیری بەشدارییەکی چالاك لە ژیانی کاری ئەو خەڵکانەی کەم ئەندامن یا توانایەکی باشی کارکردنیان نیە.

پێویستە سەرنج بدرێتە جیاوازیکردنەکانی ڕەگەز، تەمەن، نەتەوایەتی یان ماوەی دامەزراندن وهەوڵی بنەبڕکردنیان بدرێت. پێویستە ئێمە بەر بە دروستبوونی کۆمەڵگەیەك بگرین کە تیایدا کار، هەلومەرجەکانی نیشتەجێبوون و پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵك بە لە دایکبوونیان دیاری دەکرێت.

بۆ زامنکردنی کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی کۆچ، پێویستە ئێمە جەخت بکەینەوە لەوەی کە ڕێژەی دامەزراندنی کۆچبەران بە شێوەیەکی بەرچاو باش دەکرێت و ئەمەی کە ئەوان بە بەردەوامی لەگەڵ کۆمەڵگەی فنلەندیدا یەکدەخرێن. پارێزگاریکردن لە هەلومەرجی کار و مافە کۆمەڵایەتییەکانی کۆچبەران و بەکارهێنانی ئەو شارەزاییەی هەیانە لە پێشمەرجەکانی سیاسەتێکی کۆچی سەرکەوتووە.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سەرباری ئەو ڕاستیەی کە دەبێت چاودێری ڕەسمی هەلومەرجی کار بەهێز بکرێت، پێویستە ماف و ئەرکەکانی بکەرانی تر زیاتر ڕوون بکرێنەوە. پێویستە شوێنەکانی کارکردن و کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەتمەندییە تایبەتیەکانی ئەو کارمەندانە لەبەرچاوبگرێت کە لە دەرەوەڕا دێن بۆ فنلەندە.

کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانی کار ، پێویستیان بە شارەزاییەکانی زمان و ئاشنایی بە هەمەڕەنگی کەلتووری هەیە. بزووتنەوەی سەندیکای کرێکاری و کەرتەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی بەرپرسیارێتییەکی زۆر گەورەیان لەئەستۆیە. پێویستە خاوەن کاران بەشێکی ئەو لێپرساوێتییەیان لە ئەستۆ بگرن بە پارە دابینکردن بۆ خوێندن و ڕاهێنانی کارمەندانی کۆچبەر.

### ٣-٣ پێویستە کاری بەڵێندەر پەرەی پێبدرێت

وێڕای باشبوونی بارودۆخی موچە و کرێ وەرگرەکان ، سۆسیال دیموکراتەکان دەیانەوێت سەرنج بدەنە پێگە و خۆشگوزەرانی بەڵێندەرە بچوکەکان. پشتگیری کۆمەڵگە بۆ دەستپێشخەرییە بچوك و تازەکان گرنگە، چونکە لەنێوان دامەزراندن و کاری بەڵێندەردا کەرتێکی ڕوو لەگەشەی ژیانی کار هەیە، کە لەیەك کاتدا بە ڕیسکی کاری بەڵێندەر، پشتبەستن بە یەك بەکاربەر و مەرجە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پێناسەکراوەکانی ئەو بەکاربەرە و نەبوونی پارێزگاری کۆمەڵایەتی دەناسرێتەوە.

پشتگیریکردن لە بەردەوامی و مکوڕیی بەڵێندەر لەوەدا کە کاری بەڵێندەر جوان بکرێت، چارەنوسسازە. بەڵێندەرێتی پێویستی بە شارەزایەتی پرۆفێشناڵ، توانای داهێنان و چۆنێتی زانین-ی بازرگانی وەروەها زانینی تیۆری و پراکتیکی لەمەڕ ئەرکەکانی خاوەن کار و شارەزایەتییەکانی بەڕێوەبردن هەیە. پێویستە وەبەرهێنان لە ڕاهێنانی بەڵێندەرێتی هەمەگیردا بکرێت وشێوەکانی ڕاهێنانی گونجاو بۆ بەڵێندەران دابین بکرێن.

بەڵێندەرە بچوك وتازەکارەکان هاندەدرێن بۆ بەردەوامبوون لە چالاکییەکەیان بە دابینکردنی ڕاهێنانی باش، بەرگرتن لە پێشبڕکێی نادروست، دابینکردنی دەرفەتەکانی بووژانەوە. ئێمە پێویستمان بە کرداری هۆشیارانە هەیە بۆ باشکردنی ئاسایشی یاسایی و پارێزگاری کۆمەڵایەتی بەڵێندەرە خۆ-دامەزراندووەکان.

## دەرەنجامەکان:

١-لە ئایندەدا، دەبێت دەستپێشخەرییەکان بەرپرسیارێتییەکی زیاتری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی بگرنەئەستۆ. ئەمە لە نێوان شتەکانی تردا، بە واتا، دەبێت کارمەندان بەوپەڕی ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و مافی ڕێکخستنیان هەبێت لە هەموو ئاستەکاندا-تەنانەت لە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئاستی جیهانیشدا- و ئەمەی کە پەیماننامەکانی دانوستانی کارا لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا بنیات بنرێن کە نوێنەرایەتی کارمەندان دەکەن. ئەمە بۆ کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانی فنلەندەش پێویستە. پێویستە گەورەترین کۆمپانیاکان راپۆرتێك لەبارەی سامانی مرۆییەوە ئامادە بکەن.

٢-پێویستە خاوەن کاران لێپرسراوێتی کارمەندان بگرنە ئەستۆ. بەرقەرارکردنی بەردەوامی شارەزاییەکان لێپرسراوێتی هاوبەشی خاوەن کار و کارمەندانە. دەبێت کۆمپانیا هەرە گەورەکان تێچوونی ڕاهێنانی مەرجداری کارکردن بدەنە سندوقی ڕاهێنانی نەتەوەیی لەکاتێکدا کە وەکو پێویست سەرمایەگوزاری نەکەن لە ڕاهێنانی کارمەندانیاندا.

٣-پێویستە دەرفەتەکانی هانابردن بۆ پەیماننامە نائاساییەکانی دامەزراندن کۆت بکرێن بۆ بەرگرتن لە قۆرخکاری و پێگەی کرێکاران لە دامەزراندنە نائاساییەکاندا باش بکرێت. پێویستە مەرج و سنووری ئاشکرا لەسەر بەکارهێنانی ئەو کارەی کە لە ڕێگەی ئاژانسەکان و بەهۆی یاساکانی کار دابینکراوە دابنرێن. نائاسودەیی لەمەڕ بەردەوامی کار و بژێوی لە تەگەرە هەرە خراپەکانن لەبەردەم توانای بەرهەمهێنانی بەرزتر، لەبەردەم یەکسانی و ئەو خەڵکانەی کاری درێژخایەنتریان هەیە لە ئێستادا.

مەکتەبی بیر و هوشیاری

٤–پێویستە پرەنسیپی دادپەروەری بگەڕێنرێتەوە بۆ ژیانی کار. پێویستە ناوەڕۆکی کار بگونجێنرێت، بۆئەوەی کە ئەگەرچی توانای کاریشیان نزم بێت، کارمەندان بتوانن بەردەوام بن. دەبێت جیاوازیکردن لەسەر بنەمای تەمەن نەمێنێت. پێویستە خەڵکی دەرفەتی سوودگەیاندنیان هەبێت لە ژیانی کاردا تەنانەت ئەو کاتەش کە چیتر تواناکانیان لە ئاستێکی بەرزدا نیە. بۆ ڕێگەدان بە هاووڵاتییە بە تەمەنەکان کە کاتێکی زیاتر لە کاردا بمێننەوە، دەبێت مشتومڕ لەسەر ئاسایشێکی کۆمەڵایەتی کەمکراوە بکرێت بۆ ساڵانی کۆتایی پێش خانەنشین بوون. دەبێت تەگەرەکانی بەردەم خەڵکی کەمئەندام یا کەمتوانا بۆ کارکردن لابرێن.

٥–پێویستە یەکسانی نێوان پیاوان و ژنان لە ژیانی کاردا لە هەموو ئاستەکاندا پەرەی پێبدرێت. پێویستە شوێنەکانی کارکردن کۆک بن لەگەڵ پلانەکانی یەکسانی و ئامارەکانی کرێ لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنەکانی کار جێبەجێ بکرێن. دەبێت تێچوونەکانی دایکایەتی و تێچوونە خێزانییەکانی تر بە یەکسانی بەسەر هەموو خاوەن کاراندا دابەش بکرێن . دابەشکردنێکی یەکسانتر دەتوانێت لە قازانجی مۆڵەتی خێزانی بە موچە دا بێت.

٦–لایەنی کەمی هەلومەرجەکانی کار بەهۆی ڕێککەوتننامەکان و یاساکانی ئەو وڵاتەوە پێناسە دەکرێت کە کارەکەی تێدا دەکرێت. پێویستە دەسەڵاتە ئەمنییە پیشەییەکان وسەندیکا کرێکارییەکانی



مەکتەبی بیر و هوشیاری

فنلەندە دەرفەتی سەرپەرشتیکردنێکی کاریگەری ئەو هەلومەرجەی کاریان هەبێت کە لە فنلەندە پیادە دەکرێت. بۆ زیادکردنی لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیاکان، بۆ نەهێشتنی ئابووری ژاکاو و سەرپەرشتی کردنی هەلومەرجی کار، پێویستە فنلەندە لێپرسراوێتییەکی نوێی بکەرانی کۆمپانیا پەسند بکات، کە بەم هۆیەوە کۆمپانیاکانیش بەرپرس دەبن لە هاتنەوە لەگەڵ ڕێککەوتننامە و یاساکانی پەیوەست بە کاری دابینکراو. پێویستە سەندیکا کرێکارییەکان مافی دامەزراندنی ڕێوشوێنی یاساییان هەبێت بۆ بەدەستهێنانی چارەسەرێکی دادپەروەرانە لە کێشەکانی کۆک بوون لەگەڵ یاساکانی کار، ڕێککەوتننامە دەستەجەمعییەکان و بەندوبارە ئەمنییە پیشەییەکان، هەروەها مامەڵەی دادپەروانە لە بەرانبەر بارودۆخی تاکەکەسییدا.

٧– لە کاتێکدا کە کۆچی لەپێناو بەدەستهێنانی کاردا زیاد دەکات، پێویستە لە هەموو ئاستەکاندا هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی. نابێت ڕەچەڵەکی کەسێك بڕیاردەر بێت لەسەر پیشەکەی، هەلومەرجی نیشتەجێبوونی، یان فاکتەرەکانی تری پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

٨– بەدەستهێنانی کرێی یەکسان پێویستی بە کاری سەخت هەیە. پێویستە شوێنەکانی کارکردن کۆك بن لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکانی کار، پلانەکانی یەکسانی و ئامارەکانی کرێ بۆ

بەرزکردنەوەی ئاستی کرێی یەکسان. پێویستە جیاوازییەکانی نێوان پیاوان و ژنان لە بواری دیاریکراوی تۆژینەوە یان کەرتەکانی کاردا کەمبکرێنەوە.

٩- بۆ بەرگرتن لە بێبەریکردنی کۆمەڵایەتی، پێویستە بێکار لە چاودێرییەکی تەندروستی کارا و خزمەتگوزاری پێویستی بووژاندنەوە دڵنیا بکرێتەوە.

## ٤- خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی لە هەموو تەمەنەکاندا

سۆسیال دیموکراتەکان بۆ کۆمەڵگەیەکی کراوە و لێبووردە کە بەشداری هەمووان دەنرخێنێت خەبات دەکەن. کۆمەڵگە لێپرسراوێتی و ماف دەخاتەئەستۆی ئەندامەکانی لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیاندا. منداڵان و خانەوادەکانیان حەقیانە چاوەڕێی ئەوە بکەن کە کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی ئەو خزمەتگوزاری و داهاتەیان بۆ دابین دەکات کەشیاوی گواستنەوەیە لە منداڵێتییەوە بۆ قۆناغی خێزانداری. پێویستە کۆمەڵگەش چاوەڕێی ئەوە بکات کە خێزانەکان بەرپرسیارێتی بەخێوکردنی منداڵەکانیان دەگرنەئەستۆ. لێپرسراوێتی لە منداڵێتییەوە دەست پێدەکات. گرنگترین بەرپرسیارێتییش بریتیە لە خوێندنی بە زۆر.

ئامانجی سیاسەتی خێزانی سۆسیال دیموکراسی ئەوەیە کە ئەو خێزانانەی منداڵیان هەیە لە هەمان ئاستی خەڵکی تردان. پەیمانی



نێوان نەوەکان پێویستی بەوەیە کە ئەوانەی چالاکانە بەشداری لە ژیانی کاردا دەکەن خزمەتگوزاری و داهاتی گواستراوەی ڕەوا بۆ گروپەکانی تر دابین بکەن. داهات بۆ منداڵان و گەنجان دەگوازرێتەوە ، هەروەها بۆ ئەوانەش کە لە خۆشگوزەرانیان بەرپرسن وخزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانییان پێشکەش کراوە.

ئەو کاتەی گەنجان پێدەگەن و تۆژینەوەکان دەبنە کار، خەڵکی دەبنە قازانج بەخش. ئەوان لێپرسراوێتی ژیان و خۆشگوزەرانی کەسی خۆیان، هەروەها دواجار ئەو خێزانەی پێکیدەهێنن، دەگرنەئەستۆ. هەروەها ئەوان هەنوکەش لەسەریانە کە بەشداری پارەدابینکردن بۆ خزمەتگوزارییەکان و گواستنەوەکانی داهات بکەن لە کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانییدا. لە کۆتایی ژیانی کارکردنیاندا ، قازانج بەخشەکان دەست دەکەن بە ڕاکێشانی موچەی خانەنشینی و دواتر ، لە کاتێکدا کە توانای کردارەکییان دەپوکێتەوە، دەبنە بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری و سەرپەرشتی.

ئامانجی سیاسەتی خانەنشینی سۆسیال دیموکراتەکان بریتییە لەوەی کە موچەی خانەنشینی لە هەموو کارەوە بە بێ ئاوارتن سەرچاوەبگرێت، پارەدابینکردن بۆ موچەی خانەنشینی مسۆگەر بکرێت، ئەو موچەیەی خانەنشینی کە بەدەستدەهێنرێت بتوانرێت دابەش بکرێت و توانای کڕینی خانەنشینان بایی پێویست پەرەپێبدرێت. تۆڕی فریاکەوتنی کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی وەکو

مەکتەبی بیروهۆشیاری

سیستەمێکی دڵنیایی کار دەکات کە تا ڕادەیەك دابەشکردنی یەکسانی داهات و خۆشگوزەرانی لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا مسۆگەر دەکات.

پەیمانی نێوان نەوەکان ڕووبەڕووی تەحەدای گەورە دەبێتەوە. ماوەی گەنجێتی درێژخایەنتر بووە و خەڵکی درەنگتر دەچنە نێو ژیانی کارەوە. گەلێك لە گەنجان لە هەمان کاتدا دەخوێنن و کاریش دەکەن. تەمەنی گونجاوی کار، بێکاری، ئیشی نائاسایی‌و دیارنەمان لە ژیانی کارکردن دەگرێتەخۆ. گۆڕانی هەرە گرنگ ئەوەیە کە خەڵکی لە تەمەنی خانەنشینییدا گروپێکی ڕوو لەگەشەن. بۆ دابینکردنی دارایی بۆ کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی، زیادکردنی ڕێژەی دامەزراندن بە کەمکردنەوەی بێکاری و زیادکردنی ژمارەی ساڵەکانی کارکردن پێویستە.

پێویستە ژمارەی خەڵك لەسەر کار زیاد بکرێت. پێویستە ژیانی کار تایبەتمەندییەکی مرۆییانەتری پێبدرێت و ئەو ڕیسکە تەندروستییانەی بەهۆی کارەوە پەیدا دەبن کەمبکرێنەوە بۆ بەرگرتن لە خانەنشینی ناوەخت و هێشتنەوەی خەڵك لەسەر کار تەنانەت پاش ئەوەش کە گەیشتنە تەمەنی یاسایی خانەنشینی.

لەبەر ئەو هۆکارانە، پێویستە گەنجان هانبدرێن کە خوێندن تەواو بکەن و بچنە ناو ژیانی کارەوە. پێویستە تەمەنی خانەنشینبوون زیاد بکرێت. تەندروستی هاوڵاتیان وسەرەنجام کار و توانای



مەکتەبی بیروهۆشیاری

کردارییان زۆر چارەنوسسازانەتر لە ژمارەی زیادبووی هاوڵاتییە بەتەمەنەکان کاردەکاتەسەر گەشەی خەرجی کۆمەڵایەتی.

ئەو کاتەی کار و توانای کرداری باش کران، دەشێت ئەوان زیاتر بەردەوام بن لە کارکردن ودەتوانرێت چاودێری و سەرپەرشتی دوابخرێت. ئەمە مانای وایە کە دەکرێت ئەو ئەرکەی لە گۆڕانی بونیادی تەمەنی دانیشتووان دەکەوێتەوە، بەشێوەیەکی فراوانتر دابەش بکرێت و پایەداری پەیمانی نێوان نەوەکان دڵنیا بکرێتەوە.

### ٤-١ پشتگیری بۆ خێزانەکان لە ئەرکەکانیاندا

دانیشتووانی فنلەندە بەتەمەندا دەچێت. ژمارەی منداڵان و خەڵکی سەر کار کەم دەبێتەوە، لە کاتێکدا کە ژمارەی خەڵکی لە تەمەنی خانەنشینیدا لە زیادبوونە. لەماوەی پانزە ساڵدا دانیشتووان کەم دەبنەوە. بۆ ماوەیەکی درێژ ڕێژەکانی لەدایکبوون زۆر لە خوار ئاستی وەچە خستنەوە بوونە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو ڕاستییەی کە خەڵکی زیاتر دەژین هێشتوویەتی دانیشتووان گەشە بکات. بەتەمەنداچوونی دانیشتووان گۆڕانێکی قوڵە کە کاریگەری لەسەر هەموو گروپەکانی دانیشتووان دادەنێت.

هەر وەکو وڵاتانی تر، لە فنلەندە ئەو تەمەنەی کەتیایدا خەڵکی یەکەم منداڵیان دەبێت بە بەردەوامی زیاتر دەبێت، سەرباری ڕێوشوێنەکانی سیاسەتی خێزان. تەمەنی بنیاتنانی خێزان زیاتر

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دوادەکەوێت وئەو تەمەنەی کە تیایدا ژنان یەکەم منداڵیان دەبێت بە بەردەوامی زیاتر دەبێت. ڕەنگە ئەمە پەیوەندی هەبێت بە گۆڕانێکی گشتی لە لایف ستایڵ و گۆشەنیگاکاندا کە بەو پێیە دەبێت مرۆڤ یەکەم جار ئەزموونی پێویست بەدەستبهێنێت، بۆ ماوەیەکی درێژ بخوێنێت و کار و پیشە زامن بکات بەر لەوەی منداڵی ببێت.

هەرچۆنێك بێت، درێژەکێشانی کار پەیوەندییەکی ڕوونی هەیە بە ئامادەیی ژنان بۆ هەبوونی منداڵ. کارە کورتخایەنەکانی بەدەر لە ئاسایشی دارایی هاندەر نابن بۆیان بۆ منداڵ خستنەوە، ئەگەر دڵنیاییەکی بەردەوامی بژێویی لەئارادا نەبێت.

هەبوونی منداڵ پەیوەندی بە هەڵبژاردنی تاکەکەسییەوە هەیە، کە مانای وایە سەختە یان بڵێین مەحاڵە بۆ کۆمەڵگە کە ڕاستەوخۆ دەستوەربداتە ئەم مەسەلەیە. سەرەڕای ئەمە، دەستوەردان لە خیارە تاکەکەسیەکان بە چاودێرییەکی سنووربەزێنەرانە لە قەڵەم دەدرێت کە سەردەکێشێت بۆ دژە-کاردانەوەیەکی نێگەتیڤ. لەگەڵ ئەوەشدا ، پێویستە هانی خەڵك بدرێت کە منداڵیان ببێت.

لە ڕوانگەی سۆسیال دیموکراتەوە، پێویستە ئامانجی سیاسەتی منداڵ بۆ زامنکردنی گەشەکردنێکی تەندروستی منداڵان بێت، بۆ پشتگیریکردنی ئەو خێزانانەی منداڵیان هەیە لە ڕێگەی خزمەتگوزارییەکانەوە و بۆ مسۆگەرکردنی بژێوییان، واتە بە دابینکردنی قەرەبووی ئەو تێچوونانەی بەهۆی منداڵەوەن.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ژینگەیەکی منداڵ-دۆستانە کار دەکاتەسەر خۆشگوزەرانی منداڵان و پشتگیری باوك ودایك دەکات لە ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکەیان. هەرچەندە خۆشگوزەرانی گشتی منداڵان باش بووە، ژمارەیەکی زیاتر و زیاتری منداڵان کەوتوونەتە ژێر هەڕەشەی بێبەریکردنی کۆمەڵایەتی. کێشە تەندروستییە دەروونییەکان، قەیرانەکانی خێزان، گرفتەکانی فێربوون و زیادەڕەوی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، پێویستی بە بڕێکی زیاتری چاودێری و پشتگیری بە ئەزموون هەیە. واتا پێویستە شارەزاکانی کاری منداڵ و خێزان شارەزاییەکی قووڵی بەرچاویان هەبێت. دەبێت پشتگیریش دابین بکرێت بۆ ڕێنوێنی دایکان و باوکان.

لێپرسراوێتی سەرەتایی بەخێوکردنی منداڵ لە ئەستۆی دایکان وباوکانە. هیچ دەسەڵاتێك نە دەکرێ و نە دەتوانێت ئەم لێپرسراوێتییە هەڵبگرێت. پێویستە کۆمەڵگە پشتگیری خێزانەکان بکات لە ئەرکەکانی بەخێوکردندا و خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکات. پێویستە تۆڕێکی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان بخرێتەگەڕ بۆ پشتگیری خێزانەکان کە کۆمەڵێك شارەزا لە بواری تەندروستی، خوێندن، کاری کۆمەڵایەتی، کاری تەندروستی دەروونی و خوێندنی سەرەتایی کۆ بکاتەوە. پێویستە خزمەتگوزاری پشتگیری پێویست ڕێکبخرێت بۆ تەواوکردنی پێداویستی خزمەتگوزاری بنچینەیی. دەکرێ خزمەتگوزارییەکانی تۆڕی کاری پەیوەندیدار بە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کلینیکەکانی خۆشگوزەرانی منداڵ بۆ منداڵانی ژێر تەمەنی خوێندن و قوتابخانە بۆ منداڵانی ئەو تەمەنە ڕێکبخرێن.

چاودێری ڕۆژانە فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئەو دایك و باوکانەی کار دەکەن. سیستەمێکی چاودێریی ڕۆژانەی چۆنایەتی–بەرز و کارا بە تایبەت زامنی ئەوە دەکات کە دایکان بتوانن بەشداری ژیانی کار بکەن. هەرچی پەیوەندی بە چاودێری ڕۆژانەی ئەو منداڵانەوە هەیە کە بە شیفت کار دەکەن، چۆنایەتی، بارودۆخی چاودێری و ڕێکخستنی ئەو چاودێرییە پێویستی بە لەبەرچاوگرتنێکی تایبەت هەیە. ئەو منداڵانەی کە لە ماڵەوە لەلایەن دایکان و باوکانیان چاودێری دەکرێن، دەبێت چاودێری ڕۆژی تەواو و گروپەکانی یاری ناوەوە و دەرەوەی ماڵیان بۆ دابین بکرێت. پێویستە چۆنایەتی و نزیکی

چالاکی پاش قوتابخانە بۆ منداڵانی کەم تەمەنتری قوتابخانە مسۆگەر بکرێت.

چاودێری ڕۆژانە، ڕێك وەکو قوتابخانەو ماڵەوە،هۆکارە بۆ گەشەکردنی منداڵان، پێویستە چۆنایەتییەکەی بە بەردەوامی باش بکرێت. دەبێت دەرفەتەکانی چاودێری ڕۆژانە بۆ بەرگرتن لە کێشەکانی تەمەنی زووی منداڵی باش بکرێن. بۆ بەدەستهێنانی ئەمە، پێویستە چاودێری ڕۆژانە و ماڵ هاوبەشێك بن لە بەخێوکردن و هاوکاریدا.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

تێچوونەکانی نیشتەجێبوون بەشێکی زۆری خەرجی خێزان دەبەن، بە تایبەت لەو خێزانانەدا کە منداڵی بچوکیان هەیە. ڕستێك خیاری نیشتەجێبوون پێویستە و دەبێت سۆراخی پشتگیری گشتی بکرێت بۆ خەرجی نیشتەجێبوون بۆ ئەو خێزانانەی منداڵیان هەیە بۆ مسۆگەرکردنی تێچوونێکی بەجێی نیشتەجێبوون.

## ٤-٢ کۆکبوونی کار و ژیانی خێزان

گۆڕانی باری سەرنج لە ژیانی کاردا پێویستە. بۆ دابینکردنی پشتگیری بۆ خێزانەکان، پێویستە ژیانی کار بە پشتگیریکردنی خێزان و فەراهەمکردنی دایك وباوکایەتییەکی باش، توانای نەرم ونیانی هەبێت. پێویستە تێکڕای کاتی کارکردنی دایکان و باوکان نەرم ونیان بێت لەگەڵ پێویستی خێزاندا.

بەڵێننامە جێگیرەکانی دامەزراندن دەرفەتێکی ڕاستەقینەی پەیوەست بە مۆڵەتی باوکایەتی (parental) بۆ خێزانەکان دەڕەخسێنن. کاری ڕۆژانەی ڕێك وپێك ژیانی ڕۆژانە بۆ منداڵی بچوك و دایك و باوکیان ئاسانتر دەکەن. کاتێك بارودۆخی خێزان گونجاو بێت و خێزان ڕەزامەند بێت، دەکرێ سیستەمێکی نیوە–کات (part-time)یش بەکاربهێنرێت بۆ پێکەوەگونجاندنی پیشە و ژیانی خێزان، ئەمە بە یاریدەی مۆڵەتی چاودێری نیوە–کات و دەرماڵەی چاودێریکردنی منداڵ دەبێت. پێویستە هاوسەنگییەکی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

باشی کار/خێزان بەشێکی گرنگ بێت لە سیاسەتی کارمەندی هەموو شوێنێکی کار. خێزانەکان پێویستیان بەو خزمەتگوزارییە هەیە کە پشتگیری کاری بە موچەی هەر دوو دایك و باوك بکات. ئەمە بۆ تاکەکەس گرنگە، بەڵام ڕێگەیەکی پراکتیکیشە بۆ زامنکردنی ڕێژە بەرزترەکانی منداڵ خستنەوە و لەهەمان کاتدا ڕێژەی دامەزرانیش زیاد دەکات.

تێچوونی پەروەردەکردنی منداڵ ئەرکێك بۆ خاوەن کار پێکدەهێنێت، بە تایبەت لەو کەرتەدا کە مێینە تیایدا زاڵە. دابەشبوونی ئەم تێچوونە لەنێوان کەرتە نێرینە–باڵادەست و مێینە–باڵادەستەکاندا زیاتر دەبێت تەنانەت ئەگەرچی ژمارەیەکی زیاتری باوکان کەڵکیان لە مۆڵەتی یاسایی باوکایەتی وەرگرتبێت.

دابەشبوونی نایەکسانی تێچوونی ڕوخسەتە خێزانییەکان بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ جیاکاری دیاری بازاڕی کار بەپێی ڕەگەز و ئاشکرایە کە ژنان زیاتر لە پیاوان کەڵك لەم مۆڵەتانە وەردەگرن. پێویستە پیاوان هان بدرێن کە زیاتر لە ئێستا مۆڵەتی خێزانی وەربگرن.

پێویستە تێچوونی بواری دایکایەتی یا باوکایەتی بە یەکسانی بەسەر خاوەن کارەکاندا دابەش بکرێت. دەبێت دابەشکردنی هەنووکەیی لەسەر بنەمای (بیمەی تەندروستی نیشتمانی) باش بکرێت بۆ بەدیهێنانی قەرەبووی پێویست بۆ ئەو تێچوونەی خاوەن کار دەیگرێتە ئەستۆ. پێویستە هاوسەنگکردنی دابەشکردن لە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەرەوەی یارمەتی بیمەی تەندروستی نیشتمانی–دا دارایی بۆ دابین بکرێت.

لە هاوسەنگکردنی داواکانی کار و خێزاندا، پێویستە هەموو ئەو ئامرازانە بەکاربهێنرێن کە لەدایکبوونی منداڵ ناکەنە تەگەرەیەك چ لەبەردەم خاوەن کار یان کارمەند دا. لە گەڵاڵەکردنی ئەگەرەکانی هاوسەنگییەکی باشی کار/خێزان، پێویستە ئێمە وەبیرمان بێت کە ئەنجامی کۆتایی نەبێتەهۆی لاوازکردنی پێگەی ژنان لە بازاڕی کاردا. لێرەدا مەترسی ئەوە هەیە بڕیارە داراوەکان بە جۆرێك بن کە پێش هەمووشتێك مەیلیان بەلای ونبوونی ژندا بێت لە ژیانی کاردا.

بە شێوەیەکی ئاسایی، هێشتا پیاوان بەرپرسیارێتییەکی کەمتریان هەیە بەرانبەر خێزان بە بەراورد لەگەڵ ژناندا. لەناو خێزاندا، هێشتا ئەرکە خێزانییەکان لەنێوان پیاوان و ژناندا بە ئاشکرا دابەشکراون. پیاوان و ژنان لێپرسراوێتی خۆیان بۆ خێزانیان دەگرنەئەستۆ، بەڵام بە زۆری بە شێوەی جیاواز ئەم کارە دەکەن. حکومەت ناتوانێت بڕیار بدات لە سەر ئەوەی کە کێ قاپەکان بشوات و کێ چێشت لێبنێت.

لە گونجاندنی پیشە و ژیانی خێزاندا پێویستە پیاوان هان بدرێن بۆ بەشداری زیاتر لە چاودێریکردنی منداڵ و وەرگرتنی مۆڵەتە خێزانییەکاندا. پێویستە یاساکانی مۆڵەتی خێزانییش چاویان پێدا بخشێنرێتەوە بۆ زیادکردنی بەشداری باوك لە چاودێری منداڵدا.

پەیمانێکی بەهێزتری باوك–منداڵ  لە قازانجی منداڵدایە و ژیانی ڕۆژانەی تەواوی خێزان ئاسانتر دەکات. کاتێك پیاوان زیاتر بەشداری بکەن لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵەکانیاندا، ئەوا کاریگەرییەکی گشتی زیاتری دەبێت لەسەر گۆشەنیگای پیاوان. نرخاندنی خێزان گەشە دەکات و کاری ماڵەوە، کە ئێستا بە زۆری لەلایەن ژنەوە ڕادەپەڕێنرێت، زیاتر بەرچاو و زیاتر بەڕێز دەبێت لە کۆمەڵگەدا.

پێویستە ماوەی ڕوخسەتی خێزانی جیاجیا بە تایبەت بۆ پیاوان دیاری بکرێت. هەروەها دەبێت ماوەی ڕوخسەت درێژ بکرێتەوەوبەرکاهێنانیشی زۆر نەرم ونیانانە بێت، بۆ ئەوەی  بتوانرێ ماوەکانی ڕوخسەت بە شێوازێکی ئاسان  وەربگیردرێن بەر لەوەی منداڵ بگاتە تەمەنی سێ ساڵی.

لە گونجاندنی پیشە و ژیانی خێزانیدا، پێویستە کاریگەری پیربوونی دانیشتووانیش لەبەرچاوبگیردرێت. پێویستە کارمەندان دەرفەتی یارمەتیدان و چاودێری دایك و باوکی پیریان بۆ برەخسێنرێت  لە ڕێگەی سیستەمێکی دەوامکردنی نەرم ونیانەوە.

## ٤-٣ خۆشگوزەرانی و توانای کارا بۆ هاوڵاتیانی بە ساڵاچوو

منداڵێتی  کاریگەری لەسەر تاکەکان دادەنێت بە درێژایی ژیانیان. ئێمە گەلێك خوی لایف ستایڵی خۆمان لە گەنجاندا بنیات دەنێین. پشتگیری کۆمەڵگە بۆ گەشەسەندنی درێژخایەن  کاریگەری هەیە



لەوەدا کە ئێمە ساڵانی دواتر چۆن دەبین. لە پێناو خۆشگوزەرانی هەموو خەڵکی بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەمەن ، جێبەجێکردنی سیاسەتێکی خۆپارێزانە  گرنگە  بۆ هێنانەکایەی تەمەنێکی پیری تەندروست و چالاك.

سەرباری فاکتەرە تاکەکەسییەکان، بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، فاکتەرە کۆمەلایەتییەکان و ژینگەی فیزیکی کار دەکەنەسەر  پیرییەکی چالاك. خەڵکێکی کارا و تەندروست لە تەمەنی خانەنشینیدا سامانێکی ڕوو لەگەشە پێکدەهێنن بۆ ژیانی کار بۆ چالاکی خۆبەخشانە و NGOکان  و بۆ ئەرکە نا ڕەسمییەکان و ئەرکە چاودێرییەکانی تر.

پێویستە سیستەمێکی خانەنشینی فنلەندی کارا بەرقەرار بکرێت. فائیزی داراییە گشتییەکان، دانانی موچەکانی خانەنشینی کار لە سندوقەکاندا، ریفۆرمەکانی خانەنشینی، ڕێژەیەکی بەرزی دامەزراندن و  ئەو ریفۆرمانەی پشتگیری ڕێژەیەکی بەرزتری دامەزراندنی گروپە بە تەمەنترەکان دەکەن، ئەمانە هۆکارن بۆ  باشکردنی پایەداری بەڵێننامەی نێوان نەوەکان.

سیاسەتێکی خانەنشینی دادپەوەرانە و هاندەر  لایەنی کەمی ئاسایشی پێویست دەگرێتەخۆ، موچەیەکی خانەنشینی گونجاو لە داهاتی ساڵانی کارکردن زامن دەکات ودەرفەتی بەدەستهێنانی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

موچەیەکی خانەنشینی زیاتر دەگرێتەخۆ بە کارکردنی ساڵانێکی زیاتر.

بە بەتەمەنداچوونی دانیشتووان پێویستی خزمەتگوزارییەکانی سەرپەرشتیاری و چاودێری زیاد دەکات و دەبێتەهۆی تێچوونی زیاتر. بەهۆی کۆچی ناوخۆییەوە، دابینکردنی یەکسانی ئەم خزمەتگوزارییانە تەحەدایەکە. پێویستە نزیکی و چۆنایەتی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بە بێ لەبەرچاوگرتنی لۆکاڵێتی دابین بکرێن. پێویستە هاووڵاتییە بەتەمەنەکان لە پیرییەکی شکۆداردا بژین، بە هەمان شێوە وەکو بەکاربەری خزمەتگوزارییە چاودێرییەکانیش.

دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی چۆنایەتی باش و لە ڕووی جوگرافییەوە هەمەگیر، نەك تەنیا بۆ هاووڵاتییە بەتەمەنەکان بەڵکو بۆ تەواوی دانیشتووان ئامانجێکی جەوهەری سیاسەتی کۆمەڵایەتی و تەندروستییە. زامنکردنی دەستگەیشتنی هەموو هاووڵاتییان بە خزمەتگوزارییەکان پێویستی بە ئابوورییەکی شارەوانی بەهێز، هاوکاری نێوان شارەوانییەکان، ئاشناکردنی مۆدێلی نوێی ئیشکردن و هەروەها کەمکردنەوەی ژمارەی شارەوانییەکان هەیە. دەبێت بەرهەمهێنانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان بە زیادکردنی هاوکاری هەرێمی زیاتر کارا بکرێت .



داواکاری زیادبووی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بوارێك دەرەخسێنێت بۆ گەشەسەندنی کۆمپانیا خزمەتگوزارییە تایبەتەکان، بەتایبەت لە ڕووی خزمەتگوزارییە هەمەجۆرەکانی ماڵداری، هەروەها لەڕووی خزمەتگوزاری باشکردنی چۆنایەتی ژیان کە بەشێك نیە لە سیستەمی خزمەتگوزاری گشتی. لە ئاییندەدا، دەبێت زیادکردنی ژمارەی پەرستارانی خێزان بۆ چاودێریکردنی بەتەمەنەکان شیاو بێت. پێویستە چاودێری نارەسمی فول–تایم نەبێت، پێویستە مۆڵەتی نیوەکاتی چاودێری نزیك لە سیاسەتی خێزانی شیاو بێت ، چونکە کارمەند بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەرپرسە لە چاودێریکردنی دایك و باوکی پیر.

سەرەڕای نەخۆشی، هەستکردن بە نائارامی، لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی ئەوەن کە بۆچی خەڵکی پێویستیان بە چاودێری و خزمەتگوزارییەکان هەیە. پێویستە ئامانجی چاودێری پیری، ژیانێکی شکۆدار بێت لە ماڵدا و پاڵپشتی بەرقەرارکردنی سەربەخۆیی و توانای کرداری بێت. دەبێت لە ئاییندەدا چاودێری پیری لە سەر مۆدێلی ناوەندەکانی خزمەتگوزاری پیری بنیات بنرێت کە وەکو ناوەندی سەرەکی بۆ بە تەمەنداچووان ئیش دەکەن. ئەوان بە یارمەتیدانێکی هەمەگیر و تاکەکەسی ئیش بۆ هاووڵاتییە بەتەمەنەکان دەکەن و پشتگیری دەرفەتەکانی بەشداری، بە کۆمەڵ کارکردن و چالاکی تەواو دەکەن . ناوەندی خزمەتگوزاری پیران بۆ هەموو

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هاووڵاتییانە لەسەروو تەمەنی ٧٥ ساڵییەوە. ئەمە پێداویستییەکانی خزمەتگوزارییەکانیان دەنرخێنێت و ڕێنوێنی و ڕاوێژلەمەڕ خزمەتگوزارییەکان، چالاکی خۆپارێزانە و بووژاندنەوە دابین دەکات.

مۆدێلی گەشەپێدانی ناوەندی خزمەتگوزاری بە تەمەنەکان بەرپرسیارێتییەکی سنووردارە بە شارەوانی یان گروپی هاوکاری نێوان شارەوانییەکان. پێویستە ناوەندەکانی خزمەتگوزاری گەشەیان پێبدرێت بۆ ئەوەی خیارەکانی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتییانی بەساڵاچوو زیاد بکەن و دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە چۆنایەتی-بەرزەکان مسۆگەر بکەن. پێویستە ناوەندەکان، ڕێگەی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی هەموو سەرچاوەکانی ناوچەکە خۆش بکەن.

هاووڵاتییانی بە ساڵاچوو بە زۆری زۆرینەیەکی بێ دەنگن یان کەمینەیەکی بەرچاون لە شارەوانییەکاندا. دەنگی ئەوان لەلایەن بڕیاردەرانی شارەوانییەوە هەموو کاتێك نابیسترێت، هەربۆیە دەبێت شارەوانییەکان سەرنجێکی تایبەت بخەنەسەر ڕێکخستنی کارلێك لەنێوان هاووڵاتییانی بەساڵاچوو و بڕیاردەران. بۆ نموونە دەکرێت ئەمە لە ناو ئەنجومەنی پیران (Senior Councils)دا ڕووبدات.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەکرێ سیاسەتی نیشتەجێکردن و پلاندانانی بەکارهێنانی زەوی بۆ پشتگیری هاوڵاتیانی بە تەمەن بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی ئەوەندەی بکرێت بتوانن بە سەربەخۆیی درێژە بە ژیان بدەن و لە شوێنە ئاشناکانیاندا بمێننەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت نیشتەجێبوون و گواستنەوەی دەستەبەر، پشتیوانی بکرێن و خزمەتگوزارییەکان بۆ پشتگیریکردنی سیستەمەکانی ژیانی بەساڵاچووان ڕێکبخرێن.

## دەرەنجامەکان:

١-دەبێت سەرچاوەی پێویست تەرخان بکرێت بۆ بەرقەرارکردن و باشکردنی توانای کرداری هەموو هاووڵاتییان، بە تایبەت بەتەمەنداچووەکان.

٢-پێویستە کارمەندان دەستیان بە مۆڵەتی چاودێری نیوە-کات بگات بۆ چاودێری باوك و دایکی بە تەمەنداچوو و بۆ ئەو منداڵانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە یان کەم ئەندامن.

٣-پێویستە پشتگیری گشتی بۆ نیشتەجێبوون بۆ ئەو خێزانانەی منداڵیان هەیە و بۆ ئەو گروپە تایبەتییانەی زۆرترین پێویستییان بە پشتگیری هەیە دابین بکرێ. پێویستە سیاسەتی نیشتەجێبوون پشتگیری گۆڕانکارییەکان بکات بۆ باشکردنی گواستنەوە

هاووڵاتییانی بەتەمەن لە خانووە تایبەتییەکان و گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە تایبەتی و گشتییەکان بۆ ژیانێکی سەربەخۆ.

٤– منداڵان هی دایك و باوکیانن. پێویستە دایکان و باوکان لێپرسراوێتی سەرەتایی بەخێوکردنی منداڵەکانیان لەئەستۆ بگرن. دەبێت ئامانجی سیاسەتی خێزان و منداڵ بریتی بێت لە گەورەکردنی ئارام و تەندروستی منداڵان، هەروەها پشتگیریکردنی ئەو خێزانانەی منداڵیان هەیە لە رێگەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەوە و دابینکردنی بژێوییان ، واتە قەرەبووکردنەوەی ئەو تێچوونەی بەهۆی هەبوونی منداڵەوەیە.

٥– هەرچی پەیوەندی بە گونجاندنی پیشەو ژیانی خێزانەوە هەیە، پێویستە بە بەردەوامی رێوشوێن بگیرێتەبەر بۆ رێگرتن لەوەی کە خستنەوەی منداڵ تەگەرە بێت لەبەردەم کار دا، چ بەلای خاوەن کارەوە یان کارمەندەوە. کاتێك گونجانی پیشە و ژیانی کار پێویستی کرد، دەبێت دواجار پێگەی ژنان لە بازاڕی کاردا باش بکرێت.

٦–پێویستە ماوەی مۆڵەتی خێزانی درێژ بکرێتەوە و نەرم ونیانییەکی زیاتر بدرێت لە بەکارهێنانیدا. دەبێت هانی بەکارهێنانی مۆڵەتی چاودێری نیوە–کات بدرێت وپێویستە زیاتر گشتگیر بکرێت بە جۆرێك کە هەموو منداڵانی خوار تەمەنی ١٠ساڵ بگرێتەوە.



٧–بتەوکردنی پەیوەندی باوك–منداڵ لە قازانجی منداڵدایە و ژیانی تەواوی خێزان ئاسانتر دەکات. زیادبوونی بەشداری پیاوان لە ژیانی رۆژانەی منداڵانیاندا کاریگەرییەکی گشتی زیاتری دەبێت لەسەر دیدی پیاوان. پێویستە ماوەی مۆڵەتی خێزانی بە تایبەت بۆ باوکان دیاری بکرێت. لە بواری چاودێری منداڵاندا، پێویستە یەکسانی نێوان باوکان و دایکان پەرەی پێبدرێت.

٨–بۆ باشکردنی توانای کرداری و ژیانی سەربەخۆی هاووڵاتییانی بەساڵاچوو، دەبێت ناوەندەکانی خزمەتگوزاری پیران بخرێنەگەڕ. پێویستە ئەوان سەرنج بخەنەسەر کاری پیری خۆپارێزانە و لە رێگەی چۆنێتی–زانین، رێنوێنی پیران بکەن. ئەو چارەسەرە نوێ و تەکنیکییانەی پشتگیری ژیانی سەربەخۆی هاوڵاتیانی پیر دەکەن رووبەرووی داوایەکی جیهانی دەبنەوە. کاتێك کە چارەسەر بۆ هاووڵاتییانی بەساڵاچووی فنلەندی گەڵاڵە کران، دەکرێت ئەو تەکنۆلۆژی و چۆنێتی–زانینەش ببێتە بەرهەمێکی هەناردەی گرنگ.

٩–دەبێت گونجاوی ئاستی داهاتی هاووڵاتییانی پیر بە بەردەوامی چاودێری بکرێت. ئەگەر کەموکورتی بەدیکران پێویستە بە خێرایی تەدەخول بکرێت.

## ٥-هەڵە یەکسانەکان بۆ ژیانێکی باش

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

به بەدیهێنانی یەکسانی لە کۆمەڵگەدا، سۆسیال دیموکراتەکان دەیانەوێت جیاوازییەکان لە دەرفەتەکاندا کەم بکەنەوە، هەر دەرفەتێك باکگراوندی جیاوازی هەیە. ئێمە دەمانەوێت دەرفەت بدەینە هەموو تاکێك تاوەکو بۆ ژیانێکی باش تێبکۆشێت.

بەهۆی خوێندنی دایك و باوکیانەوە، خوێندن، پیشە، کار، پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان و شوێنی ژیانیان، خەڵکی دەستپێکی جیاوازیان هەیە بۆ بنیاتنانی ژیانیان. لە خەباتکردن بۆ کۆمەڵگەیەکی یەکسان، گرنگە کە دەرفەتە جیاجیاکان بۆ هەموو تاکێك بە شێوەیەکی بەرفراوان بڕەخسێنرێن.

بۆ زیاتر یەکسانکردنی دەرفەتەکان، پێویستمان بە ڕێوشوێنی حکومەت، شارەوانییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە. حکومەت سیاسەتی کۆمەڵایەتی بۆ مسۆگەرکردنی دەرفەتی ژیانێکی باشتر بۆ تاکەکەس بەکاردەهێنێت.

کەرتە هەرە گرنگەکانی سیاسەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی باشی هەموو هاووڵاتییان بریتین لە سیاسەتی خوێندن، سیاسەتی کۆمەڵایەتی و تەندروستی، سیاسەتی کار و گەشەپێدانی ژیانی کار، سیاسەتی نیشتەجێکردن، سیاسەتی ژینگەیی وسیاسەتی کەلتووری و کۆمیونیکاسیۆن.

کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن خۆیەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە گەشەپێدانی کۆمەڵدا. ژمارەیەکی یەکجار زۆری NGO کان و



بزووتنەوەی سەندیکای کرێکاری، کەناڵ گەلێك دابین دەکەن بۆ هاووڵاتێتی و بەشداری چالاك.

هەموو کەسێك مافی خوێندنی هەیە. بە گوێرەی پرەنسیپی فێربوونی درێژخایەن، هەموو کەسێك بە یەکسانی شایستەی ئاستێکی پێویستی خوێندنە. نابێت داواکردن و بەشداری لە خوێندندا بەند بێت بە هەله داراییەکان ، پێگەی کۆمەڵایەتی و یان شوێنی ژیان.

پێویستە کار بۆ هەمووان هەبێت، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە خوێندەواری کەمتریان هەیە. دەستگەیشتن بە شارەزایەتییەکان و خوێندن، ئاسۆی دامەزراندن باش دەکات. ئەمە پێگەیەکی یەکجار گرنگ دەداتە یەکسانی دەرفەتەکانی خوێندن.

هەبوونی شارەزایەتی و لێزانییەکان دەتوانێت دەرفەتەکانی دامەزران تاوەکو کۆتایی ژیانی پیشەیی بەرەو باشی ببات. پێویستە خەڵکی بتوانن لە ڕێگەی کاری خۆیانەوە پشتگیری خۆیان بکەن. ئەمە پێویستی بەوەیە کە ئەوان بتوانن دەستیان بگاتە کاری فول–تایم، یان ئەگەر حەز بکەن پارت–تایم، بە موچەیەکەوە کە ژیان بکاتە گریمانەیەکی کرداری. پێویستە کاری نیوە–کات لە بێکاری سەرنجراکێشتر بێت.

مەترسی گەورەی بێبەریبوونی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی ئەو گەنجانە دەبێتەوە کە بە شێوەیەکی پەسەند خوێندنی گشتیان

تەواو ناکەن، گروپێکی تر کە دەکەوێتە بەر هەڕەشەی بێبەریبوون ئەوانەن کە بڕوانامەی جێهێشتنی قوتابخانەیان لەخۆگری نمرەیەکی نزمە و ئەوانەش کە ئاستی زانین و تۆژینەوەیان بۆ چوونە قۆناغێکی تر خوێندن کورتی دەهێنێت.

سۆسیال دیموکراتەکان پێیان وایە کەساڵێکی زیادەی فێربوون (قۆناغی دەیەم)، هەروەکو لە یاسای خوێندنی بنەڕەتی( Basic Education Act)دا هاتووە، گرنگە بۆ ئەو گەنجانەی خوێندنگەی هەمەلایەنیان تەواو کردووە و لەژێر هەڕەشەی بێبەریکردندان. ئامانجی فێربوونی زیادە بۆ باشکردنی دەرفەتەکانی چوونەناو خوێندنی زیاتر و شارەزاییەکانی بەڕێوەبردنی ژیانە. پێویستە حکومەت و شارەوانییەکان زیاتر لە گەشەپێدانی ڕێوشوێنەکانی پشتگیری خۆپارێزانە و دەرفەتەکانی خوێندنی گونجاو دا و لە ئاسانکردنی ئەمانە لە تەواوی وڵاتدا سەرمایەگوزاری بکات.

تەنیا کەرتی گشتییە کە دەتوانێت لێپرسراوێتی گشتگیری سیاسەتی کۆمەڵایەتی و تەندروستی بگرێتەئەستۆ. پێویستە ئاسایشی کۆمەڵایەتی ڕایەڵ بکرێتەوە بە چالاککردنی کاری کۆمەڵایەتی بۆ پەرەپێدانی ئاسۆکانی دامەزراندنی بەکاربەر یان چالاکی تر. ئەمە دابینکردنی خزمەتگوزاری تاکەکەسی پێویستە.



بۆ مسۆگەرکردنی دارایی بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی، پێویستە ڕێژەکانی دامەزراندن بە سەرکەوتوویی زیاد بکرێن و ژیانی کار درێژ بکرێتەوە. پێویستە سیستەمەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی گەشەیان پێبدرێت بۆ ئەوەی هانی خەڵك بدەن کە دامەزرێن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئاسایش لە ئاستێکی پێویستدا بێت. پێویستە بنچینە داراییەکان چاودێری بکرێن. لێپرسراوێتی ئاسایشی موچە لەنێوان خاوەن کاران و کارمەندانددا دابەش دەکرێت و دەسەڵاتە گشتییەکانیش لە لایەنی کەمی ئاسایش بەرپرسیارن.

### ٥-١ خوێندن دەرفەت دەرەخسێنێت

دەبێت کێشەی سەرەکی سیاسەتی خۆشگوزەرانی ئایندە بەرزکردنەوەی ئاستی گشتی خوێندن بێت. دەبێت سیستەمی خوێندن پەرە بە کۆمەڵدۆستی و ئەو بەهایانە بدات کە پشتگیری لە قبوڵکردنی هەمەڕەنگی دەکەن و پێویستە هانی هاووڵاتییان بدات کە وەکو ئەندامانی کۆمەڵگە ڕەفتار بکەن.

پێویستە لە ئایندەدا خوێندن و تۆژینەوە لەلایەن هەردوو کۆمەڵگە و تاکەکانەوە وەکو وەبەرهێنانێك سەیر بکرێن. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە چۆنایەتی خوێندن ڕێگەیەکی درێژی بڕیووە. قوتابخانەی هەمەلایەن خوێندنێکی بەرفراوان بۆ تەواوی میللەت مسۆگەر دەکات. پێویستە هەموو گەنجان سەروکاریان لەگەڵ خوێندندا هەبێت بەدەر لە باکگراوندی داراییان.

سۆسیال دیموکراتەکان پشتگیری دامەزراندنی شێوازی چۆنایەتی بەرز و نەپساوەی فێربوون لەناو خوێندنی بنەڕەتیدا دەکەن. پێویستە ڕێگەی بێ زیانی خوێندن هەر لە قۆناغی پێش خوێندنەوە تاوەکو خوێندنی هەمەلایەن و تا خوێندنی ناوەندی بنیات بنرێت. پێویستە قوتابخانە و ماڵ لە ئەرکە پەروەردەییەکانیاندا پاڵپشتی یەکتر بن ودایك و باوکان هاوبەش بن لە گەشەپێدانی ئەو کارەی لەلایەن قوتابخانەکانەوە ڕادەپەڕێنرێت.

ئەو کاتەی کە خوێندن بەرەوپێش دەچێت، دەبێت، ئەگەر پێویست بوو، پشتگیری بۆ قوتابی یان خوێندکار دەستەبەر بکرێت لەلایەن ئەو کەسە ئاشنایانەی لە کۆمەڵەی قوتابخانە یان بواری خۆشگوزەرانی خوێندکار دا ئیش دەکەن. پێویستە سیستەمەکانی وانە وتنەوە بۆ پەیوەندی درێژخایەنی مامۆستا–خوێندکار کۆشش بکەن بۆ ئەوەی ئاسایش و سەرنجی پێویست لەسەر تایبەتمەندییەکانی تاکی خوێندکار لە کاری ڕۆژانەدا زیاد بکات.

نزیکەی ٩٥٪ی ئەو گەنجانەی قوتابخانەی خوێندنی هەمەلایەن( Comprehensive) تەواو دەکەن، لە قۆناغی ناوەندیدا درێژە بە خوێندن دەدەن. خەبات بۆ باشکردنی ئاستی گشتی خوێندن، بە شێوەیەکی تایبەت ئەو گەنجانەی ناتوانن پاش خوێندنی هەمەلایەن لە هیچ فێربوونێکدا بەشدار بن لەبەرچاودەگرێت. ئەگەر ماوەی خوێندنی گشتی بەزۆر، ساڵێك درێژ



کرایەوە، ئەم گەنجانە ساڵێکی زیاتریان دەبێت بۆ بیرکردنەوە لە کاروپیشەی ئایندەیان و دەتوانن لە نێوان خوێندنی گشتی و پیشەییدا، یەکێکیان هەڵبژێرن. ئەمە ئاسۆکانی کاری ئایندەشیان باش دەکات. پێویستە تۆژینەوەگەلێك ئەنجام بدرێن بۆ ئەوەی کە داخۆ دەتوانرێ خوێندنی بەزۆر تاوەکو ١٧ ساڵی ودواتر، تاوەکو ١٨ ساڵی درێژ بکرێتەوە. ئەمە پێویستی بە تۆژینەوەیەکی هەمەلایەنی پیادەکردنە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی ئەو ڕێوشوێنە هەیە.

لە کردار دا، درێژکردنەوەی خوێندنی بە زۆر، واتە ئەمەی کە گەنجان پاش تەواوکردنی خوێندنی بەزۆر شوێنێکی تۆژینەوەیان بۆ زامن دەکرێت. دەبێت ئەو گەنجانەی دەکەونە بەر هەڕەشەی بێبەریکردنی پەروەردەیی پشتگیری پێویستیان لێبکرێت لە کاتێکدا کە هێشتا لە قوتابخانەی خوێندنی هەمەلایەندان.

درێژکردنەوەی ماوەی خوێندنی بەزۆریش کاریگەری دەبێ بەسەر بایەخی خوێندنی بنچینەیی پیشەییەوە. هەر بۆیە دەبێت ریفۆرم لە گەشەپێدانی تەواوی بواری خوێندنی ناوەندی بە وردی لەبەرچاوبگیردرێت.

دەبێت خوێندنی پشەیی بەجۆرێك ڕێکبخرێت کە یەکسانییەکەی و تەکنۆلۆژیای وانەوتنەوەکەی بایی پێویست سەرنجڕاکێش بن. دەبێت ژیانی کار بە شێوەیەك گەشەی پێبدرێت کە ئەو ئەرکانەی

مەکتەبی بیر و هوشیاری

پێویستیان بە خوێندنی پیشەیی هەیە سەرنجڕاکێش بن. پێویستە قوتابخانەکان و دەستپێشخەرییەکان نزیکتر بن لە هاوکاریکردن بۆ هەڵبژاردنی ژینگەکانی فێربوون و ناوەڕۆکەکانی کار، بۆ پیادەکردنی فێربوون بەسەر کار و ڕاهێنانی پراکتیکیدا، بۆ ڕاهێنانی مامۆستا و کڕینی کەلوپەل و پێداویستی بۆ قوتابخانەکان.

پێویستە چۆنایەتی خوێندن بە جۆرێك پێش بخرێت کە خوێندنی بەزۆری درێژکراوە، توانا بە گەنجان بدات کە لەگەڵ کاری پراکتیکیدا خۆیان بگونجێنن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی واتادار بخوێنن و بۆ ئەوانەش کە ئاواتەخوازن لە زانکۆکان بخوێنن بۆئەوەی لێهاتوویی پێویست وەربگرن.

زانکۆکان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا لە بواری تۆژینەوە، وانەوتنەوە و خوێندکار دا کێبڕکێ دەکەن. ئەوان پێویستیان بە سەرچاوەی زیاتر هەیە لەم کێبڕکێیەدا. لە زۆربەی زانکۆ ئەوروپییەکاندا فێرکردن بوارێکی بایەخدارە، بە تایبەت بۆ ئەو خوێندکارانەی کە لە وڵاتانی ترەوە دێن. خوێندکاران بە دوای دەرفەتی خوێندنی نێودەوڵەتیدا دەگەڕێن وباشترین زانکۆکان مەودای چالاکی خۆیان فراوان دەکەن، تەنانەت لە ئاستێکی جیهانییشدا.

پێویستە فنلەندە خوێندنێکی زانکۆی خۆڕایی بۆ هاووڵاتییانی خۆی مسۆگەر بکات. لە سۆنگەی تۆژینەوە و ئاڵوگۆڕی



مەکتەبی بیر و هوشیاری

خوێندکارەوە، گەشەسەندنی زانکۆکان بۆ بەنێودەوڵەتیبوونیان شتێکی جەوهەرییە. بۆ بەدەستهێنانی ئەمە، زانکۆکان پێویستیان بە سەرچاوەی زیاتر هەیە. لەبەرئەوە، دەبێت تێچوون و دارایی بۆ دابینکردنی تۆژینەوەکانی زانکۆ بپشکنرێت بە تایبەت بۆ خوێندکارانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا، بۆ مسۆگەرکردنی دارایی دابینکردن و چۆنایەتی تۆژینەوەکان و فێربوون بە زمانە بیانییەکان.

پێویستە خوێندن و تۆژینەوەکانی زانکۆ و دابینکردنی دارایی بۆیان ڕێکبخرێن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی یەکسانی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی بزاوتی کۆمەڵایەتی. ئەمە پرەنسیپێکە دەبێت جێبەجێ بکرێت لە کاتێکدا کە گەشە بە سیستەمی یارمەتیدانی دارایی دەدرێت; واتە تەرخانکردنی پارە بۆ تۆژینەوە، قەرزی خوێندکار و پێداویستی نیشتەجێبوونی خوێندکاران. پێویستە یارمەتیدانی دارایی زیاد بکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرزبوونەوەی تێچوونی ژیاندا بێتەوە.

پێویستە سیستەمی یارمەتیدانی دارایی، کە خوێندن و پارەکەی دابین کردووە، بە جۆرێك بەرەوپێش ببردرێت کە (چۆنێتی–زانین)ی بەدەستهاتووش سوود بە کۆمەڵگە بگەیەنێت.

ڕێگەیەکی بەدەستهێنانی ئەمە بریتییە لە زیادکردنی ڕێژەیی بەشە قەرزی خوێندکار و ئەو کاتەی کە دەرچووی خوێندنی باڵا کارێکی دۆزییەوە، باج بەسەر نرخی بەڕێوەبردنی قەرز دا ببڕدرێت.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەم یارمەتیە داراییە بژێوی خوێندکار لە ماوەی تۆژینەوەیدا زامن دەکات.  بە گەشەپێدانی یارمەتی دارایی و  بەڕێوەچوونی زانکۆکان ، کەمکردنەوەی تێکڕای ماوەی تۆژینەوەکان لواو دەبێت. ئەمە لەگەڵ کۆشش بۆ باشکردنی ئاستی گشتی خوێندندا ناکۆك نیە.

ژمارەی کۆچبەران بۆ فنلەندە لە ئایندەدا زیاد دەکات. پێویستە ناسینەوەی ئەو  ئاستەی خوێندن کە کۆچبەران لە وڵاتەکانی خۆیان تەواویان کردووە و ئەو شارەزاییەتییەی بەدەستیان هێناوە پەرەی پێبدرێت بە گەشەپێدانی پرەنسیپەکانی ناسینەوە و تاقیکردنەوە پێشبڕکێ ئامێزەکان. پێویستە سیاسەتی پەروەردەیی  درێژەی پێبدرێت بۆ ئەوەی پێداویستی دەرفەتە پەروەردەییەکان بێت بۆ تەواوی میللەت. ئەوە پرەنسیپێکی فێربوونی درێژخایەنە کە  پاش تەواوکردنی بڕوانامەیەك یا ئاستێکی خوێندن ، تاکەکان بەردەوام بن لە پەرەپێدانی شارەزاییە پیشەییەکانیان  یان بە پێچەوانەوە بەردەوام بن لە درێژەپێدانی  بەرەوپێشچوونی  تاکەکەسی.

فێربوونی درێژخایەن پێویستی بەوەیە کە خوێندنی پێگەیشتووان پەرەی پێبدرێت و دەرفەتە پەروەردەییەکان فراوان بکرێن. نوێکردنەوە و گەشەپێدانی شارەزاییەکان و ئاستی زانینی کارمەندە بەساڵاچووەکان گرنگیەکی تایبەتی هەیە. ئەمە دەرفەتی باشتر دابین دەکات بۆ درێژەدان بە کار  بۆ ساڵانێکی زیاتر وبە گشتی



توانای بەرهەمهێنانی کارکردن لەسەر ئەو کەرتانە باش دەکات کە لە ژمارەی ئاسایی زیاتر کارمەندی پیریان هەیە.

پێویستە ئامانجەکانی خوێندنی درێژخایەن  پەرەپێدانی بەها دیموکراتییەکان و هاووڵاتێتی چالاکیش بگرێتەوە. پێویستە خوێندنی پێگەیشتووانی ناڕەسمی، زیاتر لە ئێستا، بتوانێت گۆڕانە خێراکانی کۆمەڵگە لێکبداتەوە و ڕاڤە بکات،  شارەزایی و زانیاری بۆ هاوڵاتیان دابین بکات بۆ بەشداری کۆمەڵایەتی و  پیادەکردنی کاریگەری.

## ٢-٥ دەستپێکی یەکسان

سەرباری ڕێوشوێنێکی بێ شومار بۆ بەرزکردنەوەی یەکسانی، نایەکسانی ئامادەییەکی بەهێزی هەیە بۆ گوێزرانەوە بۆ نەوەکانی ئایندە. هەمیشە خەڵکانێك هەن دەیانەوێت ڕووەو سەرەوە هەنگاو بنێن وێڕای  ژیان لە بارودۆخی بێبەریکارانەدا، بەڵام باکگراوندی خێزان  کاریگەرییەکی گەورەی هەیە بەسەر  خیارە پەروەردەییەکان، پیشە و دامەزرانەوە.

بێبەریکردنی کۆمەڵایەتی بە واتای بارودۆخێك دێت کە تیایدا کەسێك لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی چەند کێشەیەك دەبێتەوە: بێکاری، بێ ماڵ و حاڵی، داهاتی کەم، تەندروستی خراپ، ئاستی خوێندەواری کەم و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی تر. لە فنلەندە، هەژاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

و بێبەریکردنی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی تایبەت لە پەیوەندیدان لەگەڵ بێکاری درێژخایەن، خەڵکی لە ڕادەبەدەر قەرزدار و خەڵکی نەخۆش لە ڕووی دەروونییەوە و زیادەڕەویکردن لە ماددە هۆشبەرەکاندا.

بۆ بەرگرتن لە بێبەریبوون لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، پێویستە بە تایبەت بایەخ بدرێت بەو گروپانە و ئەو قۆناغانەی ژیان کە سەروکاریان هەیە لەگەڵ مەترسی چوونەناو کارێک کە بێبەریبوونی لێدەکەوێتەوە. پێویستە وازهێنان لە خوێندن دابینکردنی دەرفەتی گەڕانەوە بۆ خوێندنی بەدواوە بێت.

لە فنلەندە خێزان هەیە کە منداڵەکانی هیچ کارمەندێکی پێگەیشتوو ناناسن یا نابینن، ئەمەش گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت کە کاریگەری هەبێت لەسەر بێبەری بوونی ئایندەی ئەو منداڵانە. لە گەلێك

خێزاندا، ڕەنگە بێکاری درێژخایەن ببێتە هۆی بارودۆخێك کە تیایدا بێکاری بگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی تر. ئەگەر کەسێك مۆدێلێکی چوونە ناو کاری نەبێت، بێگومان چارەنووسی بە بێکاربوون کۆتایی دێت.

نایەکسانی و بێبەریکردنی کۆمەڵایەتی لە قۆناغە زووەکانی منداڵییەوە دەست پێدەکات، تەنانەت بەر لەوەی منداڵ لەدایك ببێت. هەرچەندە وڵاتانی سکەندەناڤی لە ڕووی خێزان و



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سیاسەتەکانی منداڵەوە یەکسان نین، هێشتا زۆر هەنگاومان لەبەردەمدایە. دەستێوەردانی پێش وەخت لە کێشەکانی خێزان و منداڵاندا، لە کاتێکدا کە منداڵان هێشتا لە ژێر تەمەنی قوتابخانەوەن، ئەنجامی باشی بەدواوە دەبێت بۆ ژیانی داهاتوویان. لەبەرئەوە، پێویستە شەڕ لە دژی نایەکسانی لەساڵانی زووی منداڵیدا دەستپێبکات.

باوکان و دایکان بەرانبەر منداڵەکانیان لێپرسراون. هەرچۆنێك بێت گەلێك خێزان هەن کە ڕەنگە تیایاندا باوکان و دایکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێبەری کرابێتن، ڕەنگە پەیڕەوی لە باو و باپیرانیان بکەن و سەرچاوەیان لە بەردەستدا نەبێت بۆ ئەوەی ئاگایان لە منداڵەکانیان بێت. لەم حاڵەتانەدا پێویستە قوتابخانە، دەسەڵاتە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکان و ئیدارەی کار بتوانن ڕێوشوێنی هاوکات بگرنەبەر بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو فاکتەرانەی پەیوەندییان بە بێبەریکردنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، وەکو بێکاری دووبارە بووەوە، دوورخرانەوەی تەواو لە بازاڕی کار، دەستبەرداربوون لە خوێندن. پێویستە خزمەتگوزارییە تاکەکەسییەکان و نرخاندنی تاکەکەسی بەکاربهێنرێن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەگەلێك کە بە هۆیانەوە خەڵکی بێکار بتوانن کاری هەمیشەیی بدۆزنەوە.

سەرچاوەی پێویست بۆ چالاکبوون و کاری کۆمەڵایەتی مەرجی بنچینەیین ئەگەر بمانەوێت خەڵکی گەنج بهێنینەوە سەر سکە و

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

خوێندن و ئەو گەنجانە بهێنینەوە ناو ژیانی کار کە ڕووبەڕووی بێبەریبوونی کۆمەڵایەتی دەبنەوە یان هەنووکە بێبەریکراون. سەرباری خزمەتگوزارییە گشتییەکان ، پێویستە ئێمە جەختیش لە هاوکاری خۆبەخشانەی تاکەکان بکەینەوە و سەرنج بخەینە سەر پشتگیری لەسەربنەمای خۆیارمەتیدان.

### ٥-٣ ئێمە ملکەچی بێبەرییوونی کۆمەڵایەتی نابین

بێبەریبوونی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی تایبەت بە هۆی باشکردنی خزمەتگوزارییەکان ناهێڵرێت. یەکێك لە جیاکەرەوەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەی فنلەندی بریتییە لە خزمەتگوزارییە گشتگیرەکەی. هەموو کەسێك بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێگەی داراییان دەستیان بە هەمان خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی دەگات، بۆ نموونە چاودێری ڕۆژانە، خوێندن و چاودێری تەندروستی.

شارەوانییەکان ڕۆڵێکی ناوەندی دەبینن بۆ بەرقەرارکردنی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی. بۆ شەڕکردن لەدژی بێبەشکردنی کۆمەڵایەتی، پێویستە شارەوانییەکان نەك تەنیا یارمەتیدانی کۆمەڵایەتی بەڵکو ڕێگەی تری هەمەجۆریش بەکاربهێنن. وێڕای خزمەتگوزارییەکانی خوێندن و نیشتەجێبوون، بەرگرتن لە هەژاری و بێبەریبوونی کۆمەڵایەتی پێویستی بەوەیە کە ئاسایشی داهات باش بکرێت.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لە ماوەی نەوەدەکاندا، بێ جێگە و ڕێگەیی سەرکەوتووانە و بەشێوەیەکی بەرچاو کەمکرایەوە. هەرچۆنێك بێت، کۆمەڵێکی نزیکەی دە هەزار کەسی بێ ماڵ و حاڵ ماونەتەوە. بۆ درێژەدان بە کەمکردنەوەی بێ شوێنی، بەکارهێنانی ڕێوشوێنی تایبەت پێویستن نەك تەنیا بۆ دۆزینەوەی شوێنی نیشتەجێبوون، بەڵکو بۆ ئەوەی کاریگەریان هەبێت لەسەر تێکڕای بارودۆخی ژیانی بێ شوێنەکان لە ڕێگەی کاری کۆمەڵایەتییەوە. پێویستە بەنیوەکردنی بێ ماڵی لە ماوەی پێنج ساڵی ئایندەدا وەکو ئامانجێك بگیرێتەبەر.

خزمەتگوزارییەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، نایەکسانییەکانی داهات کەم دەکەنەوە و خۆشگوزەرانی پەرەپێدەدەن. ئاسایشی کۆمەڵایەتی تاکەکەسی و هەمەگیر هەلومەرجێك دەهێننەکایەوە بۆ دامەزراندنی بە موچە بۆ پیاوان و ژنان. بە شێوەیەکی تایبەت، خزمەتگوزارییەکانی خۆپارێزی گرنگن. ئەمە شێوازێکی زیاتر مرۆییە و کاریگەرتر و ڕێگەچارەیەکی شیاوە بۆئەوەی کاری لەسەر بکرێت لەبری کەوتنە سەر کێشەکان ئەو کاتەی کە دەردەکەون.

پێویستە ژمارەیەکی زۆری ڕێوشوێن بگیرێنەبەر بۆ چالاککردنی ئەوانەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێبەریکراون یان بۆ ماوەیەکی درێژ بێکارن. ئەمە بواری خوێندن ، بوژاندنەوە، دامەزرانی پشتگیریکراو و چالاککردنی کاری کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.

## ٤-٥ گواستنەوەکانی داهات و خزمەتگوزاری، نایەکسانی ناهێڵن

بەدەستهێنانی یەکسانی کۆمەڵایەتی پێویستی بەوەیە کە جیاوازییەکانی دەرفەتە تاکەکەسییەکان و دەستپێکەکان کەم بکرێنەوە، بە تایبەت بە پشتگیریکردنی ئەوانەی کە لە پێگەیەکی لاوازتردان.

کۆمەڵگە دوو ڕێگەی هەیە بۆ دابەشکردنی داهات بە یەکسانی: گواستنەوە ڕاستەوخۆکانی داهات و خزمەتگوزارییە گشتییەکان. نایەکسانی بە هۆی نایەکسانی لە ڕادەبەدەری داهاتیشەوە دروست دەبێت. لەبەر ئەم هۆیە، کەمکردنەوەی ئەم جیاوازییانە بە گرنگ لەقەڵەمدراوە. دابەشکردنی داهات بە شێوەیەکی تایبەت بە هۆی باج خستنەسەر داهات هاوسەنگ دەکرێت، کە تیایدا گەورەترین داهاتەکان بە شێوەیەکی گونجاو دەخرێنەبەر باجی گەورەتر بە بەراورد لەگەڵ داهاتە مام ناوەند یا کەمەکان.

ئامانجی سیاسەتی ئابووری کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی بریتییە لە دامەزراندنی تەواو. هاوشانی وڵاتانی سکەندەناڤی، ئێمە دەمانەوێت ڕێژەی دامەزراندنی بەرز و دابەشکردنی ڕێژەیی یەکسانی داهات هاوسەنگ بکەین. پێویستە باج لەسەر بنەمای توانای هەڵگرتنی باج بنیات بنرێت و وەها ڕێکبخرێت کە ببێتە هۆی دابەشکردنێکی یەکسانتری داهات. دابەشکردنێکی یەکسانتری داهات بە گشتی لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدایە. ناکرێ کەس لەسەر داهاتێك بژیت کە زۆر



نزمە. دابەشکردنێکی ڕێژەیی یەکسانی داهات نایەکسانی کەم دەکاتەوە، ململانێ کۆمەڵایەتییەکان دادەمرکێنێتەوە و گەشەسەندنێکی ئابووری هاوسەنگتر دەهێنێتە کایەوە.

دەکرێ دابەشکردنێکی یەکسانتری داهات بەهۆی گواستنەوەکانی داهات لەسەر بنەمای ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بەدەست بهێنرێت. لە فنلەندە، زۆربەی ئەو داهات گواستنەوانەی کاریان لەسەر کراوە، هەر دوو لایەنی کەمی ئاسایش، یەکسانی بۆ هەمووان و ئاسایشی موچە دەگرنەخۆ. ئەو موچەیەی لایەنی کەمی ئاسایش دەگرێتەخۆ تەنانەت بۆ ئەوانەش بە ڕاستی داهاتیان نەبووە هۆکارێکە کە داهات دابەشکردنێکی یەکسانتر بەرهەم دەهێنێت. تەنانەت لە قازانجەکانی موچەش، ڕێژەی قەرەبووکردنەوە بۆ موچە گەورەترەکان بە گشتی نزمترە لەچاو بچوکترەکان.

دابینکردنێکی باش و کارای خزمەتگوزارییە گشتییەکان دابەشکردنێکی یەکسانتری داهات لە نێوان گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و لەنێوان قۆناغە جیاجیاکانی ژیاندا بەرهەم دەهێنێت. سەرەڕای ئەمە، خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەرفەتەکانی کار بە تایبەت بۆ ژنان دابین دەکەن ولەم ڕووەوە کار دەکەنە سەر دابەشکردنی داهات لە نێوان ڕەگەزەکاندا. کاتێك لەبارەی بەتایبەتکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە وتوێژ دەکرێت

مەکتەبی بیروهۆشیاری

پێویستە ئەم ڕوانگەیە لە مێشکدا بمێنێتەوە، کە بەزۆری واتای دابەزینی ئاستی داهاتی کارمەندان دەگەیەنێت.

**دەرەنجامەکان:**

١- دەبێت ئاسایشی کۆمەڵایەتی پەیوەست بکرێتەوە بەو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی، تەندروستی و دامەزراندنی تاکەکەسییە کە بۆ دامەزراندن و بۆ بەرقەرارکردن و باشکردنی توانای کارە. لە سایەی ئەم ڕێوشوێنانەدا، بەدەستهێنانی ئامانجی UN بۆ بەنیوەکردنی هەژاری تاوەکو ساڵی ٢٠١٥ ، بەدەستدەهێنرێ.

٢- پێویستە سیستمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، تەنانەت لە ئایندەشدا، هاندەری لە پشتەوە بێت و پێویستە ئاستی ئاسایش بە شێوەیەکی تایبەت لەسەر بنەمای کەڵەکەکردنێکی موچە بنیات بنرێت، ئەمە زامنی ئەوە دەکات کە سیستەمەکە بە شێوەیەکی بونیادی هانی خەڵك بدات کە کار بکەن. پێویستە لایەنی کەمی ئاسایشیش مسۆگەر بێت. بۆ مسۆگەرکردنی پارەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، باشکردنی ڕێژەی دامەزراندن گرنگە. لێپرسراوێتی بۆ ئاسایشی پەیوەست بە موچە دەکەوێتەسەر هەردوو خاوەن کار و کارمەندان و بۆ لایەنی کەمی ئاسایش، دەکەوێتە ئەستۆی کەرتی گشتی. پێویستە کۆمەڵێك ڕێسا بۆ ئەو ماوەیە دابنرێت کە تیایدا داواکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی پەسند دەکرێن یا ڕەت دەکرێنەوە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

٣- پێویستە بێ جێگە و ڕێگەیی نەهێڵرێت، ئەمەش بە باشکردنی ڕێوشوێنەکانی کۆمەڵگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بێ جێگەیی. دەبێت لە ماوەی پێنج ساڵی ئایندەدا بێ جێگەیی کەمبکرێتەوە بۆ نیوە.

٤- قۆناغی هەرە گرنگی بەرگرتن لە بێبەریبوونی کۆمەڵایەتی بریتییە لە سەرەتاکانی منداڵی. پێویستە سیستەمی کلینیکی خۆشگوزەرانی منداڵ زیاتر گەشەی پێبدرێت، بۆ نموونە، لە ڕێگەی ئامادەکردنی ژمارەیەکی زیاتری ئەوانەی کە شارەزایی پیشەییان هەیە لە کاری کۆمەڵایەتیدا بۆ ئەوەی بتوانرێت دوایین کێشە خێزانیەکان لە قۆناغی زوودا تەدەخولیان تێدا بکرێت. پێویستە دەسەڵاتەکان مۆدێلی نوێی کار گەڵاڵە بکەن بۆ بەهێزکردنی جۆرە جیاوازەکانی پشتگیری هاوشێوە لە بواری کاردا.

٥- هەرچی پەیوەندی بە قوتابخانەکانەوە هەیە، پێویستە کۆمەڵەیەکی پرۆفێشناڵ بنیات بنرێت بۆ پشتگیریکردنی خێزانەکان، کۆمەڵەیەکی وەها دەستی دەگاتە هەموو گروپە تەمەنییەکان تاوەکو کۆتایی خوێندنی بەزۆر. دەبێت وانەوتنەوەی مامۆستا بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ گرنگی خۆشگوزەرانی خوێندکار. لە ئاستی شارەوانیدا، سیاسەتێکی خۆشگوزەرانی خۆجێیی هەمەگیر پێویستە.

مەکتەبی بیر و هوشیاری

٦- دەرفەتەکانی گەنجان لە ڕێگەی خوێندنەوە باشتر فەراهەم دەبن. بۆ یارمەتیدانی ئەو گەنجانەی کە بێبەریبوون هەڕەشەیان لێدەکات، وەبەرهێنانی زیاتر پێویستە( لەلایەن حکومەت و شارەوانیەکانەوە) بۆ خۆپاراستن و دەرفەتەکانی خوێندنی تەواوی زانکۆدا. دەبێت درێژکردنەوەی ماوەی خوێندنی بەزۆر تاوەکو تەمەنی حەڤدە ساڵی و دواتر تاوەکو زۆربەی تەمەن لێکۆڵینەوەی تیا بکرێت. ئەمە ئامارێکی هەمەگیری کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی دەوێت. پێویستە خیارەکانی خوێندنی ناوەندی گشتی و پیشەیی بخرێتەبەردەم ئەوانەی کە کەوتوونەتەبەر هەڕەشەی بێبەریبوونی کۆمەڵایەتی. ئەمە پێگەی ئەو گەنجانە باش دەکات کە کەوتوونەتەبەر هەڕەشەی بێبەریبوونی کۆمەڵایەتی و بێکاری گەنجان کەم دەکاتەوە.

٧- پێویستە سیستەمی یارمەتی دارایی بۆ خوێندکاران بە شێوەیەك ڕێکبخرێت کە ئەوانەی لە ئاستێکی خوێندنی بەرزدان پاداشت بکرێن بۆ بەکارهێنانی ئەوەی لە وڵاتی خۆیاندا فێری بوون.

٨- پێویستە خوێندنی پیشەیی گەشەی پێبدرێت بە جۆرێك کە وەڵامدەرەوەی داواکارییەکانی ژیانی کار بێت.

## ٦- بەرەو بونیادێکی کارای شارەوانیەکان



مەکتەبی بیر و هوشیاری

لە گەلێك ڕێگەوە، ئەو دڵەڕاوکێیەی هاووڵاتییان هەیانە زیاتر دەبێتە شەخسی و تاکەکەسی. گیرۆدەبوون لە کاردا، دەستێوەردانی پێش وەخت لە کێشەکانی منداڵاندا، بەرگرتن لە نەخۆشی پیری و یاخود دامەزراندنی بێکاریش پەیوەستن بەمەوە کە داخۆ خەڵکی ئامادەکراون بۆ ئەوەی لێپرسراوێتی بگرنەئەستۆ یان نا. ئەمە بەزۆری گۆڕینی هەڵسوکەوت دەگرێتەوە بە ڕێگەیەك کە پێویستی بە چارەسەری تاکەکەسی و تەنانەت بەردەوام هەیە لەبری سیستەمی ستاندەرایزە کراو.

ئەو سیاسەتی خۆشگوزەرانییە نەریتییە( traditional)ی کە سەرنجی لەسەر تەواوی گروپە تەمەنییەکان یا دانیشتووان بوو هێشتا بایەخی ماوە. کرانەوەی ئابووری و کۆمەڵگە و کێبڕکێی خۆجێیی و نێودەوڵەتی گەشەکردوو، بەرهەمێنانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان سەختتر دەکات. پێویستە ئێمە بتوانین زیاتر بەرهەم بهێنین. ئامادەکردنی کارمەندە لێهاتووەکان لەئایندەدا سەختتر دەبێت. گەشەسەندنی سیستەمەکانی زانیاری و داواکارییە پێشکەشکراوەکان، هەروەها تێلێکۆمیونیکاسیۆن و داهێنانە تەکنۆلۆژییەکان، داوای کار کەم دەکەنەوە، بەڵام وەبەرهێنانی زیاتریان دەوێت.

ئەگەر ئیدارە شەفاف و نیان بێت، دەبێت بونیادەکەی سادەبکرێتەوە. پێویستە بتوانرێ تێچوونەکان بەش بکرێن. کاتێك

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کە ژمارەی کارمەندانی شارەزا و سەرچاوەی تر سنوورداربن ئیدارە دەتوانێت کیانی گەورەتری لە خۆگری خەڵکی کەمتر بەڕێوە ببات. گۆڕانکارییەکان مەیلیان لە کیانی گەورترە. خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی پێویستیان بە ئیدارەیەکی باش هەیە لە بری بیرۆکراسی کە لە ئاڵۆزکاوی خۆیدا گیر دەخوات.

## ١-٦ بەرەو خزمەتگوزاری باش لە شارەوانیدا

بواری شارەوانی بە گۆڕانێکی قووڵدا تێدەپەڕێت وچاوەڕوانییەکانی هاووڵاتییان لەمەڕ خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی تەحەدایەك دەخەنەبەردەم بڕیارەکانی لۆکاڵ. ڕێژەی باجی شارەوانی جیاوازە لەنێوان ١٥٪ بۆ ٢١٪. خۆبەڕێوەبەرێتی شارەوانییەکانی فنلەندە بەربڵاوترین دیاردەیە لە جیهانی خۆرئاوادا و ئەم نەریتە بەهادارە شایستەی پابەندبوونە پێیەوە. لەبەرئەوەی توانای شارەوانییەکان لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکاندا تەواو جیایە، دەستگەیشتنیش بە چۆنایەتی خزمەتگوزارییەکان لە بەشە جیاجیاکانی وڵاتدا جیاوازە.

جیاوازییەکانی نێوان شارەوانییەکان لە ڕووی قەرزداری و کورتهێنانی داراییەوە لەم ساڵانەی دواییدا زیادیکردووە. یەکسانی، بە چاوپۆشیکردن لە شوێنکەوتەی جوگرافی، ناتوانرێ بە ڕێسا نیشتمانییەکان پیادە بکرێت ئەگەر سەرچاوەی زیاتر نەخرێنە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەردەست. لەبری ئەمە، باشکردنی توانای ئابووری و تواناکانی شارەوانییەکان ڕێگەیەکی باشترە بۆ بەدیهێنانی یەکسانی بۆ هەموو هاووڵاتییان.

لە ٤٣٢ شارەوانی فنلەندە، ٣٣٠یان کەمتر لە ١٠,٠٠٠ دانیشتووانیان هەیە. هەرچی پەیوەندی بە ئایندەی تۆڕی قوتابخانەکانەوە هەیە، شیاوی تێبینیکردنە، کە لە سنووری زیاتر لە سەد شارەوانیدا، ژمارەی منداڵی تازەبوو لە ژێر ٢٠وەیە. هەرچەندە شارەوانییە بچوکەکان بە زۆری لە ڕووی مێژووییەوە گرنگی بەرچاویان هەیە و لە ڕووی شوناسی دانیشتووانەوە، لێهاتوویی ئەو شارەوانییانە بۆ سەربەخۆ چاودێریکردنی خۆشگوزەرانی خەڵکەکەیان لە مەترسیدایە، ئەگەر بونیادەکانی خزمەتگوزاری ریفۆرم نەکرێن.

هەرچەندە قەبارەی شارەوانی خۆی خزمەتگوزاری کاریگەر و شیاوی دەستپێوەگرتن مسۆگەر ناکات، ئاشکرایە کە دەبێت بونیادەکانی دابینکردنی خزمەتگوزاری بە ڕێك وپێکی چاوی پێدابخشێنرێتەوە. بۆ تێگەیشتن لە گۆڕان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە خەڵکی ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبنەوە و خۆشگوزەرانی دەخەنە مەترسیەوە، یان دەبێت لە ئایندەدا قەبارەی شارەوانییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد بکرێت یان ئەوەتا هاوکاری نێوان شارەوانییەکان تەواو بەهێزتر بکرێت. ئەمە گۆڕانی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

قوولّی گەرەکە هەم لە بیرکردنەوەماندا و هەم لە تێڕوانین و بەڕێوەبردنماندا.

لەبری کارکردن لە ئیدارەیەکی شارەوانی پارچەپارچەبوودا، پێویستە کارمەندان لە خزمەتگوزاری خەڵکدا ئیش بکەن. پێویستە خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی بە گەشەسەندن ، بە ڕاهێنانی مۆدێرنی کارمەندان، بە تۆژینەوە و ئامارەکان و لە ئایندەدا، بە وەبەرهێنان لە تەکنۆلۆژیای نوێ و بەکارهێنانیدا پەرەیان پێبدرێت.

شارەوانییە بچوکەکان بە تەنیا ناتوان دەست وپەنجە لەگەڵ ئەم ئەرکانەدا نەرم بکەن. شارەوانییەکانیش پێویستیان بە توانای دانوستانە بۆ بەشەکانی کڕین–یان و چالاکی تری کڕین. دروستکردنی کیانێکی خزمەتگوزاری بە توانای ئابووری باشەوە بناغەیەکی جەماوەری مەعقولی دەوێت. بە هەمان شێوە، سیاسەتەکانی کۆمپانیا، ژێرخان یان ژینگە بە زیاتر لە چوارسەد شارەوانی کە لە دژی یەکتری پێشبڕکێ دەکەن ناگەنە ئەنجامی باشتر.

هەرچی پەیوەندی بە بونیادی خزمەتگوزاری، توانای ئابووری شارەوانی و دابەشبوونی ئەرکەکان لە نێوان حکومەتی ناوەندی و شارەوانییەکانەوە هەیە، پێویستە دەستپێکەکە ئەوە بێت کە لێپرسراوێتی بۆ خزمەتگوزارییەکان لەسەر بنەمای شارەوانی بێت. قەبارەی شارەوانییەکان لە زیادبوونە و چارەسەری هاوبەشی نێوان



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

شارەوانییەکان پێویستن. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت مافەکانی باجدانان و لێپرسینەوەی دیموکراتییانە پەیوەست بە یەکەیەکی شارەوانی دیاریکراو بمێنێتەوە. دەبێت باجەکان لەلایەن هەمان ئەو خەڵکانەوە دابنرێن کە نوێنەرانیان هەڵبژاردووە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە چۆن پارەی باج جیا دەکرێتەوە. ئەگەر ئەم دووانە جیاکرانەوە، ئەوا نە پارە چیتر خاوەنێکی دەبێت و نە دیموکراسیش ڕوویەکی ناسراوە.

خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی کارا پێویستی بەوەیە کە لە مەودایەکی نزیکدا بەردەست بن. بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکان باش بن، پێویستە بەکاربەران بناسرێن و گوێ لە داواکارییە تایبەتییە تاکەکەسییەکانیان بگیرێت. هەر بۆیە دەبێت تۆڕی دابینکردنی خزمەتگوزاری گرێدراو بێت زیاتر لەوەی کە دابەشبێت بۆ شارەوانی گەلێك یان یەکە هاوکارەکانی نێوان شارەوانییەکان. ئەمە پەیوەندی بە خزمەتگوزاری وەکو قوتابخانەکان، ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی و ناوەندەکانی چاودێری ڕۆژانەوە هەیە. دەبێت خەڵکیش وەکو بەکارهێنەر و بەکاربەرانی خزمەتگوزارییە شارەوانییەکان، قسەیان هەبێت لەمەڕ چۆنایەتی، نزیکی و دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان.

## ٦-٢ ئابووری شارەوانی خۆژێن

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پێکەوە لەگەڵ ریفۆرمی بونیادی شارەوانییەکان، پێویستە هاوبەشی( contribution)ی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکانی حکومەتی ناوەندی و شارەوانییەکان چاویان پێدا بخشێنرێتەوە. لەچەند دەیەی داهاتوودا، بەردەستبوون و پارەی خزمەتگوزارییە بنچینەیەکان وەهەروەها پێکەوەگونجانی بونیادیی پێداویستی خزمەتگوزاری و کارایی سیستەمی خزمەتگوزاری رووبەرووی تەحەدای گەورە دەبنەوە بەهۆی گۆرانی بونیادی دانیشتووانەوە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم تەحەدییانە، پێویستە سیستەمی خزمەتگوزاری بنچینەیی دابەشبوونێکی ئاشکرای بەرپرسیارێتی بگرێتەخۆ لە نێوان حکومەتی ناوەندی، شارەوانییەکان و تاکەکاندا.

لە فنلەندە، بەرپرسیارێتی رێکخستنی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەستۆی شارەوانییەکاندایە. پێویست ناکات ئەم پرەنسیپە بگۆردرێت. خزمەتگوزارییە شارەوانییەکان نزیکن لە هاوولاتییان و دەتوانرێت بە گوێرەی بارودۆخی لۆکاڵ و پێویستییە گۆڕاوەکان بە شێوەیەکی نەرم و نیان بگونجێنرێن. پێویستە بونیادی شارەوانییەکان و هاوکاری نێوان شارەوانی گەشەی پێبدرێت بۆ باشکردنی کاریگەرێتی تێچوون(لەبەرچاوگرتنی سوود نەك برەپارەی خەرجکراو) و کاریگەری سیستەمی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پێویستە پارەی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان چاوی پێدابخشێنرێتەوە. ناکرێ بەشی باجەکانی بەکارهێنەر بە شێوەیەکی جەوهەری زیاد بکرێت بەبێ ڕیسککردنی ئەو پرنسیپە بنەڕەتییەی کە دەڵێت پێویستە خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان بەلاش بن. لەبری ئەمە دەشێت بە باشکردنی کاریگەری سیستەمی خزمەتگوزاری و یەکسانی هاوولاتییان جارێکی تر باجەکان جیابکرێنەوە.

پێویستە سیستەمی کۆمەکبەخشییەکانی دەوڵەت چاوی پێدا بخشێنرێتەوە. سیستەمی هەنوکەیی، کە تیایدا هەردوو حکومەتی ناوەندی و شارەوانییەکان پشکی جێگیریان تێدا هەیە، لە ڕەوگەی مێژوودا بەرقەرار کراوە بۆ دابینکردنی پارە بۆ خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان، دابەشبوونی بەرپرسیارێتی، پارەدابینکردن لێڵ دەکات و مشتومرێکی بێ ئاکام دەنێتەوە لەنێوان حکومەتی ناوەندی و شارەوانییەکاندا. نەبوونی پەیوەندییەکی روونیش لەنێوان پارەدابینکردن و خزمەتگوزاری دابینکردن کاریگەرێتی تێچوون–ی خزمەتگوزارییەکان دەخاتەمەترسیەوە.

تاوەکو ناوەڕاستی نەوەدەکان، باجدانانی شارەوانی بە شێوەیەکی بەرچاو رێکخراوە. خوێندنی بنچینەیی و خوێندن بە داهاتی موچە کە لە باجی شارەوانیدا جێبەجێکراوە ڕەگەزێکی هەڵکشاو(باجی کەم بۆ هەژاران و باجی زۆر بۆ دەوڵەمەندان)ی پەسند کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٤دا، تێکرای خەملێنراوی ڕێژەی باجی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

شارەوانی ١٨,٠٣٪ بووە، لە کاتێکدا کە ڕێژەی واقعی ١٤٪ بوو. لە ڕاستیدا ئەو کەسانەی کە ساڵی ڕابردوو مانگانەیەکی سەروو ٦٠٠٠ ئیورۆیان هەبوو، تێکڕایەکی ١٧٪یان لە باجی شارەوانی دا لە داهاتی باج لەسەر دانراویان. لە کاتێکدا کە ئەوانەی نزیکەی مانگانە ١٥٠٠ ئیورۆیان وەردەگرت ڕێژەیەکی تەواو کەمتریان لە باجەکە دەدا، یان نزیکەی ١٣,٥٪یان دەدا.

پێویستە ئەو قورساییەی بەهۆی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکانەوە کەوتووەتەسەر شانی کۆمەڵگە بهێنرێتەناو پرۆسەیەکی بڕیاردان—ی دیموکراتییانەی ڕوونەوە. ئەمە بە باشترین شێوە بەدەستدەهێنرێت ئەگەر پارەی گشتی بۆ خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان بە شێوەیەکی ڕوونتر لەئێستا لە سەر بنەمای ئەو خزمەتگوزارییانە بێت کە پەیوەستن بە سامانی باجی شارەوانییەکان. ئەمە یاریدەدەرێکی تر دەبێت بۆ خۆبەڕێوەبردنی شارەوانییەکان و کەمتر پەیوەستیان دەکات بەو بڕیارە داراییانەی کە حکومەتی ناوەندی دەیاندات لە هەر کاتێکی دیاریکراودا. تێکڕای ڕێژەکانی باجی شارەوانی ڕاستەوخۆ ئەو قورساییە پیشان دەدات کە بەهۆی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکانەوە کەوتووەتەسەر ئابووری گشتی. ئەگەر پشکی باجی شارەوانی لە پارەی دابینکراوی خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی زیادکرا، ئەوا دەبێت دادپەروەری دابەشکردنی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

داهات بە گەشەپێدانی، بۆ نموونە خوێندن بە داهاتی موچە ، مسۆگەر بکرێت.

زیادکردنی گرنگی پێویستی باجی شارەوانی و چاوپێداخشاندنەوەی پەیوەندیداری سیستەمی کۆمەکبەخشییەکانی دەوڵەت بۆ ئەوەی ببێتە سیستەمێکی هاوسەنگکاری نێوان— شارەوانییەکان، ڕێگەیەکی سروشتی پشتگیرییە بۆ ریفۆرمکردنی بونیادی شارەوانییەکان. پێویستە ریفۆرمی باج داواکارییەکانی دابەشکردنی عادیلانەی داهات، توانای داهێنان و سادەیی سیستەمی باج هارمۆنیزە بکات.

سیستەمی کۆمەکبەخشی دەوڵەت پێویست دەبێت بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی سامانەکانی باج لە نێوان شارەوانییەکاندا. دەبێت سیستەمی کۆمەکبەخشی دەوڵەت بەکاربهێنرێت بۆ هاوسەنگکردنی ئەو جیاوازییانەی بەهۆی جیاوازییەکانی بارودۆخی شارەوانییەکان تووشی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان هاتووە. بە تایبەت پێویستە باشکردنی بارودۆخی ئەو ناوەندانەی گەشەپێدان کە تیایاندا ژمارەی هەردوو منداڵان و بەساڵاچووان لە زیادبوونە تێبینی بکرێت. هەروەها پێویستە سیستەمەکە سامانێکی باجی هاوسەنگکار لەم فۆرمەی ئێستایدا بگرێتەخۆ.

هەرچی پەیوەندی بە پرۆگرامی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکانەوە هەیە، دەبێت حکومەتی ناوەندی و شارەوانییەکان بە هاوبەشی تێکڕای ئەو باری قەرزە هەڵبسەنگێنن کە خزمەتگوزارییە بنچینەییە یاساییەکان پێویستیانە. پێویستە پرۆگرامی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکانیش ئەو ئامانجانە دیاری بکات کە پەیوەندییان هەیە بە پێکهاتە، تاکە نرخەکان، چۆنایەتی و بەرخوردی خزمەتگوزارییە بنچینەیەکان و دەسکەوتەکانی ئەم ئامانجانە چاودێری بکات. پێویستە پرەنسیپەکانی ئاراستەکردنی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان لەسەر بنەمای ڕێسا لەمسەر بۆ ئەوسەری کەرتە جیا جیاکانی ئیدارە هارمۆنیزە بکرێن. پێویستە کۆنترۆڵی حکومەت ڕادەی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان باش بکات لە سەردەمانێکدا کە بونیادی دانیشتووان لە گۆڕاندایە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## دەرەنجامەکان:

١-بۆ زامن کردن و گەشەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی، پێویستە وتوێژێکی تەواو بخرێتەگەڕ لەبارەی بونیادی شارەوانییەکانەوە و پێویستە ئەنجامەکانی هاوکاری نێوان-شارەوانی هەڵبسەنگێنرێن. دەبێت بەیەکداچوونی شارەوانییەکان، یان هاوکارییەکی بەرچاو و زۆر، کاری بۆ بکرێت.



٢- پێویستە بونیادی خزمەتگوزاری شارەوانییەکان و توانای دانوستانی پەیوەندیدار بە دابینکارانی خزمەتگوزاری تایبەت، بە ریفۆرمکردنی بونیادی شارەوانییەکان، بەهێز بکرێت .

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

٣-دەبێت هەوڵی تایبەت بە دروستکردنی تۆڕی خزمەتگوزاری فەراهەم بۆ هەموو هاووڵاتییان بخرێتەگەڕ.

٤-دەبێت پێگەی دارایی شارەوانییەکان بەهێز بکرێت بۆ ئەوەی پارەی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان زیاتر و زیاتر بتوانێت بکەوێتەسەر بنەمای سامانی باجی شارەوانی. دەتوانرێ سیستەمی کۆمەکبەخشی دەوڵەت بەرقەرار بکرێت بۆ هاوسەنگکردنی جیاوازییەکانی نێوان شارەوانییەکان. بە شێوەیەکی تایبەت، باشکردنی پێگەی دارایی ئەو شارەوانییە ڕوو لە گەشانە پێویستە کە تیایاندا ژمارەی هەردوو منداڵ و پیر زیاد دەکات. پێویستە حکومەت بە بەردەوامی سۆراخی سیاسەتی لەناوەند دامالینی خۆی بکات.

## ٧-خزمەتگوزارییە گشتییەکان خۆشگوزەرانی مسۆگەر دەکەن

کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی، خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی گشتی پێشکەشی هەموو هاووڵاتییان دەکات. ئامانجەکە بریتییە لە زیادکردنی ئۆتۆنۆمی تاکەکەس و یەکسانی و داهات دابەشکردنی بەجێ. گواستنەوەکانی داهات و خزمەتگوزارییە گشتییەکان پێکەوەگرێدراون لە کاریگەرییان لەسەر ژیانی هاووڵاتییان.

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

گواستنەوەكانی داهاتە كۆمەڵایەتییەكان–هەروەها باجی هەڵكشاو– بۆ كەمكردنەوەی نایەكسانییەكانی داهاتە لەنێوان تاكەكاندا، بەڵام خزمەتگوزارییە گشتییەكانیش لەمەدا ڕۆڵێكی گرنگ دەبینن.

ئامانجی كۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی سكەندەناڤی ئەوەیە كە خزمەتگوزارییە گشتییەكان بۆ هەمووان بەردەست بن وئەمەی كە ناوەرۆك و چۆنایەتییان هەمیشە یەك بێت لە پرەنسیپدا. خەڵكی ئەم خزمەتگوزارییانە لە گەلێك قۆناغی ژیانیاندا و لە بارودۆخی پێشبینی نەكراودا بەكاردەهێنن، بۆ نموونە ئەو كاتەی كە ڕووبەڕووی نەخۆشی یا ڕووداو دەبنەوە. لەبەرئەوەی خزمەتگوزارییەكان دەخرێنەبەردەست هەمووان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی داهات، ئەم خزمەتگوزارییانە بە هەمان شێوە ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕن لە كەمكردنەوەی جیاوازییەكانی داهات لەنێوان تاكەكاندا. بە تایبەت لە ماوەی كەسادی نەوەدەكاندا، گرنگی خزمەتگوزاری گشتی لە كەمكردنەوەی جیاوازییەكانی داهاتدا ڕوون و ئاشكرا بوو.

خوێندنی خۆڕایی لە گرنگترینی ئەم خزمەتگوزارییانەیە. خوێندن بە شێوەیەكی نەریتی نیشانەی كەناڵێك بووە بۆ جوڵانی كۆمەڵایەتی بەرەو سەرەوە و ڕێگەیەك بۆ زانین و تێگەیشتنی زۆرتر. نایەكسانی لە بوارە تەندروستییەكاندا بەردەوام دەبێت لە



مەكتەبی بیر و هۆشیاری

دروستكردنی كێشە بۆ دەوڵەتانی خۆشگوزەرانی. ئەوانەی خوێندنی باڵایان هەیە ساخڵەمترن و تەمەنیان درێژترە.

گەلێك لە خزمەتگوزارییە گشتییەكان لە ڕێگەی كاری هاوڵاتییە خۆبەخشەكان و ڕێكخراوەكانەوە دەستی پێكردووە. لەگەڵ فراوانبوونی چالاكییان و ناسینەوەی پێویستی ئاشكرا، هەر خزمەتگوزارییەك بە شێوەیەكی گشتی لەلایەن شارەوانییەكانەوە گیرایە ئەستۆ. مێژووی بزاڤی سۆسیال دیموكرات گەلێك نموونەی ئەوە دەگرێتەخۆ كە چۆن خەڵكی بە هاوبەشی دەستیانكردووە بە یارمەتیدانی ئەوانەی كە پێویستیان پێیبووە و چالاكییەكە پەیتا پەیتا بە چاودێری بۆ بەساڵاچووان، دابینكردنی ڕۆژی پشووی پشتگیریكراو و یاخودماڵەكانی دایك–و–منداڵ و پەناگە بۆ ژنان بتەو بووە.

كۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی فنلەندی، فنلەندەی هێناوەتە ناو نەتەوە هەرە كێبڕكێكارەكان لە بەراوردكردنە نێودەوڵەتییەكاندا. سیستەمەكانی پەروەردە و چاودێری تەندروستیمان كاران و لە ڕیزی ئەوانەدان كە لە سەرتاسەری جیهاندا گەورەترین كاریگەرییان هەیە. لە بەرئەوە دەست گرتن بە تایبەتمەندییە بنچینەییەكانی ئەم سیستەمانە تەنانەت لە ئایندەشدا كارێكی ژیرانەیە.

## ١-٧ هاووڵاتیبوونی چالاك

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەستپێكی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەكان ئەوەیە كە لێپرسراوێتی بەسەر ئەستۆی هەمواندا دابەش بكرێت. دەبێت خزمەتگوزارییەكان پشتگیری كۆشش و چالاكی شەخسی تاكەكان بكەن. شارەوانییەكان ناچارن ئاستێكی پێویستی خزمەتگوزارییەكان بە گوێرەی پێویستییەكانی دانیشتووان دابین بكەن. یاساكان تەنیا پێناسەیەكی گشتی خزمەتگوزارییەكان دەگرنەخۆ كە داوا لە شارەوانییەكان دەكرێت دابینی بكەن. ئەوە شارەوانییەكان خۆیانن كە بڕیار لەسەر تەفاسیلی دابینكردنەكە دەدەن. هەر بۆیە بونیادی شارەوانییەكان و شێوازەكانی كاركردنی شارەوانییەكان چارەنوسسازن بۆ چۆنایەتی و بەردەستبوونی خزمەتگوزارییەكانی خۆشگوزەرانی.

شارەوانییەكان بە تایبەت پێویستە لەسەریان كە خزمەتگوزارییە دیاریكراوەكان دابین بكەن. دانیشتووان شایستەی یارمەتی كۆمەڵایەتیین، ئەگەر داهاتەكەیان بەشی نەكرد بۆ خەرجییە بنەڕەتییەكان. ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەهاكانی كۆمەڵگەی خۆشگوزەرانییە: ناكرێ كەس بە بێ دەرەتانی جێبهێڵرێت. بۆ ئەو خەڵكانەی كە لە كەمئەندامیەكی سەختدا دەژین، شارەوانییەكان لەسەریانە كە شوێنی نیشتەجێ بوون و خزمەتگوزاری گواستنەوە و خزمەتگوزاری وەڵامدەرەوە دابین بكەن. ئەمە یارمەتیان دەدات كە بە هەمان هەنگاوی دانیشتووانی تەندروست بجولێن. دایك و باوكانی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

منداڵانی بچوك ئەو بەناو مافە خۆییەیان هەیە كە دەرماڵەی چاودێری منداڵ یان شوێنێك لە چاودێری ڕۆژانەی شارەوانی هەڵبژێرن و منداڵانی ژێر تەمەنی قوتابخانە شایستەی چاودێری ڕۆژانە و فێربوونی پێش قوتابخانەن.

ئۆتۆنۆمی شارەوانی لە ڕێكخستنی خزمەتگوزارییەكان بە بڕیاری خۆیان لە ڕێگەی ریفۆرمی سیستەمی كۆمەكبەخشی دەوڵەتەوە لە ١٩٩٣ بە شێوەیەكی بەرچاو فراوانكرا. هێشتا تا ڕادەیەك حكومەت بە دابینكردنی ڕێساكانی ناوەڕۆك و باجەكانی خزمەتگوزارییەكان چالاكییەكان ڕێكدەخات ، هەرچەندە گەلێك لە بەندوبارەكان لەم ساڵانەی دواییدا لابران.

## ٧-٢ ئەوەی كە پەیوەندی بە هاووڵاتییانەوە هەیە

خزمەتگوزارییەكانی خۆشگوزەرانی لەناو هاووڵاتییاندا برەویان هەیە و بەشێوەیەكی بەرفراوان قبوڵ دەكرێن. لە ڕاستیدا، هاووڵاتییان ئامادەن باجی زیاتر بدەن ئەگەر پارەی ئەو باجەی كە دادەنرێت بۆ خوێندن یا تەندروستی بەكاربهێنرێت.

فنلەندە لە ناوەند-دامەڵراوترین سیستەمی بڕیاردانی هەیە لە جیهاندا لە ڕووی سیستەمەكانی دابینكردنی خۆشگوزەرانییەوە، چونكە شارەوانییەكان لێپرسراوێتی دەگرنەئەستۆ و ژمارەیان زۆرە. ئامانجی ئۆتۆنۆمی شارەوانی بریتییە لە دابینكردنی

خزمەتگوزارییەکان وەکو وەڵامێك بۆ پێویستییەکانی لۆکاڵ و بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی بڕیاردانی شەفافی بەڕێوەبراو لەلایەن دەستە گەلێکی دیموکرات. شارەوانییەکان لەسەریانە خزمەتگوزارییەکان ڕێکبخەن، بەڵام پێویست ناکات بەرهەمی بهێنن. بە گوێرەی ئاواتیان دەتوانن سوود کەس و لایەنی دابینکەری خزمەتگوزاری تریش وەربگرن.

لەم چرکەساتەدا، کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی فنلەندی بە شێوەیەکی بەجێ تێچوونێکی کاریگەر–ی هەیە( گرنکی دەدرێت بەو سوودەی پێیدەگات نەك ئەو پارەیەی لێی خەرج دەکرێت). لە ڕووی تێچوونەکانەوە، ئاستی ئێمە دەکەوێتە خوارووی تێکڕای یەکێتی ئەوروپییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتگوزاری باش و هەمەڕەنگە. وەکو ڕێسایەك، دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە فنلەندە بە باشی کار دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ، ئایندە تەحەداگەلێك دەهێنێتە پێشەوە کە پێویستیان بە وەڵامدانەوە هەیە.

بەساڵاچوون، هەروەها ئەو کوت و بەندانەی پێشبڕکێی گلۆباڵ دروستیان دەکات و گووشارەکانی باج، پێویستیان بەوەیە کە خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی باشتر لەبەرچاوبگیرێن و دابینکردنی خزمەتگوزاری کاراتر بکرێت. تەحەداکانی کارایی پێش هەموو شتێك گرێدراون بە پرۆسەکان، شێوازەکانی ئیشکردن، بونیادەکان و مۆدێلەکانی هاوکاری. پێویستە شارەوانییەکان لەناو



شارەوانییەکان تردا ، لە کەرتی تایبەت و کاری خۆبەخشانەدا بە دوای شەریکدا بگەڕێن.

پێویستە بەرپرسیارێتییەکانی شارەوانییەکان، حکومەت، بازاڕ و تاکەکان وەکو تاکە کیانێك بپشکنرێت. پاشەکشێی یەکێك لەمانە بەو مانایەیە کە بەرپرسیارێتییەکەی چووەتە سەر شانی ئەوانیتر، بە دەبڕینێکی تر، ناکرێ کارایی کەرتی گشتی چەمکێکی سەربەخۆ بێت. گرتنەبەرێکی باشکراوی ئامانجەکان پێویستە، چونکە سامانە کەمەکان بە هەموو شتێك ڕا ناگەن.

پێوانەکردنی توانای بەرهەمهێنانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان قورسە. وێڕای دابینکردنی بەرهەمەکانی خزمەتگوزاری، ئەمانە لەسەر پرەنسیپی بەدەستهێنانی کاریگەری کۆمەڵایەتی ئیش دەکەن، بۆ نموونە خوێندن، تەندروستی باش و ژینگەیەکی خۆش.

هیچ پێوەرێکی گشتی لە ئارادانییە بۆ بەرقەرارکردنی توانای بەرهەمهێنانی خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی. لە ڕاستیدا توانای بەرهەمهێنان لە خزمەتگوزارییەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە ئەگەر بڕوانینە ڕێژەی خەرجی بۆ داهات. هەرچۆنێك بێت، ئامانجی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بەرهەمهێنانێکی کارای ئەنجامە ، بە دەربڕینێکی تر، پێویستە خزمەتگوزارییەکان بە شێوازێکی باشتر بەکاربهێنرێن بۆ هێنانەکایەی ئەو ئەنجامەی کە بە ئامانج پێناسە کراوە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

خوێندن، چۆنێتی–زانین بەرهەم دەهێنێت، خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان تەندروستییەکی باشتر بەرهەم دەهێنن وخزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوەبردنێکی باشتری ژیان بەرهەم دەهێنن. پێویستە توانای بەرهەم هێنان و کارایی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان زیاتر لە ڕوانگەی تێکڕای ئابووری و کۆمەڵگەوە هەڵبسەنگێنرێت. فاکتەری سەرەکی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکی سەرکەوتوو لە بەرخوردەکەیدایە، واتە ئەمەی کە خزمەتگوزارییەکان بە چ ڕادەیەك ئەو کێشانە چارەسەر دەکەن کە بۆیان دیاریکراون.

پێویستە خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە تایبەت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوولاتی گەشەیان پێبدرێت. پێویستە ئەمانە وەلامدەرەوەی پێداویستییە تاکەکەسییەکان بن وپێویستە دابینکردنی خزمەتگوزاری ئەوەندە نیان بێت کە لەگەڵ بەکارهێنانی کات لەلایەن هاوولاتییەوە کۆك بێت. ئەمە مانای وایە کە، وێڕای شتەکانی تر، دەبێت خزمەتگوزارییەکان لە دەرەوەی کاتی دەوامی هاوولاتیشدا شیاوی دەستپێگەیشتن بن. ئەمە بە تایبەت لە چاودێری تەندروستیدا گرنگە.

### ٣–٧ پێویستە هەبوونی هێزی کار زامن بکرێت



دانیشتووانی بەساڵاچوو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دووفاقیان هەیە لەگەڵ خزمەتگوزارییە گشتییەکانی خۆشگوزەرانی. لەلایەکەوە، دانیشتووانی بەساڵاچوو واتە پێویستی زیادبوو بۆ خزمەتگوزارییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی، لەلایەکی ترەوە، ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی کە لەلایەن خزمەتگوزاری گشتییەوە دامەزرێنراون لە ماوەیەکی کورتدا خانەنشین دەبن.

سیاسەتی کار و گەشەپێدانی تر لە کەرتی گشتیدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە وەڵامدانەوەی پێویستی کار. دەشێت داواکانی هاوولاتییانی پیر بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە باشترین شێوە لە گەڵ چاودێرییەکی جوڵێنەرانەی توانای کردارییان هاوتەریب بێت. ئەمە پێویستبوون بە چاودێری و پەرستاری کەم دەکاتەوە.

پێویستە خزمەتگوزاری گشتی کاراتر بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا، پێویستە چاودێریکردن هەبێت بۆ جەختکردنەوە لە چۆنایەتی بەرز و هاوتایی مرۆیی. پێویستە خۆشگوزەرانی کارمەند بە باشکردنی چۆنایەتی ژیانی کار مسۆگەر بکرێت. پێویستە شارەوانییەکان چۆنایەتی–زانینیان لە سیاسەتی ڕێبەرییکردن و سەرچاوە مرۆییەکاندا باش بکەن و هەروەها دەرفەتی کاری باش و کێبڕکێکارانە دروست بکەن.

پێویستە کارپێکردنی تەکنۆلۆژیای نوێ لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا پەرەی پێبدرێت. لە کاتێکدا کە ئەرکە ئیدارییەکان کەم

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەبنەوە و بونیادی کەرتی گشتی ریفۆرم دەکرێت، کارمەندی زیاتر بۆ کاری بەکاربەر و کارمەندی کەمتریش بۆ ئیدارە پێویست دەبێت. دەبێت بایەخی خوێندنی پیشەییش لەناو ئەم ئەرکانەدا زیاتر بکرێت. کاری نەرم و نیان و چالاك لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا پێویستی بەوەیە کە سنووری نێوان پیشە جیاوازەکانی خزمەتگوزاری کاڵتر بکرێنەوە.

## ٤-٧ دەستپێشخەرییەکان و ڕێکخراوەکانی کەرتی سێیەم وەکو بەشێك لە دەزگای خۆشگوزەرانی

بونیادی خزمەتگوزاری شارەوانی، کارایی و کاریگەری خزمەتگوزارییەکان بەرقەرار دەکات. ئێمە پێویستمان بە سیستەمێکە کە باشترە بۆ هاووڵاتییان و تیایدا مەرجەکانی فێربوون بۆ هەمووان زامن کراوە و سەرنج خراوەتەسەر خۆشگوزەرانی و بەرگرتن لە کێشەکان.

خوێندنی باش و گەردوونی مۆسیقامان، مۆسیقاری جیهانی دروست دەکات، دامەزراوەی فێرکردنی پێش قوتابخانە و قوتابخانەی هەمەگیر باشترین خوێندەواری جیهان ئامادە دەکات، کلینیکەکانی سیستەمی خۆشگوزەرانی منداڵ تەندروستترین منداڵ لە جیهاندا ئامادە دەکەن. بەبێ چاودێری تەندروستی سەرەتایی، تێچوونی چاودێری پزیشکی تایبەتکراو بەرزتریش دەبێت وبەبێ



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

چاودێری ڕۆژانە، دۆزینەوەی کار بۆ دایکان و باوکان سەخت دەبێت. بە تایبەتکردنی لایەکی دەزگاکە دەبێتەهۆی نیمچەکارایی: باشترین بەشی خزمەتگوزارییەکان لوش دەدرێن و باری قورسی هەموو لێپرسراوێتییەکە لەسەر شانی شارەوانی دەمێنێتەوە.

خزمەتگوزارییە تایبەتییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی کاری کڕینی شارەوانییەکان پارەیان بۆ دابین دەکرێت، بە هەمان شێوە لە ڕێگەی بیمەی تەندروستی نیشتمانی–شەوە. لەناو بواری خوێندندا قەڵەمڕەوی خزمەتگوزارییە تایبەتییەکان زۆر بەرتەسکە. دەستپێشخەرییەکان و ڕێکخراوەکان نزیکەی یەك لەسەر پێنجی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی بەرهەم دەهێنن. لەناو چاودێری تەندروستیدا ژمارەیەکی زۆری پزیشك هەن کە وێڕای خزمەتگوزارییە گشتییەکەیان نەشتەرگەری تایبەت بەڕێوەدەبەن، – و ژمارەی پزیشکە تایبەتییەکان بە تەنیا زۆر کەمە. لە فنلەندە ژمارەیەکی کەمی نەخۆشخانەی تایبەتی کار دەکەن.

لە چاودێری تەندروستی پیشەییدا مەودای چالاکی تایبەتی زۆرە. ژمارەی ئەو بەڵێندەرانەی کە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی دابین دەکەن ڕوو لە زیادبوونە. ئەمانە بە گشتی بەڵێندەری بچوکن کە خزمەتگوزاری چاودێری دابین دەکەن. هەرچۆنێك بێت ئاراستەکە بەلای ئەوەدایە کە بازاڕێك و دەسکەوت گەلێکی بۆ کۆمپانیاکان

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بــەدواوە بێــت. ماوەیــەکی زۆرە کــە کۆمپانیــا یــان بــازاڕە خزمەتگوزارییەکان ویستوویانە لە لیستی بۆرسەدا ڕیزبەندی بکرێن. قــازانجخوازی مەحاڵــە و بــە تــەواوی نامۆیــە بــە خزمەتگوزارییــەکانی کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی سکەندەناڤی، لە کاتێکدا کە بە شێوەی کێبڕکێکارانە سروشتییە.

### ٧-٥ بەندوبارى ڕوون بۆ خزمەتگوزارییەكان لە كڕیندا

وا باشــــترە بــــۆ شــــارەوانییەکان کــــە کیــــانێکی بەرچــــاوی خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی بنیات بنێن، کە تیایدا بونیادێکی باشی خزمەتگوزاری بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن خزمەتگوزارییە گشتییەکان مسۆگەر بکرێت و بـەهۆی ئـەو خزمەتگوزاریانـەوە تـەواو بکرێـت کـە لەلایـەن NGOکـان و دەستپێـشخەرییەکان دابـین دەکـرێن. دەبێـت هانـا ببرێتەبـەر شـارەزایی نایـابی NGOکان و دەستپێـشخەرییەکانی خزمەتگوزارییــە کۆمەڵایەتییــە بــچوکەکانی لۆکاڵ، ئەگەر ئەمانە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی شـارەوانی بـن. ئەگەری هەیە کە هەردوو کـاری خۆبەخـشانە و هاوبەشـی بەکاربـەرە خۆژێنەکان لە ئایندەدا زیاد بکات وئەمەش پێویستی بـۆ ژمارەیـەکی فراوانی خزمەتگوزاری نەرم و نیان زیاد دەکات.

پێویستە پێگـەی بتـەوی خزمەتگوزارییـە گـشتییەکان چۆنایەتی نـزم و بێبـاکی لێنەکەوێتـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، لـە بەراوردکردنـە



نێودەوڵەتییەکاندا، ئێمە لە ڕووی خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە بە ڕادەیـەکی زۆر کێبڕکێکـارین، نابێـت ئێمـە بـە چـۆنایەتی و ئاسـتی هەنوکەیی خزمەتگوزارییەکان ڕەزامەند بین.

بـۆ لـە دەرەوەڕا کێـشکردنی وزە بـۆ خزمـەتگوزاری گـشتی یـان کڕینەکانی خزمەتگوزاری، پرەنـسیپی ڕوونـتر پێویـستە، بـە تایبـەت پەیوەست بە خزمەتگوزارییەکانی چاودێرییەوە، کە بە زۆری کێشەی مرۆیـی بنـچینەیی دەگرێتـەخۆ. پێویـستە پێناسـەکردنی چۆنایەتی خزمەتگوزارییــەکان لــە پــێش هــەموو شــتێکەوە بێــت. پێویــستە سیــستەمەکانی پێــشکەشکردن شــەفاف و عادیلانــە بــن. بــۆ مـسۆگەرکردنی چـۆنایەتی خزمەتگوزارییـە کڕدراوەکـان، پێویـستە شـێواز و ئامرازەکـانی چـاودێریکردن و هەڵـسەنگاندن گەشـەیان پێبـدرێت و پێویـستە دەسـەڵاتەکان جـەخت بکەنـەوە لـەوەی کـە قۆنتەراتە ڕێکخراوەکان بایی پێویست شەفافن. سەرباری ڕێکخستنە پێویــستەکانی کۆتــایی، پێویــستە قۆنتەراتــەکان دابینکــەری خزمەتگوزاری ناچار بکەن کە قەرەبوو بدات ئەگەر خزمەتگوزارییەکە جارێکی تر نەیتوانی وەڵامی ستانداردی بڕیار لەسەر دراو بداتەوە.

پێویستە دەسەڵاتە گشتییەکان دەسترۆییەکی بەربەستنەکراویان هەبێت بۆ زانیـاری و بتـوانن کـۆنترۆڵ پیـادە بکـەن. ئەگـەر کـرداری دابینکـاری خزمـەتگوزاری تایبـەت لەگـەڵ ڕێککەوتننامەکانـدا کـۆك نەبێت، ئەوا پێویستە دەسەڵاتی گشتی مەودای لـە ئەسـتۆگرتنەوەی

بەپرسیارێتی خزمەتگوزارییەکەی هەبێت. ئەگەر خزمەتگوزارییەکە بەشێك بێت لە سیستەمێکی خزمەتگوزاری گشتی، ئەوا نابێت دابینکارەکە مافی ئەوەی هەبێت بەکاربەرەکان هەڵبژێرێت.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**دەرەنجامەکان:**

١- پێویستە پرەنسیپی خزمەتگوزارییە گشتیە هەمەگیرەکان- هەر کەسێك بە گوێرەی سامانەکەی پارە دەبەخشێت، هەموو کەسێك شایستەی خزمەتگوزارییە- بە بەردەوامی پیادە بکرێت.

٢- پێویستە توانای بەرهەمهێنانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان گەشەی پێبدرێت بەبێ قورسکردنی باری سەرشانی کارمەندان. ئەمە بە واتا، وێڕای شتەکانی تر، پرۆسە، شێوازەکانی کار و سیستەمەکانی بەڕێوەبردن چاویان پێدا بخشێنرێتەوە و تەکنۆلۆژیای نوێ زیاتر و زیاتر بخرێتەکار.

٣- پێویستە داوای هێزی کاری ئایندە لە کەرتی گشتی پێشبینی بکرێت، وێڕای شتەکانی تر، پێویستە شارەزایەتییە بایەخدارەکان زیاتر هەڵبسەنگێنرێن و خوێندن لە بواری پەیوەندیدار دا ئاراستە بکرێتەوە بۆ سەرنج خستنەسەر کاری خزمەتگوزاری پراکتیکی و دەبێت کارە کاتییەکان ببنە کاری هەمیشەیی.

٤- دەشێت دابینکارانی خزمەتگوزاری لە کەرتی سێیەم و کەرتی تایبەت سوودیان لێوەربگیرێت بۆ تەواوکردنی



خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کاتێك کە ئەمانە بەشێکن لە سیستەمی خۆشگوزەرانی هاوشانی بەڕێوەبردنێکی دیموکرات و سیاسی.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

٥- پێویستە بەندوبارەکانی کڕینی خزمەتگوزاری ڕوون بن و لەسەر ئاستی سیاسی پێناسە بکرێن. وێڕای قازانجی ئابووری، پێویستە پیادەبوونی چۆنایەتی باش و سەرپەرشتیکردنی چالاکی، پێوەری سەرەکی بن لە خستنەڕووی قۆنتەراتە خزمەتگوزارییەکاندا.

٦- بۆ پشتگیریکردنی دروستکردنی بڕیار، پێویستە تۆژینەوە گەشەی پێبدرێت بۆ هەڵسەنگاندنی قازانجی ئابووری و قازانجەکانی تر کە لەلایەن دەزگای خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە بۆ کەرتە جیاجیاکان بەرهەم هێنراون .

## ٨-بەرەو خۆشگوزەرانییەکی هەمەگیر

لە کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانیدا، پێویستە هاووڵاتییان دەرفەت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەرکیشیان هەبێت بۆ لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی تەندروستی کەسییان. لە کاتێکدا کە زانیاری لەمەڕ کێشە تەندروستییەکان زیاد دەکات، دەرفەتەکانی تاکەکان بۆ

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کارتێکردنی تەندروستییان لە زیادبووندایە. بەرپرسیارێتی سەرەکی بۆ لایف ستایلە تاکەکەسییەکان دەکەوێتە سەر هەر تاکێك خۆی.

لایف ستایڵ( lifestyle)ێکی تەندروست گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ تەندروستی تاکەکەس. بە شێوەیەکی نەریتی، دەوڵەتی خۆشگوزەرانی سکەندەناڤی بە گرنگیدانی زۆر بە سیاسەتی تەندروستی خۆپارێزانە ناسراوەتەوە. تەندروستی گشتی بۆ پەرەپێدانی ڕاهێنانی فیزیکی کار دەکات بۆ جێگیرکردنی خووەکانی خواردنی تەندروستی بەخش یاخود بۆ وەستاندنی جگەرەکێشان، هەروەها دەبێت خوێندنی تەندروستی لە قوتابخانە درێژەی پێبدرێت بۆ پێکهێنانی بناغەی سیاسەتی تەندروستی لە کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانیماندا. ئەنجامەکانی کاری خۆپارێزی هەموو ساڵێك دەبینرێت وئەمانە بناغەیەکی باش بنیات دەنێن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی تەواوی خەڵك.

کەمکردنەوەی نایەکسانی لە تەندروستی هاوولاتییاندا کرۆکی سیاسەتی تەندروستی سۆسیال دیموکراتە. سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە ئێمە جەخت دەکەینەوە لە بەرپرسیارێتی تاکەکەسی لە کێشە تەندروستییەکاندا، گەیشتنە ئەو ئەنجامە گرنگە کە کەس بۆ نەخۆش کەوتن کۆشش ناکات تەنیا بۆ ئەوەی سوودێکی دەست بکەوێت. پێگەی کۆمەڵایەتی بەردەوام فاکتەرێك دەبێت کە بە باشترین شێوە پێناسەی تەندروستی خەڵکی بکات. خەڵکی کەم



مەکتەبی بیروهۆشیاری

داهات و نەخوێندەوار خراپترین تەندروستییان هەیە، لە کاتێکدا کە ئەوانەی باشترین تەندروستییان هەیە خوێندەوارن و داهاتی زۆریشیان هەیە.

لە کاتێکدا کە تەندروستی فنلەندیەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو باشی چووە، جیاوازییەکانی تەندروستی لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا زیادی کردووە. نایەکسانییەکانی تەندروستی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بێکاری، بێبەریبوونی کۆمەڵایەتی، زیادبوونی نائاسوودەیی دەروونی، خووەکانی جگەرەکێشان و خواردنەوەی ناتەندروست کە لەناو نەخوێندەواران و ئەندامانی گروپە کۆمەڵایەتییە نزمترەکاندا زاڵن.

لە کاتی کەمکردنەوەی نایەکسانی تەندروستیدا، باشکردنی لایف ستایلی خەڵك و پەرەپێدانی لایف ستایلی تەندروست بە تەنیا بەس نیە. پێویستە ئەو ڕێوشوێنانەش بگیرێنەبەر کە نایەکسانی تەندروستی زیاد دەکەن. هەر بۆیە سیاسەتی دامەزراندنی باش، سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ڕێوشوێنی تر بۆ شەڕکردن لە دژی بێبەریبوونی کۆمەڵایەتییش بەشێکن لە سیاسەتی تەندروستی باش.

هاوولاتییانیش بەرپرسن لە خووەکانی خۆیان. بە پێشکەوتنی بواری پزیشکی و مەودای زیادبووی نەخۆشییەکانی شێوازی ژیان، پێویستە ئێمەش مشتومڕ بکەین لەبارەی بەرپرسیارێتی تاکەکەس لەمەڕ تەندروستی خۆی. بۆ نموونە، ئەو کاتەی ڕەچەتەی دەرمان

مەکتەبی بیروهۆشیاری

وەردەگرن، پێویستە خەڵکی ڕێنوێنی کاریگەریان پێبدرێت لەمەڕ لایف ستایڵی تەندروستیتر. پێویستە سیستەمی تێچوونی دەرمان، بە جۆرێکی وەها چاوی پێدابخشێنرێتەوە کە بکرێت سیستەمی بوژاندنەوەی ئەلتەرناتیف ڕەچاو بکرێت بۆ جڵەوکردنی هەڵسوکەوتی خەڵك.

پێویستە ئێمە توانای زیاترمان هەبێت بۆ ئەولەویەت پێدانی شەفاف لە چاودێری تەندروستیدا. ئیمکاناتی زیادبووی تەکنۆلۆژیاکان لە چاودێری تەندروستیدا ڕێگەچارەی زیاتر دەخاتە بەردەم. لە لایەکی ترەوە، لە سیاقی دەرمانە نوێ، گرانبەها و کاریگەرەکاندا، پێویستە حاڵەتی هەر تاکەکەسێك بە وریاییەوە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە بۆ بینینی ئەمەی کە داخۆ کاریگەرییەکە ئەوە دەهێنێت دەرمانی بۆ دابنرێت.

گرفتە تەندروستییە دەروونییەکان بوونەتە جۆری هەرە گرنگی ئەو نەخۆشیانەی کە لاوازییەکی درێژخایەن بۆ کار دروست دەکەن. ئەمانە پەیوەندییان هەیە بە بێبەریبوونی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان. لەناو گرفتە تەندروستییە دەروونییەکاندا، تاکە فاکتەری بەهێز کە دەبێتە هۆی لاوازی بریتییە لە شڵەژان. هەرچۆنێك بێت زاڵی کێشە دەروونییەکان لە سیاسەتی تەندروستی فنلەندیدا بایی پێویست هەڵنەسەنگێنراوە. پێویستە لە ئایندەدا وێڕای چۆنایەتی بەرزی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری، زیاتر سەرنج



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بخرێتەسەر بەرگرتن، پشتگیری هاوشێوە و بنیاتنانی تۆڕەکانی فریاکەوتنی ڕۆژانە. باشترین بەرگرتن لە کێشە تەندروستییە دەروونییەکان لە سیاسەتی گشتی هەمەگیر پێکدێت کە خۆشگوزەرانی سایکۆلۆژی لە هەموو شوێنێکی کۆمەڵگەدا دەگرێتەخۆی.

لە چل ساڵی ڕابردوودا لە فنلەندە ، بەکارهێنانی کحول و ئەو کێشانەی لێیدەکەوێتەوە لە زیادبووندابووە. ئەو فاکتەرە هەرە بەهێزانەی کە کاردەکەنە سەر بەکارهێنانی، بریتیین لە نرخ و هەبوون. لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا جگەرەکێشان پەیتا پەیتا لە کەمبوونەوەدا بووە، ئەمەش لە سایەی یاسای توندوتۆڵتر، زیادبوونەکانی نرخ و زانیاری پەرەسەندوو. بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری ئەوروپا، کێشەی ماددەی هۆشبەر لە فنلەندە ئەوەندە بەرچاو نییە، هەرچەندە بەرەو دۆخی خراپتر دەچێت.

کەمبوونەوەی ئەو کێشانەی کە بە هۆی کحولەوە دروست دەبن گرنگییەکی ناوەندییان هەیە بۆ درێژبوونەوەی ماوەی کارکردنی خەڵکی. ڕێژەی بەرزی مەرگە ناوەختەکانی کەسانی تەمەن ناوەند بە شێوەیەکی تایبەت پەیوەندی بە کحولەوە هەیە و بە زۆری پەیوەندیدارە بە کێشە دەروونییەکانەوە کە تاکە هۆکاری بە هێزە ژیانی کار تێکدەدات. دەتوانرێ کێشەکان بە هۆی زانیاری مۆدێرنەوە کەم بکرێنەوە کە لە ڕێگەی کەناڵ و میدیای نوێوە، لە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ڕێگەی باجی کاریگەر و سیاسەتی بەرپرسانەوە لەمەڕ خزمەتگوزاری و ریکلامی کحول فەراهەم دەکرێت. چاودێریکردنی گەنجان بە تەنیا بەس نیە: بۆ ئەوەی سیاسەتەکە کاریگەر بێت، دەبێت سەرنج بخاتەسەر زۆرینەی گەورە لەوانە بەکارهێنەرانی کحول لە تەمەنی کارکردندا.

ئەوەی کە جێگەی بایەخە بریتییە لەو ڕاستییەی کە ڕەفتاری پەیوەست بە ماددەی هۆشبەری گەنجان خەریکە بە جەمسەر دەبێت. ژمارەی ئەوانەی کە کحول بە هەستی لێپرسراوێتییەوە و بە میانەڕەوی بەکاردەهێنن لەکەمبوونەوەدایە و گروپێك جێگەی گرتووەتەوە کە بۆ سەرخۆش بوون دەخواتەوە و ماددەی هۆشبەری تر بەکاردەهێنێت. لە هەمان کاتدا، ژمارەی ئەو گەنجانەی کە خۆیان دەپارێزن بە بەردەوامی زیاد دەکات. ئەگەر خێزانەکان، NGOکان و قوتابخانە هێزەکانیان یەکانگیر نەکەن و دەست نەخەنە ناو کێشەکەوە ئەوا ئێمە ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە دەبینەوە کە نەوەی گەنجی ئێستا (نەوەیەکی تری بێ کەسایەتی) بێت.

پێویستە دەرمان بۆ بەکاربەرانی ماددەی هۆشبەر و بۆ هەموو ئەوانەش کە پێویستیان پێیەتی بە خێرایی بخرێتە بەر دەست. ئەمە بە باشترین شێوە لە ڕێگەی ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی شارەوانی ڕێکدەخرێت. باشترین چالاکی دژە هۆشبەر، یان بە گشتی دژە خراپ بەکارهێنان لە سیاسەتی کۆمەلایەتی باش



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەڕێوەبراو پێکدێت کە چاودێری ئەوە دەکات کێشەکانی منداڵان بایی پێویست لە کاتی زوودا بناسرێنەوە و گەنجانیش بە زوویی واز لە خوێندن نەهێنن و دەرفەتی بەدەستهێنانی پیشەیەك لە کیس نەدەن، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێبەری نەبن و خۆشی خۆیان لە ماددەی هۆشبەردا نەبیننەوە.

### ٨-١ ژینگەیەکی باش ئاسوودەیی زیاد دەکات

دەشێت هیچ خۆشگوزەرانییەك بەبێ ژینگەیەکی دروست و ئارام لە ئارادا نەبێت. بە زامنکردنی ژینگەیەکی پاك ئێمە کاریگەری دەخەینە سەر خۆشگوزەرانی نەوەکانی ئایندەش. پێویستە گەشەسەندن، لە ڕووی کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و دەستپێوەگرتنەوە زیان نەگەیەنێت. پێویستە خووەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردن بگۆڕێن بۆ بچووککردنەوەی مەترسییە ژینگەییەکان. قبوڵکردنی کۆت و بەندە ژینگەییەکان ئاستی بەکارهێنانی نوێکارییە تەکنۆلۆژییەکان بەرز دەکاتەوە و لێرەوە هانی گەشەسەندن دەدات.

بە بەراورد لەگەڵ گەلێك وڵاتی ئەوروپی، فنلەندە وڵاتێکی دەوڵەمەندە لە بەها سروشتییەکاندا. پیشەسازییە پەیوەندیدارەکانی ژینگە سروشتییەکان و دروستکردنەوە دەرفەتی نوێی کار دەخولقێنن، بە تایبەت لەو بوارانەدا کە دەرفەتی دامەزران تیایاندا کەمە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەو بوارانەی کە دەستێوەردانی خێرایان پێویستە، بریتیین لە حاڵەتی دەریای بەڵتیك و ڕێرەوە ئاوییە فنلەندییەکانی تر. لە ئێستادا، بەفیڕۆچوونی ئاو لە پیشەسازی و دامەزراوە پەیوەندیدارەکاندا بە باشی کۆنترۆڵکراوە. سەرچاوەی هەرە گرنگی دەوڵەمەندکردنی ئاو بە کانزاکان بریتییە لە کشتوکاڵ، کە پێویستە دەردراوەکانی بە شێوەیەکی چالاکانە کەم بکرێنەوە. پێویستە دابینکردنی ئاوی خواردنەوە مسۆگەر بکرێت تەنانەت لە هەلومەرجە ناوازەکانی کەشوهەواشدا. پێویستە بڕیارە پەیوەندیدارەکانی بواری ئاو لە قەڵەمڕەوی گشتیدا بهێڵرێنەوە. بۆ وەستاندنی ئاڵودە کردنی زیاتری دەریای بەڵتیك، هاوکاری لەگەڵ ڕوسیا و دەوڵەتە ئەندامەکانی یەکێتی ئەوروپا پێویستە سەرەڕای گرتنەبەری ڕێوشوێنە نیشتمانییەکان.

لە پارێزگاریکردنی ژینگەییدا، گرنگترین شت پاراستنی مرۆڤەکانە. ژاوە ژاوی بێ سنوور و بە تایبەت دەردراوەکانی ترافیك هەڕەشەیەکن لەسەر ژینگەی ڕۆژانە و تەندروستیمان. بە زیادکردنی چڕی و لێکچوویی قۆنتەرات دەتوانین ڕووبەری ئاوەدانی ئارام و سەرنجڕاکێش دروست بکەین، ڕێگە لە نائاسودەییە ژینگەییەکان بگرین و سەلامەتی و کرداری باشی ڕایەڵەکانی گواستنەوە زامن بکەین. بە لای فنلەندییەکانەوە، کرداری دروستکردنەوە لە ژینگە سروشتییەکاندا گرنگە. پێویستە مافی هەموو کەسێك لەوەدا



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

فەراهەم بکرێت کە کەڵك لە ژینگەیەکی ئارام و سەلامەت و بەروبوومەکەی وەربگرێت.

گۆڕانی ئاو وهەوا پەیوەندی بە زیادبوونی قەتیسبوونی تیشکدانەوەی خۆرەوە هەیە( کاریگەری گەرمخانە)، کە بەهۆی زیادبوونی گازەکانی گەرمخانەوە( greenhouse ) لە فەزادا، تەنکبوونی چینی ئۆزۆن لە بەرگەهەوای سەروودا و تەنە فەزاییەکانەوە پەیدا دەبێت. هەرچەندە تەنیا دەکرێت کاریگەرییە درێژخایەنەکانی گۆڕانی ئاو و هەوا بخەملێنرێن، پێدەچێت ئەنجامەکان ئەوە بخەنەڕوو کە لە ماوەی چەند دەیەیەکی ئایندەدا ئاو و هەواکەمان بە خێراییەکی ناوازە گەرم ببێت. لەبەر ئەوە، پێویستە خۆمان بە کردارێکەوە پابەند بکەین بۆ بەرگرتن لە گۆڕانی ئاو وهەوا.

لە فنلەندە، دەردراوەکانی کاربۆن دیۆکساید بە پێی ڕێژەی تاکەکەسی زۆر بەرزە و زیادیش دەکات. هەرچۆنێك بێت، گۆڕانی ئاو وهەوا بە تەنیا بە هەنگاوی یەکلایەنە و بە فنلەندە ناوەستێنرێت، قورسایی سەرەکی دەکەوێتە سەرشانی یەکێتی ئەوروپا و لایەنە جیهانییەکان. شەڕی ئاو وهەوا پێویستی بەوەیە کە گەشەسەندنی ئەو دەردراوانەی کە کاریگەری گەرمخانەیان لێدەکەوێتەوە بوەستێنرێ و بەرەبەرە کەم بکرێنەوە. پێویستە تەکنۆلۆژیای دەردراو–کەم بە ئامرازە داراییەکان پەرەیان پێبدرێت.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەرکی مرۆڤەکانە کە خۆشگوزەرانی ئاژەڵان چاودێری بکەن کە کەوتوونەتە ژێر هەڕەشەی هەڵپەی قازانجە ماددییەکان. بەرهەمهێنانی گاڕان بەهۆی زیادکردنی یەکەکانی بەرهەمهێنان و ئۆتۆماتکردنی چاودێرییان ، زیادی کردووە. پێویستە ئەو مەرجانەی بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ دانراون توندتر بکرێن و کۆنترۆڵ چالاکتر بکرێت.

### ٨-٢ گەشەپێدانی بێ سنووری پێویستییە تەندروستییەکان

پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای پزیشکی و چۆنایەتی زانین-ی پزیشکی، ژیانی تەندروستتر و درێژتری لێدەکەوێتەوە. هەرچۆنێك بێت، ئەم گەشەسەندنە دیوێکی پێچەوانەشی هەیە. دەرفەتە نوێکان داواکاری نوێش بۆ سەرچاوەکان دەهێنن. بە گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیای چاودێری، ئەو نەخۆشی و نەخۆشانەی کە پێویستیان بە سەرچاوەی زیاتر هەیە بەربڵاوتر دەبن. بە تەمەنداچوونی دانیشتووانیش پێویستی بە خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی زیاتر دەبێت.

سەرچاوەی زیاتر پێویستە بەهۆی ، بۆ نموونە، گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیاکانی بەرگرتن و گەشەسەندنی خێرای ڕێگرتن بەهۆی دەرمانەوە. ئەمە چۆنایەتی ژیان باش دەکات، ژیان درێژ دەکات و پێویستی دەرمانە زۆر گرانەکانیش کەم دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا،



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هەرچۆنێك بێت، ئەمە تێچوونەکانی دەرمان لە چاودێری تەندروستیدا زیاد دەکات.

داواکاری بۆ سەرچاوەکان لە چاودێری تەندروستیدا بە شێوەیەکی کاتی خێراتریش زیاد دەکات تەنانەت زیاتر لە تێکڕای بەرهەمی خۆماڵی، ئەمەش بە هۆی بونیادی دانیشتووانەوەیە لە فنلەندە. هەروەها زیادبوونەکە لە ژێر کاریگەری ناسینەوەی نەخۆشی، هەڵاوسانی تەندروستی و یەکسانی بەرچاوی پەیوەندی نێوان نەخۆش-دکتۆر دایە.

ناسینەوەی نەخۆشی واتە ئەمەی کە چارەسەرە پزیشکییەکان سۆراخی ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و مرۆییانە بکەن کە پێشتر نەناسرابوونەوە و دەکەونە ناو قەڵەمڕەوی پزیشکییەوە. نموونەیەکی ئەمە بریتییە لە دەرمانی تەنهایی تەمەنی پیری لە ڕێگەی دژە شڵەژانەوە ( anti-depressants).

ئەوەی کە پێشتر بە ژیانێکی تەندروست و باش لە قەڵەم دەدرا ڕەنگە ئەمڕۆ بە نەخۆشییەك دابنرێت کە پێویستی بە چارەسەر هەیە. هیواکانی ژیانێکی درێژتر بە بەردەوامی لە گەشەکردندایە. ڕەنگە ئەمە بە هەڵاوسانی تەندروستی ناوببرێت. هەبوونی تەندروستییەکی باش تەنانەت لە ڕێگەی سەرچاوەکانی چاودێری تەندروستیشەوە زۆر و زۆرتری پێویستە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

یەکسانی بەرچاوی پەیوەندی نێوان نەخۆش – دکتۆر و مەودای زانیاری لەمەڕ تەندروستی نەخۆش دیاردەی ئیجابین. لەگەڵ ئەوەشدا، لە م بارودۆخەدا بۆ سیستەمی چاودێری تەندروستی قورسترە کە قەناعەت بە نەخۆشەکان بهێنێت دەرمانێك یا پشکنینێکی تایبەتیان پێویست نییە. لە کاتێکدا کە نەخۆشەکان باشتر زانیاری وەردەگرن، رووبەڕووبوونەوەی بڕیاری پزیشکەکانیش لەمەڕ دەرمان ئاسانترە کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی پابەندە بە کەمی سەرچاوەکانەوە.

زیادبوون لە خیارەکانی دەرمان و داوای خزمەتگوزاریدا بە شێوەیەکی حەتمی خیاری قورسی لێدەکەوێتەوە: سەرچاوە سنووردارەکان چۆن تەرخان بکرێن بۆ کەرتە جیاجیاکانی چاودێری تەندروستی بە جۆرێك کە چاودێری تەندروستی ئەوەندەی بکرێت دادپەروەرانە و کاریگەر بێت.

### ٨-٣ بەرپرسیارێتی هاوبەش وەکو بنەمای چاودێری تەندروستی

لە کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانیدا، گرنگە بۆ سۆسیال دیموکراتەکان کە چاودێری تەندروستی لە سەر بنەمای سیستەمێك بنیاتنرابێت کە بە زۆری لە ڕێگەی پارەی باجی گشتییەوە خەرجییەکەی بکێشرێت کە مانای وایە بارودۆخی دارایی بەکاربەر کار ناکاتەسەر دەستگەیشتن بە چۆنایەتی خزمەتگوزارییەکان.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پێویستە هەموو هاووڵاتییان مافێکی ڕاستەقینەیان هەبێت لە چاودێری پێویست بە بێ لەبەرچاوگرتنی باری داراییان. پێویستە سیستەمەکە لە سەر بنەمایەکی ئەقڵانی، سیاسەتێکی تەندروستی کۆمەکی گشتی بنیاتنرابێت لەبری خزمەتگوزارییەکی دابینکراو لەلایەن بازاڕەوە کە شیاوی هەڵچون و داچونە لە داوا و هەوڵەکانی خستنەبازاڕدا.

هەوڵدان بۆ سیستەمێك کە لە سەر بنەمای بیمەی تایبەتی بێت کەڵکی نییە، چونکە گرانە و کاریگەر نیە. بیرۆکراسییش دەتوانێت فاکتەرێك بێت لە سیستەمەکانی چاودێری تەندروستی تایبەت یان ڕۆنراو لەسەر بنەمای بیمە. لە پشکنینێکی گشتگیردا، ئەو سیستەمانەی دارایی گشتییان بۆ دابینکراوە گەورەترین کاراییان سەلماندووە، بەڵام لەگەڵ کامەرانی زیادبووی دانیشتوواندا ڕووبەڕووی تەحەدای زۆرتر دەبنەوە و بەکارهێنەران داواکارییان زیاتر دەبێت.

پێویستە کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی سەرنج بخاتەسەر ئەو کاریگەرییانەی خۆشگوزەرانی کە دەکرێ هاووڵاتییان لە خزمەتگوزارییەکانەوە بەدەستی بێنن. پێویستە ئامانجی چاودێری تەندروستی، بەرهەمهێنانی سوودەکانی تەندروستی و زیادکردنی توانای کرداری خەڵکی بێت.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

سیاسەتی خۆشگوزەرانی سۆسیال دیموکرات بەم جۆرە ئامانجی سەرەکی چاودێری تەندروستی دادەنێت: بۆ باشکردنی ئاستی تەندروستی دانیشتووان و کەمکردنەوەی نایەکسانی تەندروستی لە نێوان گروپە جیاجیاکانی دانیشتووان، لە ڕێگەی پەرەپێدانی تەندروستی و خۆپارێزی و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان.

ئەوەی کە پێویستە بریتییە لە خزمەتگوزاری خۆپارێزانە کە ئەنجامەکەی سەلماندووە، بۆ نموونە پرۆگرامەکانی بەرگری دروستکردن، دەرمانی تاقیکراوەی زانستی بۆ بەرلێگرتن و بەربەستکردن. پێویستە توانای کرداری دانیشتووانی بەساڵاچوو لە ئێستا زیاتر جێگیر بکرێت.

دەبێت توانای کاری دانیشتووان لە تەمەنی کارکردندا پاڵپشتی بکرێت کە لە ڕێژەدا زیاد دەکات، بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن بۆ ساڵانێکی زیاتر کار بکەن. کۆمەڵگە لەم چرکەساتەدا تێدەکۆشێت بۆ کەمکردنەوەی خانەنشینی پێش وەخت و تێچوونی ڕێژەیی پشت بەستن و چاو لەدەستی. گۆڕانی قوڵی بونیادی تەمەن لە ماوەی چەند دەیەی ئایندەدا تەحەدایەکی گەورەیە بۆ چاودێری تەندروستی پیشەیی. پشکی تەمەنە سەروو پەنجاکانی هێزی کار بە شێوەیەکی بەرچاو لە زیادبووندایە، لە کاتێکدا کە پشکی تەمەنەکانی ژێر ٢٥ ساڵ هەروا نزمە.



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

لە ڕووی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستییەوە، ئامانجی سەرەکی سیاسەتی خۆشگوزەرانی سۆسیال دیموکرات، تەنانەت لە ئایندەشدا، ئەمەیە کە بەشە هەرە لاوازەکانی دانیشتووان چاودێری بکرێن و پێگەیەکی تایبەتیان پێبدرێت لە کاتی ڕێکخستنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستیدا. ئێمە ئامادەین بۆ پێناسەکردنی گروپەکانی دانیشتووان کە پێویستی بە جیاکردنەوەیەکی پۆزەتیڤ هەیە لە ئایندەدا، بۆ وەرگرتنی ڕێوشوێنی پشتگیری یان سیستەمی تایبەت.

بەبێ مامەڵەی تایبەت، ئەم خەڵکانە لە ڕووی چاودێری تەندروستییەوە بە نایەکسانی دەمێننەوە. ئەو گروپانەی کە پێویستیان بە مامەڵەی تایبەت هەیە ئەوانەن کە کێشەی دەروونی درێژخایەنیان هەیە، خەڵکی پیرو پەککەوتە، ئەوانەی کەم ئەندامن، منداڵان، ئەوانەی کە خوویان بەکاربردنی ماددەی هۆشبەرەوە گرتووە و ئەو کۆچبەرانەی کە لە ژینگەی جیا جیاوە دێن، کە ژمارەیان لە زیادبوونە.

## ٨-٤ بەکارهێنانی پێویستی سەرچاوەکان

لە کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەرانیدا، دەتوانرێت خیاری جیاوازی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی لەبەرچاوبگیرێت. سۆسیال دیموکراتەکان ئەوەیان قبوڵە کە چاودێری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

تەندروستی گشتی لە ئاستی جیاجیادا بەهۆی خزمەتگوزاری تایبەتەوە تەواو بکرێت. لە ئایندەدا، ڕێکخراوە گشتییەکان و ئەوانەی کەرتی سێیەم ئەو شێوازانەی کارکردن پەسند دەکەن کە هاوشێوەی ئەوانەی کەرتی تایبەتن.

لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت لە کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەرانیشدا پێویستە چارەسەری بالادەست، کۆمەک و سیستەمی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی گشتی بێت کە لە لایەن هاوولاتییانەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان پشتیوانی دەکرێت. سیستەمێکی گشتیش باشترین ڕێگەیە بۆ زامنکردنی کاری نەخۆشی درێژخایەن و بەکاربەر.

لە کاتێکدا کە خزمەتگوزارییەکان لە کەرتی چاودێری تەندروستی تایبەت کرِدران، پێویستە جەخت بکرێتەوە لەوەی کە خزمەتگوزارییە هەرە خێرا و ئاسانەکان ناگرێتەئەستۆ. نابێت کەرتی گشتی بچوك بێتەوە بۆ سیستەمێکی ئامادەکردن. سۆسیال دیموکراتەکان دەیانەوێت کۆنترۆڵی گشتی بۆ چاودێری تەندروستی بەرقەرار بکەن و گەشە پێبدەن.

لە گەلێك بواری چاودێری تەندروستیدا، کەرتی تایبەت و کەرتی سێیەم خیاری ڕاستەقینە نین تەنانەت لە کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی گشتیشدا. هەرچی پەیوەندی بە خزمەتگوزاری چالاك و بە نرخەوە هەیە، هیچ لایەنێك جگە لە کەرتی گشتی ئامادە نیە دابینی بکات.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەمە، بۆ نموونە، بوارەکانی وەکو چاودێری تەندروستی ئیمێرجێنسی، چاودێری نەخۆشخانە و دەرمانی درێژخایەنی گرانبەها بۆ شێرپەنجە، شێتی و کێشەکانی تەندروستی دەروونیش دەگرێتەوە. بە هەمان شێوە، چاودێری پزیشکی تایبەت کە پێویستی بە بالاترین شارەزایی تایبەت هەیە بوارێکە کەتیایدا کەرتی گشتی بە شێوەیەکی کرداری تاکە بکەرە.

دەشێت کەرتی تایبەت و کەرتی سێیەم تەواوکەری خزمەتگوزارییە تەندروستییە گشتیەکان بن بە تایبەت لە بواری خزمەتگوزارییەکانی پشتگیری چاودێری تەندروستیدا. پێویستە خزمەتگوزارییە تایبەتەکان چۆنایەتییەکی بەرزتر و نیانی و کاراییەکی باشتر لە ئێستا بگرنەخۆ. پێویستە کەرتی سێیەم ڕۆڵێکی چالاك بگێڕێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستیدا. وێڕای ئەمە، بوارگەلێك هەن لە نێوان چاودێری تەندروستی و خزمەتگوزارییە کۆمەلایەتییەکاندا کە تیایاندا بە تایبەت خزمەتگوزارییەکانی کەرتی سێیەم و بگرە ئەوانەی کەرتی تایبەتیش داواکاری بەرچاویان لەسەرە. پێویستە ئێمە بناغەی دارایی پێویست زامن بکەین بۆ ئەو تۆژینەوە و خوێندنەی لە نەخۆشانەکانی زانکۆدا کاری لەسەر دەکرێت.

بە تێکڕا، شارەوانییە فنلەندییەکان زۆر بچوکن. لەگەڵ ئەوەشدا، بە چاوپۆشیکردن لە قەبارە و باری دارایی، هەر شارەوانییەك هەمان

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ئەرك و هەمان بەرپرسیارێتی هەیە بەرانبەر خزمەتگوزارییەكانی چاودێری تەندروستی.

پێویستە خزمەتگوزارییەكانی چاودێری تەندروستی لەلایەن ئەو یەكانەوە بەرهەم بهێنرێن كە لە شارەوانییە هەنووكەییەكان گەورەترن. ئەمە پێویستی بە وتوێژی گشتگیر هەیە لەمەڕ بونیادی شارەوانییەكانی فنلەندە و پێویستە ئەو رووبەرە جوگرافییەی بەرپرسە لە چاودێری تەندروستی بە شێوەیەكی بەرچاوتر لە ئێستا فراوان بكرێن. ئەمەش دەكرێت چ لە رێگەی هاوكاری نزیكی نێوان شارەوانییەكان یان بە گەورەتركردنی شارەوانییە دەركەوتووەكان ئەنجام بدرێت. لەم رێگەیەوە، كەرتی شارەوانی دەسەڵاتی زیاتری دانوستان بەدەست دەهێنێت، كاتێك كە خزمەتگوزارییەكانی چاودێری تەندروستی لە كەرتی تایبەت دەكڕێت. پێویستە نەخۆشخانە ناوەندییەكانیش لە شێوەی جیا جیای چارەسەركردندا بە تایبەت بكرێن بۆ ئەوەی تەكنۆلۆژیای گرانبەهای نەخۆشخانە و شارەزاییە پیشەییە تایبەتییەكان چالاكانەتر سوودیان لێوەربگیرێت.

لە بری سەدان شارەوانی بە توانا و سەرچاوەی بەرفراوان و هەمەڕەنگ، پێویستە لێپرسراوێتی رێكخستنی خزمەتگوزارییەكانی چاودێری تەندروستی بدرێتە كیانە شارەوانییە گەورەترەكان، دەسەڵاتە نێوان شارەوانییەكان و كەرتی نەخۆشخانەكان. ئەم رێكخستنانە نایەكسانی لە خزمەتگوزارییەكانی چاودێری تەندروستی



مەكتەبی بیر و هۆشیاری

لەرووبەرە جیا جیاكاندا كەم دەكەنەوە و كۆنترۆڵی سیاسی چاودێری تەندروستی چاك دەكەن و روونی دەكەنەوە.

بناغەی دارایی هەنوكەیی چاودێری تەندروستی پشت بە چەند سەرچاوەیەك دەبەستێت: دارایی شارەوانی لە ناوەند داماڵراو، هاوبەشی نەخۆش، كۆمەك لە بیمەی تەندروستی نیشتمانی-یەوە، هەروەها هاوبەشی خاوەن كار لە چاودێری تەندروستی پیشەییدا.

سیستەمی فرە كەناڵی دارایی، هەم قازانج و هەم زیانیشی هەیە. ئەمە كۆنترۆڵ و هەماهەنگی نێوان خزمەتگوزارییەكان قورستر دەكات. دەسكەوتنی دیدێكی گشتگیر لەمەڕ سیستەمی دارایی كارێكی قورسە و بڕیارە پەیوەندیدارەكانی چاودێری تەندروستی بە بێ رەچاوكردنی پێویستی بەشی زۆر و بە نیەتی گواستنەوەی بەشێك لە بەرپرسیارێتی بۆ بكەرانی تر، دەدرێن.

جیاوازییەكانی نێوان تەندروستی گروپە كۆمەڵایەتییە جیاوازەكان هەروا بە شێوەیەكی ناوازە لە فنلەندە فراوان دەبێت. بە شێوەیەكی رێژەیی، ئەوە سیستەمی دارایی فرە كەناڵ و هاوبەشی زۆری نەخۆشە لە تێچوونی خزمەتگوزاری و دەرمان كە كاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی بەكارهێنانی خزمەتگوزارییەكانی چاودێری تەندروستی لەنێوان گروپە كۆمەڵایەتییە جیاوازەكاندا.

بە گشتی، چاودێری تەندروستی لە فنلەندە بێ سنوور باش كار دەكات و بە هاوبەشی لەلایەن كارمەند و خاوەنكارەوە پارەی بۆ

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دابین دەکرێت. چاودێری تەندروستی پیشەیی نزیکەی ٨٠٪ی هەموو کارمەندان دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دۆخەکە، بە لەبەرچاوگرتنی خەڵکی ناو کاری نموونەیی، کۆمپانیا بچوکەکان و هەندێ لە کەرتەکان، جێگەی ڕەزامەندی نیە، بۆ نموونە لە کەرتەکانی بنیاتنانەوە و گواستنەوەدا.

سۆسیال دیموکراتەکان تێدەکۆشن بۆ سیستەمێکی دارایی کە ئەوەندەی بکرێت  ڕۆشن و کارا بێت و تیایدا کارایی ڕێژەیی بە فیرۆدەر و گرانبەها جێگەی بۆ کۆی ئابووری سیستەمی چاودێری تەندروستی چۆڵ دەکات. پێویستە سیستەمی داراییش ئەو تێچوونانە بناسێتەوە کە بە هۆی چاوەڕوانیکردنی دەرمان، بووژانەوە و خانەنشینییەوە دروست دەبن.

پێویستە سیستەمی دارایی فرە کەناڵ زیاتر گەشەی پێبدرێت و ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکانی، سۆراخ بکرێن. ڕەنگە ئەمانە، بۆ نموونە، بەندوباری ڕوون و ئاشکرا  لەمەڕ دابەشبوونی ئەرکەکان لەنێوان شارەوانییەکان و دامەزراوەی بیمەی کۆمەڵایەتی و ئاگایی باشتر لەمەڕ کاریگەری کۆی تێچوون بگرنەخۆ.

ئەگەر سیستەمی دارایی هەنوکەیی بەرقەرار بکرێت، ئەوا کۆمەڵگە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی باجەوە بەردەوام دەبێت لە پیادەکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی. خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی گشتی بەهۆی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سیستەمەکانی چاودێری تەندروستی پیشەیی و قەرەبووی خەرجی پزیشکی تەواو دەکرێن کە لە بیمەی تەندروستی نیشتمانی–دا بەرقەرار کراوە. ڕەنگە قەرەبووەکان سوود بە بەشێکی زۆری دانیشتووان بگەیەنن، چونکە خەڵکی لە هەموو ئاستەکانی داهاتدا، وەری دەگرن.

دەشێت کێشەکانی سیستەمی دارایی فرە کەناڵ لە ئایندەدا ڕێگەیان لێبگیرێت لەڕێگەی ڕوونکردنەوەی دابەشکردنی ئەرکەکان لەنێوان کەرتە جیاوازەکان و بە زیادکردنی ئاگایی و لێپرسینەوە و لەبەرچاوگرتنی کاریگەری ڕێوشوێنی جیاجیا  بۆ کۆی تێچوونەکانی چاودێری تەندروستی.

## ٨–٥ سنووردارکردنی تێچوونی دەرمان

تەنانەت لە ئایندەشدا، دەشێت سیستەمی خزمەتگوزاری دەرمان بەو ڕاستییە بناسرێتەوە کە گەشەسەندن و بەرهەمهێنانی دەرمانسازی بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای هاوردە دەبێت و، هەروەکو سیستەمی دابەشکردنی دەرمانی دەرەوەی نەخۆشخانە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە ڕێبەری دەکرێت. کۆششی تایبەت بۆ قازانج  ژمارەیەك خاڵی نێگەتیڤی دروستکردووە. دەرمانە نوێکان لە نرخێکی تەواو بەرزدان و تۆژینەوەکانی کۆمپانیا دەرمانسازییەکان و بەتایبەت ڕاپۆرتەکانی تۆژینەوە زیاتر لە کۆششەی خزمەت بە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیا ئاراستە دەکرێن نەك نەخۆش یان تەندروستی گشتی. خستنەبازاڕی دەرمانسازی کەرداری ڕەچەتەنوسینی نائەقڵانی لێدەکەوێتەوە. بەرژەوەندییە داراییەکانی کۆمپانیاکان دەبنەهۆی نەخەملاندنی کاریگەرییە نەخوازراوەکانی دەرمانەکان.

ئەو دەرمانە نوێیانەی کە دەخرێنە بازاڕەوە هەمیشە نرخی بەرزتریان لەسەر دادەنرێت لە چاو ئەوانەی کە هەن، سەرەڕای ئەو کۆنترۆڵەی کە لە لایەن دەستەی دانانی نرخی دەرمان-ەوە پیادە دەکرێت. ئەمە نرخی دەرمانی بەرز کردووەتەوە و هەروەها تێچوونەکانی دەرمان خێراتر لە تێکڕای بەرهەمی خۆماڵی و تێچوونەکانی تری چاودێری تەندروستی، بەرز بوونەتەوە. سیستەمی دەرمانخانەی تایبەت لە فنلەندە تا ڕادەیەك گرانە، بۆ نموونە بە بەراورد لەگەڵ سیستەمی گشتی لە سوید. نرخەکانی دەرمان بە دەستە لە فنلەندە گونجاون، بەڵام نرخی تاك زۆر بەرزە. لە ئایندەی نزیکدا، پێویستە ئامرازگەلێك بدۆزرێنەوە بۆ باشکردنی ئابووری سیستەمی دابەشکردن.

هەرچەندە بڕیارە پەیوەندیدارەکانی سیاسەتی دەرمان لە گۆڕاندان یاخود هەنوکە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دراون، هێشتا سیاسەتی نەتەوەیی دەرمان کاریگەری هەیە لەسەر گەشەسەندنی سیستەمی خزمەتگوزاری دەرمان. دەکرێ کۆنترۆڵی نرخەکانی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەرمان چاك بکرێت. دەشێت ڕاگەیاندنی پەیوەست بە کاریگەرییە نەخوازراوەکانی دەرمان باش بکرێت، ئەو داتایەی تۆژینەوە کە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بەرهەم دەهێنرێت و لای دەسەڵاتەکان هەیە دەکرێ چالاکانەتر بگوازرێتەوە بۆ پزیشکە کلینیکییەکان.

دەکرێ چاودێریکردنی خستنەبازاڕی دەرمان چاك بکرێت. دەکرێ پۆلێنەکانی تێچوونی دەرمان و ئەو دەرمان و نەخۆشییانەی دەیانگرتنەخۆ چاویان پێدابخشێنرێتەوە بۆ ئەوەی واتای زانینی پزیشکی هەنوکەیی و تێگەیشتنی گشتی لە گرنگی هەر نەخۆشییەك باشتر بگەیەنن.

پێویستە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، هەوڵ بخرێنەگەڕ بۆ دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێك بۆ سیستەمی ئیمتیازی هەنوکەیی بۆئەوەی گەشەسەندن و بەرهەمهێنانی دەرمان باشتر بکرێت بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی تەندروستی گشتی.

## دەرەنجامەکان:

١- ئامانجی چاودێری تەندروستی بریتییە لە بەرهەمهێنانی قازانجی تەندروستی و زیادکردنی توانای کرداری خەڵك. ئامانجە سەرەکییەکان باشکردنی ئاستی تەندروستی دانیشتووانە بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانی لە تەندروستیدا لە نێوان گروپەکانی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دانیشتوواندا له ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی و بەرگرتن له بەکارهێنانی دەرمان بۆ نەخۆشییەکان.

٢- پێویسته له ئاییندەدا وەبەرهێنانی زیاتر بکرێت له سیاسەتی تەندروستی خۆپاراستندا. تەندروستی گشتی کار دەکات بۆ جێگیرکردنی خووەکانی خواردنی تەندروستی، وازهێنان له جگەرەکێشان و بەرگرتن له کێشەکانی ماددەی هۆشبەر، وێڕای ئەمە، پەروەردەی تەندروستی درێژەی دەبێت بۆ پێکهێنانی بناغەی سیاسەتی تەندروستی له کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی ئێمەدا. پرۆگرامێکی نیشتمانی بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی پێویسته. ئەنجامەکانی کاری خۆپاراستن هەموو ساڵێك دیار دەبێت و بنەمایەکی باش دابین دەکات بۆ تێکڕای بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی گشتی.

٣- هاووڵاتییان خۆشیان بەرپرسن له لایف ستایلی خۆیان. لەگەڵ گەشەسەندنی دەرمان و ئاسۆی فراوانتری ئەوەی که به نەخۆشییەکانی لایف ستایل ناو دەبرێت، پێویسته خەڵکی هان بدرێن بۆ پەسندکردنی لایف ستایلی تەندروستیتر. له ئاییندەدا، دەبێت چاودێری تەندروستی سەرنج بخاته سەر پشتگیری و یارمەتیدانی خەڵکی بۆ گۆڕینی شێوازەکانی ژیانیان.

٤- پێویسته ئەولەویەتدان به چاودێری تەندروستی شەفافتر بێت لەوەی ئێستا. دەبێت بڕیاردانی پەیوەست به چاودێری



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

تەندروستی کراوەتر، شەفافتر و دیموکراتیتر بێت و نابێت ئەولەویەتی چاودێری کاربکاتەسەر مافی یەکسانی هاووڵاتییان.

٥- بنەمای چاودێری تەندروستی بەهۆی سیستەمێکەوە پێکدێت که به شێوەیەکی سەرەکی له سامانی باجی گشتییەوە پارەی بۆ دابین دەکرێت شانبەشانی خزمەتگوزارییە هەمەگیرەکان، واته باری دارایی بەکاربەر کارناکاته سەر ڕادەی دەستپێگەیشتنی. تەنانەت له ئاییندەشدا پێویسته سیستەمەکه لەسەر بنەمای سیاسەتێکی تەندروستی ئەقڵانی بنیات بنرێت که لەلایەن کەرتی گشتییەوە پارەی بۆ دابین دەکرێت و ڕێکدەخرێت له بری خزمەتگوزاری دابینکراو لەلایەن بازاڕەوە که پەیوەسته به هەڵچون و داچونی داواکاری و خستنەبازاڕ.

٦- ئامانجێکی جەوهەری چاودێری تەندروستی چاودێریکردنی گروپە هەرە لاوازەکانی دانیشتووان و زامنکردنی ئەمەیه که پێگەیەکی تایبەتیان هەبێت له دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستیدا. ئەو گروپانەی پێویستیان به چارەسەری تایبەته، ئەوانەن که کێشەی تەندروستی دەروونی درێژخایەنیان هەیه، خەڵکی به تەمەنن، کەم ئەندامن، منداڵان، ئەوانەی که کێشەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەریان هەیه و ئەو کۆچبەرانەش که له ژینگه و کەلتووری جیا جیاوه دێن و ژمارەشیان له زیادبووندایه. له دابینکردنی چاودێری تەندروستی بۆ ئەم گروپانە،

پێویستە سەرنجی تایبەت بخرێتە سەر بوژاندنەوەی دەروونی–کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی زانیاری لەیەکچوو و تاقیکاری.

٧– دەبێت لێپرسراوێتی سەرەکی دابینکردنی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی بکەوێتە ئەستۆی کەرتی گشتی، کە دەکرێ خزمەتگوزاری تایبەتی کارەکە تەواو بکات. دەشێت بەرهەمهێنانی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی کەڵك لە بەیەکداچوونێکی بەرجەستەی دابینکردنی گشتی و ئاستە جیاجیاکانی دابینکردنی تایبەت وەربگرێت بەبێ کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر چۆنایەتی. ئەگەر خزمەتگوزارییەکان لە کەرتی چاودێری تەندروستی تایبەت کرٍدران، دەبێت چاودێری ئەوە بکرێت کە تەنیا خزمەتگوزارییە ئاسانتر و خێراترەکان بەڕێوەنەبات. نابێت کەرتی گشتی بچوك بکرێتەوە بۆ سیستەمێکی دابینکردن و هیچی تر. نابێت بەتایبەتکردن تەگەرە لەبەردەم کۆنترۆڵی گشتی بۆ چاودێری تەندروستی دابنێت.

٨– لەبری سەدان شارەوانی بە سەرچاوە و هەلومەرجی هەمەڕەنگ و فراوانەوە، دەبێت لێپرسراوێتی ڕێکخستنی چاودێری تەندروستی بگوازرێتەوە بۆ کیانە گەورەترەکانی شارەوانی، دەسەڵاتە نێوان شارەوانییەکان و قەڵەمڕەوی نەخۆشخانەکان. پێویستە گەشەپێدانی ڕووبەرەکانی چاودێری تەندروستی هەمەگیریش درێژەی پێبدرێت. ئەم ڕێکخستنانە نایەکسانی جوگرافی



لە دابینکردنی چاودێری تەندروستیدا کەم دەکەنەوە و بەڕێوەبردنی سیاسی چاودێری تەندروستی چاك دەکەن و ڕوونیدەکەنەوە.

٩– پێویستە سیستەمی دارایی فرە کەناڵ زیاتر بەرەوپێش ببردرێت و سۆراخی ڕێگەچارە بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی. خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی گشتی بەهۆی سیستەمەکانی چاودێری تەندروستی پیشەیی و قەرەبووی خەرجی پزیشکی لەناو بیمەی تەندروستی نیشتمانی–دا تەواو دەکرێن. کێشەکانی سیستەمی دارایی فرە کەناڵ لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی دابەشینی ئەرکەکانی نێوان بکەرە جیاجیاکان و زیادکردنی ئاگایی و بەرپرسیارێتی بەرانبەر کاریگەری ڕێوشوێنە جیاجیاکان بۆ کۆی تێچوونی چاودێری تەندروستی، بەربەست دەکرێن.

١٠– لەگەڵ زیادبوونی بەکارهێنانی داو و دەرمان، پێویستە چاودێری لەسەر نرخەکانیان باش بکرێت و پێشبڕکێ پەرەی پێبدرێت. دەبێت ڕاگەیاندن لەمەڕ کاریگەری نەخوازراوی دەرمان پەرەی پێبدرێت. پێویستە تۆژینەوە و چاودێری کاریگەری و ساخڵەمی دەرمان و چارەسەر چاك بکرێن، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتی ئەو گروپانەی کە بەکاری دەهێنن، واتە منداڵان و بەساڵاچووان.

١١– خاڵی دەستپێکی سیاسەتی باجدانان بریتییە لە زامنکردنی بناغەیەکی گونجاوی دارایی بۆ خزمەتگوزارییەکان و

مەکتەبی بیر و هۆشیاری



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

گواستنەوەکانی داهاتە کۆمەڵایەتیەکان. پێویستە باجدانان ئەوەندەی بکرێت پشتگیری گەشەی ئابووری و دامەزراندن بکات.

١٢- بۆ بەرگرتن لە ڕێژە بەرزەکانی باج کە لادان دروست دەکەن، پێویستە کۆشش بۆ بناغەیەکی باجی فراوان بکرێت. پێویستە بناغەی باج فراوان و بەهێز بکرێت بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژە نەگۆڕەکانی باج.

١٣- پێویستە باجەکانی سەر کۆمپانیاکان لە هەموو بارێکدا لە ئاستێکی پێشبڕکێی نێودەوڵەتیدا بهێڵرێنەوە.

١٤- پێویستە باجدانان ریفۆرم بکرێت بۆ نەهێشتنی نایەکسانییەکانی داهات و سامان.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)

## ٢٠٠٧ - ٢٠٠٨

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١٠. | عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١١. | تیرۆرو سەقامگیری سیاسیو چەند لێکۆڵینەوەیەکە تر | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١٢. | کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشتیار/ مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢١٣. | دەستورو ژن | و: کامیل محەمەد قەرەداخی | ٢٠٠٧ |
| ٢١٤. | ژان ژاك رۆسۆ | کاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| ٢١٥. | مبدآ الفصل بين السلطات و وحدتها | القاضي / لطيف مصطفى أمين | ٢٠٠٧ |
| ٢١٦. | بنچینەکانی کورد | ن. ڤلادیمێر مینۆرسکی<br>و. نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢١٧. | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | کارزان محەمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢١٨. | کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا | گۆران ساڵح | ٢٠٠٧ |
| ٢١٩. | زمانە فەرمیەکان | تاریق جامباز | |
| ٢٢٠. | ئەنفالو دادگا | سالار مەحمود | ٢٠٠٧ |
| ٢٢١. | نۆڤین _ ١٠ _ | ـ | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٢. | الكرد | د.نوری تاڵەبانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٣. | هەڵۆی سوور (چاپی دووەم) | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٤. | مام جەلال | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٥. | المدخل الى القانون الدولي الانساني | جبار سعيد محي الدين | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٦. | الكُرد اليوم | ت: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٧. | سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا | و: ئاوات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٨. | ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٩. | ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان | و. کارزان عومەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٠. | تیرۆر | هیمداد مەجید عەلی | ٢٠٠٧ |



مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٣١. | گەنجە کوردەکان | فەرهاد پیرباڵ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٢. | بەعسیزم و کورد | سۆزان کەریم مستەفا | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٣. | بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان | محەمەد فاتح | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٤. | شاری کەرکوك | پشکۆ حەمە تاهیر | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٥. | میرعەبدال خانی بدلیس | بوار نورەدین | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٦. | فەلسەفە ـ ڕۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم | و. شوان ئەحمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٧. | عێراق، قەیرانی ئاسایشو ستراتیژێتیو بنیاتنانەوەی | فەرزەند شێرکۆ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٨. | نۆڤین ژمارە ـ ١١ ـ | - | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٩. | الحقوق السياسية للكورد فى الدول التى تضم كردستان | ليلاف حمد أمين عزيز | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٠. | مێژووی شۆڕشی ڕوسیا | لیۆن ترۆتسکی<br>و. عەزیز ئالانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤١. | دەروناسی جەماوەری فاشیزم | ویلهلم رایش<br>و. هەژار جوانڕیی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٢. | جاش و جینۆساید | مەحمود سەنگاوی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٣. | زارا ـ عەشقی شوان | محەمەدی قازی<br>و. عەزیز گەردی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٤. | پوختە باسێك دەربارەی سۆسیال دیموکراتی | زانا | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٥. | تأريخ تركيا المعاصر | ت. د. هاشم صالح تكريتي | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٦. | لەگۆڕەپاندا | و. ساروز ئەفروزی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٧. | نۆڤین ـ١٢ـ | ـ | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٨. | المنطقة المتنازع عليها | د.خليل اسماعيل محمد | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٩. | فەلسەفەی سۆسیال دیموکراتی | د. حەمید عەزیز | ٢٠٠٧ |
| ٢٥٠. | سۆسیال دیموکراتی | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٥١. | هەرێمی کوردستان و تورکیا | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٢. | پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠٠٨ |
| ٢٥٣. | جلال طالباني رجل القرار | حوار الفضائية العراقية | ٢٠٠٨ |

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٢٥٤ | لەکییە هاردیەوە بۆ گۆردن براون | سلێمان عەبدوڵڵا | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٥ | دەسەلاتی دادوەری | گۆران ئازاد حمە گەمحان | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٦ | جەنگی دەرونی | ئاراس فەریق زەینەڵ | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٧ | كركوك بموجب احصاء عام ١٩٥٧ | قسم البحوث واستطلاعات الرأي | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٨ | مام جەلال جێگری سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال (ی. ن. ك) ئەندامی هەمیشەیی | مەکتەبی بیروهۆشیاری | ٢٠٠٨ |
| .٢٥٩ | گۆڤاری نۆڤین ـ ١٣ ـ | - | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٠ | پرۆژەی قانونی بەگژدا چونەوەی گەندەڵی | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٨ |
| .٢٦١ | دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | د. ئەنوەر محەمەد فەرەج | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٢ | كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط | تأليف: فاضل رسول<br>ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٣ | ئاشنا بوون بە سۆسیال دیموکراتی | کارزان کاوسێن | ٢٠٠٨ |
| .٢٦٤ | جیهانێکی دادپەروەر شیاوە | کارزان کاوسێن | ٢٠٠٨ |

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.